د. شاكر السعيد

# زانستی
# پێڕستو دۆکۆمێنتاری

یاسین قادر بەرزنجی
لەعەرەبییەوە کردویەتی بەکوردی

بەهاوکاریی
ساکار عەلی عەبدوڵڵا

سلێمانی / ٢٠١٠

٠٢٠

س ٩٢٤ ئەلسەعید، شاکر

زانستی پێڕستو دۆکۆمێنتاری/ نووسینی شــاکــر ئەلسەعید؛ وەرگێڕانی

یاسین قادر بەرزنجی، ساکار عەلی عەبدوڵڵا.ــ: سەردەم،٢٠١٠

١٦٥ل: ٢٣×١٦سم.ــ

١ــ کتێبخانە، زانست ٢ــ بەرزنجی، یاسین قادر (وەرگێر)

٣ــ ساکار عەلی عەبدوڵڵا (وەرگێری بەشدار) ٤ــ ناونیشان

ناوی کتێب: زانستی پێڕستو دۆکۆمێنتاری

ناوی نووسەر: د. شاکر السعید

وەرگێڕانی: یاسین قادر بەرزنجی بەهاوکاریی ساکار عەلی عەبدوڵڵا

بابەت: زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان

چاپ: چاپی یەکەم

تایپو هەڵەبڕی: بەهرە عیزەدین

نەخشەسازیی: مەهدی ئەحمەد قادر

دیزاینی بەرگ:

چاپ: چاپخانەی سەردەم

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپار دن: ٢٧١٦ی ساڵی ٢٠١٠ی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

نرخ: (      ) دینار

# وتەیەك بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە

یەك لەو بابەتانەی تا ئەم ساتە لە کتێبخانەی کوردیدا بەهەژاری ماوەتەوە، زانستی کتێبخانەو زانیارییەکانە، کە لەجیهاندا بایەخی پێویستی پێدراوە، تەنانەت لە کتێبخانەی دەوڵەمەندی عەرەبیدا گەلێ سەرچاوەی گرنگی سەر بەو زانستە، دەبینرێن.

بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کتێبخانە (بەگشتییەکانو تایبەتمەندو فەرمیو قوتابخانەو پەیمانگاو زانکۆکان)ەوەو بوونی دوو بەشی زانیارییەکانو کتێبخانە لە هەردوو پەیمانگای تەکنیکی هەولێرو سلێمانیو بەخششی بەرچاوی دامو دەزگاکانی چاپو بڵاوکردنەوە لەکوردستانداو زۆریی ئەرشیفی دەزگاکانی میدیاو رۆژنامەوانیی، دەخوازن گەلێ کتێبی گرنگ لەم بوارەدا بێنە بەرهەم.

ئێمە لای خۆمانەوە، وەك کارمەندی خاوەن ئەزموونی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، ئەم کتێبە وەرگێڕراوە پێشکەش بە کتێبخانەی کوردیو سەرجەم کارمەندی کتێبخانەکانو خوێندکارانی ئەو بوارە دەکەین، هیوادارین دیارییەکەمان بەدیهێنەری راستییە ئاماژە بۆکراوەکانو مەبەستەکەی ئێمە بێت.

لێرەدا پێویستە سوپاسی هاوکارم (خاتوو ساکار) بکەم بۆ یاریدەدانم لە وەرگێڕانی کتێبەکەدا، بەتایبەت کە یەکێکە لە دەرچووانی بەشی (زانیارییەکانو کتێبخانە)و دەیان پەرەگرافو دەستەواژەو وشەی بەرامبەر؛ بەهاوکاریی بەڕێزی کراونەتە کوردیو راست کراونەتەوە.

دووبـاره پێویـستە ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکـەم کـە هەنـدێ کورتکردنـەوە لـە بابـەتو نموونەی بەشەکانی ئەم کتێبەدا کراون کە بڕوامان وا بووە جۆرە درێژدادڕییەك بوون لە داڕشتنیاندا.

جێی ئاماژەیە کە ئەم کتێبە سەرچاوە عەرەبییەکەی بریتییە لە:

**(علم الفهرسة والتوثيق، تأليف د. شاكر السعيد، عمان: دار اسامة للنشرو التوزيع و دار المشرق الثقافي، الطبعة الاولى،٢٠٠٦).**

بەهیوام ئایندە هەر لەم بوارەی (زانیارییەکانو کتێبخانە)دا بەرهەمی تر پێشکەش بە کتێبخانەی نەتەوەکەم بکەم.

**یاسین قادر بەرزنجی**

**سلێمانی/ کانوونی یەکەمی ٢٠١٠**

# پێشەکی نووسەر

زانستی پێڕستو دۆکۆمێنتاری زانستێکی نوێ نییە، بەڵکو زانستێکی دێرینەو بەدوای زانستە مرۆییەکاندا هاتووە، توێژەرو مێژووونووسانو نووسەرە یەکەمەکان؛ دانراوەکانی خۆیان پۆلێن کردوە، لەناو ئەوانیشدا بەشێکی زۆریان سەرقاڵی بابەتی پێڕست بوون، چەند دانراوێکیش خراونەتە بەرچاو کە هەڵگری ناوەرۆکی راستەقینەی پێڕستی نوێ بوون.

بەڵام فەرهەنگو ئینسایکلۆپیدیا مێژووییە گەورەکان بەتەنیا پێڕستی کتێبی دیاریکراو بوونو نەگەیشتوونەتە ئاستی پێڕستو دۆکۆمێنتاریی هاوچەرخو پێشکەوتوو، دەبێت (ابن الندیم) لەنووسینی پێڕستدا لەکۆتاییەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی دا کۆنترین نموونەی ئەم بوارە بووبێت.

ئێمە دەزانین کە پێڕست جێگایەکی تایبەتی هەیە لە زانستی کتێبخانەکانو دۆکۆمێنتاریو زانیارییەکاندا، چونکە ئامانجی کۆنترۆڵی زانیاری مرۆییو پێشکەش کردنێتی بە خەڵكو خوێنەرانو توێژەران بەشێوەیەکی سیستماتیك، تاوەکو سوودەکەی ورترو هاوکات فراوانتریش بێت.

لەو روانگەیەوە، کە گرفتی زۆر رووبەرووی کتێبخانەو سەنتەری زانیارییەکان دەبنەوە، بەتایبەت لەرووی هونەریو رێکخستنەوە، هەربۆیە پێویستی کردوە کە گەشە بە بەرنامەو کارە هونەرییەکان بدرێت تاوەکو لەگەڵ گەشەی زانیارییەکاندا بگونجێنرێنو بگەنە میتۆدی نوێو داهێنراوی ئەوتۆ کەوا بەکارهێنانیان ئاسان بێتو هەروەها (کات) لەبەردەم سەرجەم خوێنەرانو بایەخدارانو پسپۆڕاندا کورت ببێتەوە.

**لەم کتێبەدا هەموو ئەو شتانە هەن کە ئارەزوومەند دەیەوێت بە هۆیانەوە زیاتر لەزانستەکە فێربێت، هەر لەچەمکی زانستی پێڕستەوە تا بابەتەکانی تر: پێڕستی وەسفی، شێوەکانی پێڕستو جۆرەکانیانو سوودیان، دەروازەو شێوەکانی، هەروەها پێڕستی بابەتیو کارتی پێڕست، لەگەڵ بنەماکانی ڕێکخستنی دەروازە لە پێڕستەکانداو ئامادەکردنی پێڕست لەژینگەی ئەلیکترۆنیدا.**

د. شاکر السعید

# بەشی یەکەم

# زانستی پێڕست



**مانای زانستی پێڕست:**

زانستی پێڕست، ئەو زانستەیە کە نـاوی سـەرجەم کتێـب، یـان زانـستەکان، یـان نووسـەرانی تێـدا کۆدەبێتـەوە، لەلایـەکی تریـشەوە زانیـاریو بابەتـەکان بەشـێوەی جۆراوجۆر یەك دەخات، لەگەڵ ڕیزبەندییان بەشێوەی تایبـەت، تـاکو مـرۆڤ بتوانێـت لەکاتی بەدواداچوونی پرۆگرامی تایبەت بەپێڕست، سوودیان لێ وەربگرێت.

**چەمکی پێڕست:**

سەبارەت بەپێڕست، (**الليث**) وتویەتی:

ئەو کتێبەیە کـە هـەموو کتێبـەکان کۆدەکاتـەوە، هـەروەها وتویـەتی: عـەرەبیی پوختو رەسەن نییە، بەڵام بەعەرەبی کراوە، یاخود "عەرەبێنراوە"...

پێڕسـت، بەرهـەمی پرۆسـەی پێڕسـتکردنە، وشەکەشـی عـەرەبی نییـە، بـەڵکو لەوشەی (فهرست)ی فارسـییەوە وەرگـیراوە، واتـای (لیـستی کتێـب)، یـان (لیـستی بابەتەکانی کتێب) دەگەیێنێت.

**ابن النديم** ساڵی ٩٨٧ی زایینی ئەو زاراوەیەی بەکارهێناوە، ئەو کاتەی کتێبێکـی بەناوی (كتاب الفهرست) ناونـاوە، هەرچـۆن پێناسـەی پێڕسـت لەفەرهـەنگی (لـسان العرب)دا بەو کتێبە هاتووە کە ناوی کتێبەکانی تێدا کۆدەکرێتەوە[(١)].

لـە(**قطـر المحـيط**)دا پێناسـەی فـراوانتر بـۆ زاراوەکـە کـراوەو وتـراوە "پێڕسـت نووسـین"، واتـا ئـەو کـارەی پێڕسـتی هـەبێت، پێڕسـتیش کتێبێکـە تیایـدا نـاوی کتێبەکانی تێدابێ، لەسـەرەتایەوە یـان لـە کۆتاییـدا ئامـاژە بـە هـەموو بەشـەکانو بابەتەکانیان دەکرێت تاوەکو هەر شتێ خوازیار بێ، بە ئاسانی بدۆزرێتەوە[(٢)].

---

(١) لسان العرب، ج٦،ص١٦٧.

(٢) قطر المحيط، ج٢،ص١٦٣٢.

بەمانەدا دەردەکەوێ کەوا چەمکی پێڕست لەکۆندا یەك لە واتاکانی لیستی ناوەرۆکی کتێب بووە (Table of contents)، دیارە جیاوازییەکەش زۆرە لەگەڵ ئەو واتایەدا.

هەرچۆن پێناسەش دەکرێت بە (لیستی کتێبو بابەتی کتێبخانەیی دیکە کە بەپێی سیستمی دیاریکراو ڕێکخرابن)، یاخود (لیستێکە بۆ تۆمارو پۆلێنو بەدیارخستنی ژمارەیەکی دیاریکراو لە کتێب، یان کتێبخانەیەکی دیاریکراو، یاخود چەند کتێبخانەیەك)[٣].

پێڕست بە کلیلی کتێبخانەو ڕێبەری دیاریکردنی جێگای بابەتە کتێبخانەییە جیاوازەکان لەسەر ڕەفەی کتێبخانە، دادەنرێت.

ئەگەر کتێبخانە ئەرکەکەی بریتی بێت لە هێنانە بەردەستی سەرچاوە کتێبخانەییەکانو زۆرکردنی زانیاریی بێت بۆ سوودمەند، ئەوا پێڕست ئەو ئامرازەیە کە ڕۆڵی ئەڵقەی پەیوەندیی دەبینێت لەنێوان خوێنەرو بابەتە کتێبخانەییەکاندا، کە لەنێو بەشە جیاوازەکانو لەسەر ڕەفەکانی کتێبخانە دەستدەکەون.

هەندێك؛ زاراوەکانی پێڕست Catalog و بیبلێوگرافیا Biblographya و ڕێبەر Index، وەك زاراوەی بەرامبەر یەکتر بەکاردێنن، بەڵام دیارە جیاوازیی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، چونکە پێڕست: واتە لیستی بابەتە کتێبخانەییەکان کە لە کتێبخانەیەکدا هەبێت، یان کۆمەڵێ کتێبخانەی ڕیزبەندکراو بەپێی سیستمی دیاریکراو، کەواتە پێڕست، ڕێنیشاندەرە بۆ پێکهاتووی کتێبخانە تاوەکو توێژەر لەڕێیەوە بتوانێت بابەتی کتێبخانەیی دیاریکراو وەدەستبخاتو لەبەشێ لەناوەرۆکیان، یان هەمووی تێبگات.

---

[٣] محمد فتحي عبدالهادي: المدخل الى علم الفهرسة، ص٩.

لەبەرئەوەش کە شوێنکەوتووی زانیاریی لەرێی پێڕستەوە دووان یان زیاتر لە دەروازەکان بەکاردێنێ، هەر بۆیە پێویستە پێڕست هەموو ئەو دەروازانەی تێدابێت، ئەوانیش نووسەرو ناونیشانو بابەتو... تاد.

**بیبلیۆگرافیا:**

هونەری، یان زانستی وەسفکردنو پێناسەی کتێبو دەستنووسەکانە، بەدیارکردنی ناوی تەواوی کتێبەکەو ناوی نووسەر یان وەرگێڕ، لەگەڵ ناوی بڵاوکەرەوەو شوێنی بڵاوکردنەوەو مێژووەکەی، هەروەها قەبارەی کتێبەکەو ژمارەی لاپەڕەکانی.

یاخود، لیستێکە بەسەرچاوەکان یان دۆکۆمێنتی نووسەرێکی دیاریکراو، یان بڵاوکەرەوەیەکی دیاریکراو (بیبلیۆگرافیای بازرگانی) یاخود وڵاتێکی دیاریکراو (بیبلیۆگرافیای نیشتمانی)، یان بۆ بابەتێکی دیاریکراو (بیبلیۆگرافیای بابەتی)، بیبلیۆگرافیا توێژەر دەگەیەنێتە سەرچاوەو دۆکۆمێنتەکان لەهەر کوێیەك بن، بیبلیۆگرافیا گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ئەمینداری کتێبخانەو توێژەران، لەبەر ئەوەی یارمەتییان دەدات لە جیاکردنەوەیان لە جیاوازیی چاپی کتێبەکانو رێنماییان دەکات لە جیاوازیی دەق، یان ناوەرۆکەکانیان.

**رێبەر:**

لیستێکە وەسفی بەشەکانو ناوەرۆکی دوکۆمێنتەکانو سەرچاوەکان دەکات، وەك وتاری خولاوەکان، یان بەشەکانی کتێب، یاخود بەڵگەنامەی کۆنگرەکانو... هتد، رێبەر پێڕست دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو تەواوکەرێتی، پێڕست گرنگی بەهەموویان دەدات، بەڵام رێبەر گرنگی بە بەشەکان دەدات، دەشێ شیکردنەوە بێ بۆ سەرچاوەکانی کتێبخانە، بەبێ ئەوەی شوێنەکانیان دیاری بکات.

لەو بۆچوونانەی پێشترەوە بۆمان دەردەکەوێت، چەندە لەیەکچوون لەنێوان هەر سێ چەمکە باسکراوەکەدا هەیە، بەڵام هەموویان ئەو لیستانەن کە وەسفی سەرچاوەکان یان بەشەکانیان دەکەن، بەو پێیە هەموویان کاری بیبلیۆگرافین یاخود

ئـامرازن بـۆ گەڕاندنـەوەی زانیارییـەکان، بـەڵام نـاوی هـەر یەکـەیان ڕەنگدانـەوەی مەبەست، یان ئامانجێکە کە لە پێناویدا ئامادە دەکرێن.

شایانی باسە، بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە کتێبخانەکانو سەنتەری زانیارییەکاندا، بۆ بەرهەمهێنانی بیبلیۆگرافیای جیاوازە، وادەکات چەمکەکان لەیەکتر نزیك ببنـەوە، لە شێوە، یان ئامانجیاندا.

**دۆکـــۆمێنتکردن، یـــان دۆکۆمێنتـــاری:** شـێوەیەکە لەشـێوەکانی ڕێکخـستنی بیبلێـوگرافی، کـەوا پـشت بـە پێڕسـتو پـۆلێن، یـان بـەش بەشـکردن دەبەسـتێت لەپێناوی گەیشتن بە زانیارییەکان بە هەموو جۆرەکانیانـەوە، دۆکۆمێنتـاری بریتییـە لـەدانانی کـورتکراوە بـۆ توێژینـەوە دوورو درێــژەکانو گەشـەپێکردنی کەرەسـتە نوێیـەکان بـۆ تێگەیـشتن لەزانیارییـەکان، وەکـو وێنـەگرتنی فـیلم، واتـە وێنـەگرتنی سەرچـاوەکان لەسـەر فیلمـی بـچووکی microfilms، کـەوا بێجگـە لـە پانتاییـەکی یەکجار بچووك لەو فیلمانەدا، شتێك ناگرێتەوە.

دۆکۆمێنتاری لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمو سەرەتای سـەدەی بیـستەمدا پەیـدا بووە.

**پێڕست** Cataloging:

پێڕست: پرۆسـەی داڕشـتنی پێڕسـتەکانە، یـان پرۆسـەی وەسـفی هونەرییانـەی بابەتەکانی زانیارییە بـەو مەبەسـتەی ئـەو بابەتانـە بـە ئاسـانترین ڕێگـاو بەکـەمترین کات، بخرێنە بەردەستی سوودمەند.

پێڕسـت، بـەوە پێناسـە کـراوە کـەوا پرۆسـەی ئامادەکـاریی هونەرییانەیـە بـۆ سەرچاوەکانی زانیاریی لـە کتێـبو خولاوەکـانو دەسـتنووسو بابەتـەکانی بیـستنو بیـنینو فیلمـە بـچووککراوەکان، تـا بەئاسـانیو لـەماوەی کورتـدا، سـوودمەند لـە کتێبخانەکاندا سوودیان لێ وەربگرێت.

هەرچۆن پێڕست دیاریکردنی بەرپرسیارییە لە هەبوونی سەرچاوەکانی زانیـاریی، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی سـیما ماتریـاڵی فیکرییـەکانی، ئەمـە بێجگـە لـە ئامـادەکردنی

تۆماری تایبەت بۆی‌و ڕێکخستنی بەپێی سیستمی دیاریکراو، تاوەکو بەهۆیەوە خوێنەر بتوانێ بە ئاسانی بگاتە هەر زانیاری‌و توێژینەوەیەك كە مەبەستی بێت.

کەواتە پێڕست کارێکی هونەرییە، یان لایەنی هونەریی بابەتە کتێبخانەییەکان دەردەخات[٤]، ئەمەش گرنگترین کارێکە کە کتێبخانەو سەنتەرەکانی زانیاریی ئەنجامی دەدەن، هاوکات ئاڵۆزترین کاریشە لەو جێگایانەدا، سوودی ئەنجامەکەشی دەبێتە ئامرازێ، یان هۆکارێ بۆ کۆنترۆڵ کردنی جیهانێکی فراوان لە سەرچاوەکانی زانیاری‌و پێشکەش کردنیان بەشێوەیەی سیستماتیك‌و وەسف کراو بۆ بەردەستی توێژەران لەسەرجەم پسپۆری‌و بوارەکاندا.

گەر پێناسەی پێڕست بکەین بەلیستێك بۆ بابەتی کتێبخانەیی، کە لەکتێبخانەیەکدا هەبێت، یاخود لەکۆمەڵێ کتێبخانەداو بەپێی پلانێکی دیاریکراو ڕێکخرابێت، ئەوا ئامادەکردنی ئەو لیستەیە بە(پێڕست) ناودەبرێت.

لەکتێبخانەدا پێڕست‌و پۆلێنی سەرجەم کتێب‌و سەرچاوەکان‌و شتی دیکەی وەکو سەرچاوەی زانیارییەکان‌و سیدی‌و کتێبی ئەلیکترۆنی‌و نەخشە دەکرێت، ئەویش بە بەکارهێنانی سیستمی پێڕستی کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی، هەرچۆن پشتیش بە بنەماکانی پێڕستی ئەنگلۆ–ئەمریکی/ چاپی دووەم (AACR2) دەبەسترێت.

پێڕستی ئەلیکترۆنیی، تایبەت بەکتێبخانەش بریتییە لەپێڕستی نووسەران‌و پێڕستی ناونیشان‌و پێڕستی بابەت، ئەویش بۆ کارئاسانی توێژەر بەمەبەستی گەیشتن بەو زانیارییانەی بەدوایاندا دەگەڕێت، لەسەرجەم کایەکانی بابەتی کتێبخانەدا، بەخێرایی‌و کارایی.

هەرچۆن ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیا لە گرنگترین خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەی تایبەتمەندە، ئەویش بە بەدواداچوونی ئەو بابەتانەی لای توێژەرو سوودمەند گرنگ

---

[٤] عمر احمد همشري: اساسيات علم المكتبات والتوثيق و المعلومات،ص١٦١.

دەبن، پاشانیش ئامادەکردنی لیستی بیبلیۆگرافی کە گرنگترین کتێبو سەرچاوەو دۆکۆمێنت وتاری خولاوەکانی نێو کتێبخانە دەگرێتەخۆ.

**بایەخی پێڕست:**

پێڕست پایەیەکی گرنگو دیاری هەیە لە زانستی کتێبخانەو دۆکۆمێنتو زانیارییەکاندا، چونکە دوا ئامانجی کۆنترۆڵکردنی زانیاریی مرۆییەو پێشکەش کردنیانە بەشێوەیەکی وەسفکراو ورێکخراو بە توێژەران لەسەرجەم بوارە زانستییەکاندا.

پێڕست جێگایەکی گرنگی لە کتێبخانەدا بەگشتیو کارە هونەرییەکاندا بەتایبەتی هەیە، هیچ کتێبخانەیەك یان سەنتەرێکی زانیاریی، قەوارەیان هەرچەند بێ، ناتوانن دەستبەرداری پێڕست ببن، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە بەسەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکان، یان شۆڕشی زانیارییەکان ناودەبرێت، چونکە بایەخدانی بەرچاو بەتوێژینەوەو لیکۆڵینەوەکان لەسەرجەم بوارەکاندا، وایانکردوە لافاوێکی گەورە لەسەرچاوەکانی زانیاریی، چ وەك ژمارەو چ وەك جۆر دەربکەوێت، لەئەنجامی ئەوەشدا کتێبخانەو سەنتەرەکای دۆکۆمێنتاریو زانیاریی گەشەیان کردووەو مەحاڵە پشت بە کۆششی تاکە کەسیو دەستیی ببەسترێت بۆ کۆنترۆڵی ئەو هەموو کۆمەڵانە.

هاوکات لەم دواییەدا سەرچاوەکانی زانیاریی فۆرمی تریان وەرگرتووەو بەتەنیا بریتی نین لەشێوە تەقلیدییەکانی وەکو کتێبوناملیکەو بلاوکراوەو رۆژنامەو راپۆرتو... تاد، بەڵکو بوونەتە شێوەی دیکەی وەکو بابەتەکانی بیستنو بینین بەفۆرمی جیاوازیانەوە، هەروەها بچووککراوە فیلمییەکانو بەرهەمزادەکانی کۆمپیوتەر.

ئەو زمانانەش کە سەرچاوەکانی زانیاری بەرهەم دەهێنن، زیادیان کردوەو بابەتەکان بەزمانی جۆراوجۆر دەکەونە بەرچاو، هەرچەندە زمانی ئینگلیزی تا ئەم

ساته بەرێژەیەکی زۆر زاڵە بەسەر سەرچاوەکاندا، هاوکات بابەتی زانیارییەکان بەشێوەیەکی گەورە زیادیان کردووەو لەچاو جاراندا زۆرتر روو لەپسپۆڕین.

لەوەوبەر کتێبخانەو سەنتەرەکانی زانیاریی لەلایەنی هونەری‌و رێکخستنیانەوە، گرفتی زۆریان لەبەردەمدا بوو، هەربۆیە پێویستی کرد میتۆدی داهێنراوی نوێ بدۆزرێتەوە بۆ کۆنترۆڵی زانیارییەکان‌و رێکخستنیان، تاوەکو کۆمەڵی سوودمەندان بە هەموو چەشن‌و بایەخ‌و پسپۆڕییانەوە، بەئاسانی بتوانن ئامانجیان بهێننە دی، هەر بۆیە هێنانە ئارای پێڕستی تەواو پێشکەوتوو و ورد بووە کارێکی یەکجار پێویستن.

کەواتە، پێڕست کارێکی هونەریی سەرەکی‌و گرنگە، ناکرێ کتێبخانەو سەنتەرەکانی زانیاریی پشتی تێ بکەن، بەبێ ئەو دەبنە تەنیا گەنجینەیەك، ئاکامیش لەگەیاندنی ئەرکەکانیان‌و خزمەتگوزاریی سەرەکییان ناکام دەبن.

دەتوانرێ گرنگیی پێڕست لەم خاڵانەدا دیاری بکرێت:

١- ئامرازێکە بۆ رێکخستنی کاری بیبلیۆگرافی.

٢-ئامرازێکە بۆ گەڕاندنەوەی زانیارییەکان.

٣-ئامرازێکە بۆ هەڵسەنگاندنی کۆمەڵەی دانراوەکان بەپێی بابەتەکانیان.

٤-وەك لیستێك دەبێ بۆ گرتنەخۆی بابەتە کتێبخانەییەکان.

سەرکەوتوویی کتێبخانەو سەنتەرەکانی زانیاریی، بەڕادەیەکی زۆر بەندە بە سەرکەوتوویی کاری پێڕست‌و ئامادەکردنی پێڕستەکان بەڕێگای زانستییەوە.

## پێڕست‌و پێڕستەکان:

هەموو پیشەیەکی مەزن لەهەوڵی پێشکەوتندا دەبێت، پیشەی کتێبخانەو زانیاییەکانیش بەبایەخەوە تەماشا دەکرێ‌و شێلگیریی هەیە بۆ گەشەپێدانی پێکهاتووە ماتریاڵی‌و هونەرییەکانی، ئەویش بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجانەی کە کتێبخانەکان لەپێناویاندا دامەزراون.

لێرەوە، پێڕست دەبێتە گرنگترین بابەت بۆ توێژینەوە لە کتیبخانەو سەنتەری زانیارییەکان، دیارە ئەم بابەتە کرۆکی کارە هونەرییەکانە، بێ ئەویش کتێبخانەو سەنتەری زانیاریی، تەنیا دەبنە گەنجینەیەكو سوودمەند هیچ کەڵکێکیان لێ نابینێت.

**مەبەستەکانی پێڕست:**

هەروەك Cutter لە (بنەماکانی پێڕستی فەرهەنگی)دا ئاماژەی بۆ کردوە، مەبەستەکانی کاری پێڕست لەمانەدا کۆدەبنەوە:

**یەکەم:** یارمەتیدانی توێژەر بۆ دۆزینەوەی کتێب (واتە سەرچاوەی کتێبخانەیی) کە بەمجۆرە دەناسرێتەوە:

ا- ناوی نووسەر Author

ب- ناونیشان Title

ج- بابەت Subject

**دووەم:** دیارخستنی هەموو بابەتەکانی کتێبخانە، لە:

أ- بەرهەمی نووسەرێکی دیاریکراو (لەرێی پێڕستی نووسەرانەوە- Author Catalog).

ب- بابەتێکی دیاریکراو (لەرێی پێڕستی بابەتەکەوە- Catalog Subject) یان (پێڕستی پۆلێنکراوەوە- Classified Catalog).

ج- ژانر یان چەشنێکی ئەدەبیدا (لەرێی دەروازەی چەشنەکانو زمانەکاندا).

**سێیەم:** توێژەر بتوانێت کتێب هەڵبژێرێت بەپێی:

أ- سروشتی خۆیو ئارەزووی.

ب- خەسڵەتە ئەدەبیو بابەتییەکانی، لەرێی ئەو زانیارییانەوە کە کارتی پێڕست دەیانگرێتە خۆی.

بەڵام (ڕێساکانی پاریس)[٥] کە ئەرکی پێڕست بۆ نووسەرو ناونیشان دیاری دەکات بەبێ بابەت، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەوا دەبێت پێڕست ئامڕازێکی کاریگەر بێت بۆ دڵنیابوون لە:

١- بوونی کتێبێکی دیاریکراو لە کتێبخانەدا کە ناوی نووسەرو ناونیشانەکەی بزانرێت، ناونیشانەکە بەتەنیا بۆ ئەو کاتەی ناوی نووسەر نەزانرێت، یان ئەلتەرناتیڤی گونجاو بۆ ناونیشانەکە دابنرێت، گەر ناوی نووسەرو ناونیشان روون نەبن، بۆ دۆزینەوەی کتێبەکە.

٢- بەرهەمە بەردەستەکانی نووسەرێکی دیاریکراو لەکتێبخانەدا.

٣- چاپە بەردەستەکانی کارێکی دیاریکراو لەکتێبخانەدا.

**لەمانەوە دەتوانین ئەرکەکانی پێڕست لەم خاڵانەدا کۆبکەینەوە:**

- ڕێبەریکردنی توێژەر یان خوێنەر بۆ سەرچاوە کتێبخانەییەکان کە لەبەرهەمی نووسەرێکی دیاریکراو لەکتێبخانەدا هەبن.
- ڕێبەریکردنی توێژەر یان خوێنەر بۆ کتێبێك یان هەر بابەتێکی کتێبخانەیی تر کە تەنیا ناونیشانەکەی بزانرێت.
- پێڕست وەك ئامڕازێکی بیبلیۆگرافی رۆڵی دەبێت بۆ دۆزینەوەی هەر زانیارییەکی دیاریکراو سەبارەت بە هەر بابەتێك لەسەرچاوەکانی کتێبخانە، وەکو: جێگای بڵاوکردنەوە، بڵاوکەرەوە، مێژووی بڵاوکردنەوەو ژمارەی لاپەڕەکانو...تاد.
- بەرچاوخستنی خوێنەر بەوێنەیەکی بچووكو پێشوەختی بابەتە کتێبخانەییەکان بەر لەبەکارهێنانیان.

شایانی باسە، سوودی پێڕست بەتەنیا بۆ کۆمەڵی سوودمەندان لەکتێبخانە نییە، بەڵکو بۆ خودی کارمەندانی کتێبخانەشە لە بەشەکانی سەرچاوە بەدەستهاتووەکان (تەزوید) و خواستنو سەرچاوەکانو بەشەکانی دیکەی خزمەتگوزاریی کتێبخانەیی.

---

[٥] محمود الشنيطي: قواعد الفهرسة الوصفية،ص٦٥-٧٤.

**جۆرەکانی پێڕست** Types of Catalog**:**

پێڕست لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش "دەروازە" و "وەسف"، دەکرێ دەروازە ناوی نووسەری بەرهەمەکە، یان ناونیشانەکەی بێت، لەسەر چۆنێتی ڕێکخستنی ئەو دەروازانە بیروڕای جیاواز هەبووەو ئەوەش وایکردوە پێڕستەکان جیاوازبن لەیەکتر، دەتوانین لەم جۆرانەدا کۆیان بکەینەوە:

**یەکەم: پێڕستی نووسەران** Author Catalog**:**

لەم پێڕستەدا کارت یان دەروازەی سەرچاوەی زانیارییەکان بەپیتی (هیجایی) واتە بەپێی ناوی نووسەرەکان ڕێکدەخرێن، هەرچۆن تیایدا دەروازەی دیکە هەیە بۆ ناوی نووسەرە بەشدارەکانو وەرگێڕەکانو لێکۆڵینەوەکانو نیگارکێشەکانو...تاد، ئەمەش گرنگترین پێڕستە لەنێو کتێبخانەکاندا.

کۆدەنگییەك لەسەر ئەوە هەیە کە مەحاڵە کتێبخانەیەك پێڕستەکەی تەواو بێت بەبێ بوونی پێڕستی نووسەران، چونکە کتێبخانە زۆرن کە بەبێ بوونی پێڕستی بابەتی، کاروباریان دەڕوات بەڕێوە، بەڵام بەبێ بوونی پێڕستی نووسەران، ئەوا نابێت.

**بایەخی پێڕستی نووسەران دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانە:**

١- ناوی نووسەر سیمای دیارە بۆ ناسینەوەی کتێب، ناوی ئەو وابەستەی کتێبەو ئەمە مشتومڕ هەڵناگرێت.

٢- پێڕستی نووسەران لەتوانایدایە سەرجەم بەرهەمەکانی نووسەرێك لەیەك جێگادا کۆبکاتەوە بەناوی خۆیەوە، ئەمە لەهیچ جۆرە پێڕستێکی تردا نایەتە دی.

٣- ئەو تەکنیکانەی بەگشتی کاریان لەسەر دەکرێت، هەموو پەیوەستن بە دەروازەی نووسەرەوە، ئەمە لەگەڵ دەروازەی بابەتیدا بەو جۆرە نییە.

پێڕستی نووسەران لەخزمەتی توێژەردایە کە ناوی نووسەر دەزانێت، لەسەرجەم پێڕستەکاندا ئەم جۆرە بەکەڵکی هامشۆکەرانی کتێبخانە دێت، تەنانەت بۆ بەردەستی کارمەندانیشی.

تەنیا گرفت لە کتێبخانەی عەرەبیدایە کە گەڕان بەدوای ناوە کۆنەکانی وەکو (الكندي، ابن النديم، ابو تمام و حافظ) کارێکی زەحمەتە.

هەرچۆن لەکاتێکدا گەڕان بەشوێن دەروازەی داموو دەزگاکاندا کە بەناوی وەزارەت یان زانکۆ یان رێکخراوەکانەوە دەبن، کارێکی قورسە، هاوکات نەزانینی ناوی تەواوی نووسەرانی وەك (عباس العقاد)، یان (عباس محمود العقاد) کێشەی تێدەکەوێت، کە هەردوو ناوەکە یەك کەسن.

**دووەم: پێڕستی ناونیشان** Title Catalog:

ئەو پێڕستەیە کە تیایدا کارتەکان یان دەروازەکان رێکدەخات بەپێی پیتەکانی (هیجایی)، واتە بەپێی ناونیشانی سەرچاوەکانی کتێبخانە، هەرچەندە بەهاو بایەخی پێڕستی ناونیشان بەرامبەر بایەخی پێڕستی نووسەران نییە، بەڵام بۆ توێژەر زۆر بەسوودە، هەروەها بۆ ئەو خوێنەرانەش کە بێجگە لەناونیشانەکە شتێکی ئەوتۆ دەربارەی بابەتی کتێبەکە نازانن.

ئەم جۆرە پێڕستە بەوە جیاوازە لەوانی دی کە بەئاسانی بەکاردێت، بە بەراورد لەگەڵ پێڕستەکانی ترو بەتایبەتیش پێڕستی نووسەرانو پێڕستی بابەت، هەرچۆن بایەخی تایبەتی لەکتێبخانەی عەرەبیدا هەیە، چونکە ناونیشانی کتێب زۆر گرنگەو زۆربەی جار کورتەو دانسقەیەو بیرکەوتنەوەیان ئاسانە، هەرچۆن دارشتنیان رەوانو خۆشئاوازە لە گوێدا، وەکو (نفح الطيب في غصن الأندلس الرطيب).

**سێیەم: پێڕستی بابەت** Subject Catalog:

ئەو پێڕستەیە کە کارتەکان یان دەروازەکان تیایدا بەپێی پیتەکانی هیجاو بەگوێرەی (سەرە بابەتەکان) رێکدەخرێنو سەرچاوە کتێبخانەییەکان دەگرنەخۆ، سەربابەتیش وشەیەك یان چەند وشەیەکە، یاخود رستەیەکەو گوزارشت لە بابەتی

کتێب یان دۆکۆمێنت دەکاتو لەتوانادایە لەژێریدا کارتەکان یان سەرەبابەتی هەموو سەرچاوەکان کە چارەسەری بابەت دەکەن کۆبکەنەوە، سەرەبابەتەکان لەگەڵ رێنیشاندەرە (الإحالة) تەواوکەرەکانیان لەپێڕستدا بەشێوەی رێکخستنی هیجایی رێکدەخرێن.

ئەم جۆرە پێڕستە لەکتێبخانەو سەرچاوەکانی زانیاریدا (کتێب، راپۆرت، توێژینەوە، نامەی زانکۆیی‌و فیلم)دا بەسوودن بۆ گەڕان بەشوێن بابەتی دیاریکراودا.

دیسانەوە لەروونکردنەوەی سەرچاوەکانی کتێبخانەدا رۆڵی دەبێت، لەگەڵ سوود وەرگرتن لێی لەئامادەکردنی بیبلیۆگرافیای بابەتیدا بۆ مەبەستە جیاوازەکان.

بەڵام خەوشی پێڕستی بابەت لەوەدایە کە خوێنەرو توێژەران سەرەبابەتە وەرگێراوەکان کە لەکتێبخانەدا بەکاردێن؛ نازانن، یان ئەو شێوەیەی بابەتیان پێ خراوەتە ناو پێڕستەوە، هەروەها ریزبەندی هیجایی سەرە بابەتەکان وادەکەن دوورکەوتنەوە هەبێت لەنێوان بەشەکانی بابەتێکدا، کەئامادەکردنیان لەلایەن پێڕستکارانەوە کاری زیاتری دەوێت.

**چوارەم: پێڕستی فەرهەنگی** Dictionary Catalog:

ئەو پێڕستەیە کە لەیەك ریزبەندیی هیجایی دا هەموو کارتەکان، یان دەروازەی نووسەرو ناونیشان‌و بابەتەکان کۆدەکاتەوە، بێ دابڕکردن لەنێوان جۆری جیاوازی سەرەبابەت یان کارتەکاندا، ئەم پێڕستە بەوە ناسراوە هەموو ئەگەرەکان پێشکەشی خوێنەر یان توێژەر دەکات، هەرچۆن پێڕستەکانی کتێبخانەش هەڵناوەشێنێ بۆ سێ پێڕست، بەوەش کات دەگێڕێتەوە بۆ کارمەندانی کتێبخانەو هامشۆکەرانی، هاوکات ئەم جۆرە پێڕستە، جێگایەکی بچووك لە کتێبخانەدا دەگرێت، بایەخی بەشێوەیەکی کارا لەکتێبخانە بچووکەکانداو بەتایبەت لەکتێبخانەی خوێندنگاکاندا، دەردەکەوێت.

ئەم جۆرە، بەزۆری لەکتێبخانەکانی ئەمریکادا کاری لەسەر دەکرێ، لەبەر چەند هۆیەك، دیارترین کارکردن لە سەری کتێبخانەی کۆنگرێسە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر کتێبخانەکانی تر هەیە، بەتایبەت ئەوانەی کارتی پێڕستی ئامادەکراو لە کتێبخانەی کۆنگریس دەکڕنەوە، بەڵام کتێبخانەکانی ئەمریکا، هاوبەشیی کتێبخانەکانی دیکەی جیهان بەو ئاراستەیە پەسەند ناکەن، کتێبخانە گەورەکانی ئەوروپا پەیڕەوی سیستمی پێڕستە جۆراوجۆرەکانی تر دەکەن، چونکە گرانی بەکارهێنانی پێڕستی فەرهەنگی وایکردوە پەنا بەرنە بەر هەرسێ پێڕستی (نووسەرانو ناونیشانو بابەت)، یان دووان لەو پێڕستانە، زەحمەتیی بەکارهێنانی ئەو پێڕستە لە زۆریی هەڵاویردی کارتەکانو لەیەکچوونی دەروازەی نووسەرو ناونیشانو بابەتە لەهەندێ جاردا، کەوا دەکەن سەر لەخوێنەر بشێوێت.

**پێنجەم: پێڕستی پۆلێنکراو** Classified Catalog:

کارت یان دەروازەکان لەم جۆرەدا بەپێی ریزبەندییەکی لۆژیکی رێکدەخرێن، یان بەپێی هێماکان، یاخود ژمارەی پۆلێنی پەیڕەوکراو لەکتێبخانەدا، ئەم پێڕستە لەسێ بەش پێکدێت:

١- بەشی پۆلێنکراو.

٢- رێبەری هیجایی نووسەران یان ناونیشان.

٣- رێبەری هیجایی سەرەبابەت.

رێبەرەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ رێکدەخرێنو لەسەریەك شێواز ئەنجام دەدرێن، ئەم جۆرە پێڕستی پۆلێنکراوە بەوە تایبەتمەندە کەوا:

- سیستمی لۆژیکی تایبەت دەردەخات بەپلانی پۆلێنی بەکارهێنراو لە رێکخستنی سەرچاوەکانی کتێبخانەدا.

- دەتوانرێت هەر کۆمەڵەو بەشێك وەك پێڕستی تەواو بۆ ئەو کۆمەڵەو بەشە، لەچاپ بدرێت.

– ریزبەندیی کردنی دەروازەکان وادەکات خۆ بەهیچ زمانێکەوە نەبەسترێتەوە، ئەمەش رێگا خۆشدەکات بۆ دۆزینەوەی پێوەری نێودەوڵەتیو هاریکاریی تەواو لەبواری پێڕستدا.

– یارمەتیدەر دەبێت بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی بابەتێکی دیاریکراو بەڕێگایەکی سوودبەخش بۆ توێژەرو خوێنەر، هەرچۆن رووپێویی بوارەکانی بەرهەمی فیکریی وەکو فەلسەفەو زانستەکانو...تاد، دەکات.

– ئامادەکردنو رێکخستنی لەدیدی پێڕستکارەوە کارێکی ئاسانە، چونکە بەرهەمی کارێکە کە پێڕستکار دەیکاتو لەوەوە هەر خۆیشی پۆلێنی کتێبی کردووە.

– ئەم جۆرە پێڕستە یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئاشکراکردنی خاڵەکانی بەهێزیو لاوازییو لەسەرچاوەکانی کتێبخانەدا.

لەلایەکی ترەوە، پێڕستی پۆلێنکراو کەموکورتیی زۆری هەیە، وەکو: بەهۆی گۆڕانی زانستەکانو گەشەکردنیان، گۆڕینی زۆری بەسەردا دێت، هەروەها توێژەر بۆ بەکارهێنانی پێویستی بەزانیاریی تەواو و ورد دەبێت، لە سیستمی پۆلینکردندا کە لەکتێبخانەدا پەیڕەو دەکرێت، لەگەڵ پێناسە وردەکانی، هەربۆیە شێوازی رێکخستنی پێڕستی پۆلێنکراو لای سوودمەندان، بەدحاڵی بوونی تێدەکەوێت.

لە کەموکوڕییەکانی تر، پەیوەندی کاریگەرییەتی لەگەڵ چۆنێتی پلان، یان سیستمی پۆلێنکردنی بەکارهێنراو لەکتێبخانەدا، ئەگەر سیستمی پۆلێنکردنەکە باش بوو ئەوە لەپێڕستی پۆلێنکراودا رەنگدەداتەوە، ئەگەر خراپیش بوو بەپێچەوانەوە دەبێ، ئەمە بێجگە لەوەی سیستمی نموونەیی بۆ پۆلێن نییەو ئەوەی هەن پڕن لەکەموکورتی.

بەڵام قوتابخانەی ئەورووپی پەیڕەوی ئەم جۆرە پێڕستە دەکات، لەبەرئەوەی بایەخی گەورە بەگێڕانەوەی سەرچاوەی زانیارییەکانی کتێبخانە دەدات، ئەوان سوورن لەسەر ئەو پێڕستە بەو پێیەی کەوا زمانی پۆلێنکردن لە ئێستادا بووەتە

زمانێکی جیهانی، پاشانیش ئەو گرفتە زمانەوانییانەی دێنە بەردەم پێڕستەکانی تر، لەمیاندا بەو جۆرە نییە.

## پێڕستی ئیسلامیو جۆرەکانی:

موسوڵمانان هەر لەکۆنەوە ئاگاداری زانستی پێڕست بوونو دەستێکی باڵایان تیایدا هەبووە، ئیتر ئەوەی پەیوەست بێت بەگشتیی بەکتێبخانەی ئیسلامییەوە کە چەندین زانستی لەخۆگرتووەو پێویستی بەڕێبەرییە بۆ خۆیو نووسەرانی، یان ئەوەی پەیوەستە بەپێڕستی بابەتە تایبەتەکانو زانستە دیاریکراوەکانەوە، کە بۆ زانینی ناسینیانو وەستان لەئاستی پرسەکانو درێژەیاندا جۆرە پێویستییەك بووە.

### أ- پێڕستی زانستو کتێبخانەی ئیسلامیی بەگشتی:

کتێبخانەی عەرەبی لەڕووی پێڕستی زانستو کتێبخانەی ئیسلامییەوە (بەشێوەیەکی گشتی) چەند کتێبێکی پێڕستی هاتووەتە ناو:

**یەکەمیان**: ئەو جۆرەی کە بایەخی بەپۆلێنی زانستەکان داوە، ئەمیان فەیلەسووفەکان پێوەی سەرقاڵ بوون.

**دووەمیان**: ئەوانە بوون کە کتێبەکان؛ زانایانی پزیشكو شەریعەتمەدارو ئەدیبو سۆفییەکان خاوەنیان بوون.

**سێیەمیشیان**: ئینسایکلۆپیدیا مێژووییە گەورەکانی وەکو(نهاية الأدب في فنون العرب)ی (النويري)و..تاد، تیایاندا پێشەکیی بۆ سەرجەم زانستە عەرەبییەکان دانراوەو هەروەها ناوی کتێبی نووسراو بۆ ئەو بوارە زانستیانە خراونەتە روو.

بەڵام کۆنترین نموونە بۆ پێڕستی کتێبخانە کە لەڕێی کتێبەکەی بروکمان(تأريخ الأدب العربي) کەوتووەتە بەردەستمان، کتێبی(الفهرست)ی(ابن النديم)ە کە لەکۆتاییەکانی سەدەی چوارەمی کۆچیدا نووسراوە.

دوای(ابن النديم) کتێبخانەی عەرەبیی هیچ نموونەیەکی کتێبی پێڕستی بەخۆوە نەدیوە، تاوەکو نزیکەی شەش سەدەی تر کەوا(أحمد بن مصطفى) کتێبە بەناوبانگەکەی(مفتاح السعادة ومصباح السيادة في موضوع العلوم)ی داناوە، دوای

ئەویش کتێبەکەی(حاجي خلیفة) دێت بەناوی(کشف الظنون عن اسامي الکتب والفنون).

**پێرستی ابن الندیم**

گرنگترین کتێب لەبواری پێرستی زانستە ئیسلامییەکاندا (الفهرست)ی (ابن الندیم)ە، کە لە(١٠) وتار پێکهاتووەو هەریەکەشیان سەربەخۆن، هەر وتارەشی بەسەر ژمارەیەك لەهونەرەکاندا دابەشکراون، هونەریش لەوتارەکاندا وەك (پار)ە، واتە لەبەشەکاندا، ژمارەی هونەرەکانیش لەهەر وتارێکدا لەنێوان دوو بۆ هەشتدان.

وتاری یەکەم: سەبارەت زمانو نووسینو کتێبی شەریعەتەکانی رابردوو و قورئانو زانستەکانێتی.

وتاری دووەم: سەبارەت رێزمانو رێزمانکارانی بەسرەو کووفەو بەغداییەکانە.

وتاری سێیەم: سەبارەت مێژوو و هەواڵی دەوڵەتو کۆمەڵگایە.

وتاری چوارەم: سەبارەت شیعری جاهیلیو ناوەند(المخضرم *) و ئیسلامییە.

وتاری پێنجەم: سەبارەت ئاخافتنو قسەکەرانو سۆفیزمە.

وتاری شەشەم: سەبارەت شەریعەتو قوتابخانەکانیەتی.

وتاری حەوتەم: سەبارەت فەلسەفەو زانستە بیرکارییەکانو پزیشکییەکان.

وتاری هەشتەم: سەبارەت رابواردنو جادووگەریو ئەو کتێبانەیە کە نووسەرەکانیان نادیارن.

(ابن الندیم) لە هەر هونەرەدا گرنگترین کتێبو دانراوەکان دەخاتەڕوو، هەرچۆن ناوی نووسەرانیشیان دەبات، لەگەڵ هەرچییەك پەیوەست بێت بەو هونەرەوە، ئەو دەمانباتە سەر زانیاریی رەسەن سەبارەت سەرچاوەکانی هزری ئیسلامی هەتا کۆتایی سەدەی چوارەمی کۆچی کە بەلوتکەی گەشانەوەی زانستی دادەنرێت.

---

* ئەو شیعرانەی بەشێکیان بەر لە ئایینی ئیسلامو بەشەکەی تریشیان دوای هاتنی ئیسلام نووسراون / وەرگێڕی کوردی.

**ب- پێڕستی تاك هونەریی، یان تاك زانستی:**

لایەنێكە لە لایەنەكانی زانستی پێڕستو پەیوەستە بەزانستەكانو نووسەرانەوە.

بەڵام لایەنێكی تری زانستی پێڕست كە لەنێوان زانایانی كۆنو نوێدا بایەخدارترە بریتییە لە:

**-پێڕستی قورئانی پیرۆز:**

زانستی قورئانی پیرۆز گەلێك لایەنی لێكدراوەتەوە، لەپێڕستی وشەكانەوە موسوڵمان دەتوانێت هەر ئایەتە بدۆزێتەوە، بەزانینی وشەیەك لەوشەكانی ئەو ئایەتە، تا دەگات بە پێڕستی بابەتەكان كە هەر ئایەتە بەجیا دیاری دەكات.

باشترین كتێب كە پێڕستی قورئانی پیرۆزی كردبێت بەشێوەی (وشە-وشە) كە رێنمایكەرە بۆ هەر گوتەیەو ژمارەی ئایەتەكانو ژمارەی سورەتەكان؛ كتێبی (المعجم المفهرس لألفاظ القران الكريم)ی مامۆستا(محمد فؤاد عبدالباقي)یە، هەروەها دوو كتێبەكەی تری ئەو نووسەرە(نجوم الفرقان في اطراف القرآن)و (مرشد الحيران الى آيات القرآن)ن.

لەو كتێبانەی تر كە تایبەتن بە پێڕستی بابەتە قورئانییەكان؛ كتێبی (زاد المؤلفين من كتاب رب العالمين)ی (عبدالله محمد الدرويش)ە.

**-پێڕستی فەرموودەی پیرۆز:**

زانستی پێڕست بەشێوەیەكی فراوان فەرموودەكانی پێغەمبەر(د.خ)ی بەسەركردوەتەوە، د. یوسف عبدالرحمن المرعشلي كتبێكی بەنرخی سەبارەت (علم فهرسة الحديث) نووسیوە، تیایدا هەموو جۆرەكانی فەرموودەی پێغەمبەری پێڕست كردووە، ئەویش دوای ئەوەی دابەشی كردوە بەسەر دوو بەشدا:

**یەكەم:** لەپێڕستی سەرچاوە ئەسڵییەكانەوە، واتە ئەوانەی سەبارەت كتێبی فەرموودەكان نووسراون بەر لە سەدەی پێنجەمی كۆچی، تیایدا سەدو پێنج كتێب ناوبراون كە هەر هەموویان پێڕستن بۆ سەرچاوە ئەسڵییەكان.

**دووەم:** دوای ئـــەوانی پێـــشوون، کـــە لەمانـــدا چـــلو یـــەك پێڕســـت باســـکراون، هەرچۆن(المرعشلي) پێڕستی فەرموودەکانی کتێبـی تەفـسیرو زانـستەکانی قورئـانی کۆکردوەتـەوە، هـەروەها پێڕسـتی فـەرموودەکانی کتێبـەکانی(التوحیـد والعقیـدة) و پێڕستەکانی(احادیث کتب الفقة واصوله) و پێڕستەکانی (احادیث کتب اللغة والأدب)، بێگومـــان فـــەرموودەکانی پێغەمبـــەر(د.خ) لـــە هـــەموو ئـــەو کتێبانـــەدا هـــەن، ئـــیتر بابەتەکانیان هەرچییەك بێت.

**رێگاکانی پێڕستی فەرموودەی پیرۆز:**

پێڕستی فەرموودەکان بەچوار رێگان:

١- پێڕسـتی(الأطـراف او المـسانید): واتـە کۆکردنـەوەی فـەرموودەی یـاوەرانی پێغەمبەر(الصحابة) لەژێر ناوی خۆیاندا، تیایاندا لە فـەرموودەکان بەشـی یەکـەمیان وەردەگیرێـتو ئینجـا نـاوی یاوەرەکـان بـەپێی پیتـەکانی فەرهـەنگ رێکـدەخرێن، نموونەی ئەم رێگایەش کتێبی(ذخـائر المواریـث في الدلالـة علـى مواضـع الأحادیـث)ی (الشیخ عبد الغني النابلسی) یە.

٢- پێڕستی سەرەتای فەرموودەکان: واتە ریزبەندیی فەرموودەکان بـەپێی پیتـە یەکەمەکانی فەرهەنی، لەوانە کتێبەکەی(السیوطي) بەناوی (الجامع الکبیر).

٣- پێڕست بەپێی بابەتەکان لە نموونەی ئـەو پێڕسـتە کتێبـی(الفـتح الربـاني في ترتیب مسند الإمام أحمد بن حنبل الشیباني) ی الشیخ البنا.

٤- پێڕسـتی وشـە نوێیـەکان، بـۆ ئـەو وشـانەن دوای گەڕاندنـەوەیان بـۆ ئەسـڵە زمانەوانییەکانیان بەپێی پیتەکانی فەرهەنگ؛ رێکخراون، ئەم رێگایـە لەلایـەن زانـای موســـوڵمان (الـــشیخ مـــصطفی البیـــومي المـــصري) یـــەوە داهێنـــراوە، بەدوایـــدا رۆژهەڵاتناسان (المعجم المفهرس لألفاظ الحدیث النبوي) یان بە هاوکاریی محمد فـؤاد عبدالباقي بەرهەمهێناوە.

**ج- پێڕستی شەریعەتی ئیسلامی:**

زانستی پێڕست شەریعەتو ئسوولەکانی بەسەرکردوەتەوە، چونکە کارێکی زەحمەت بووە کە توێژەرو خاوەن مەبەست بتوانێت ئەو هەموو کتێبە زۆرو سەرچاوە فراوانە بەسەر بکاتەوە کە دەربارەی شەریعەتی ئیسلامین، چارەسەریش تەنیا پێڕستی درێژ بوون بۆ مەسەلەکانی شەریعەتو زاراوەکانی.

وەزارەتی ئەوقاف لە کوەیت رۆڵێکی پێشەنگیان هەبووە بۆ ئەم بوارە، شارەزاو توێژەرەکانیان لە ئینسایکلۆپیدیای شەریعەتداو ئیمامی مزگەوتەکانیان پێڕستی(کتاب المغني) لە (الفقة الحنبلي)و پێڕستی(حاشية ابن عابدين) یان لە (الفقة الشافعي)و پێڕستی(شرح الزرقاني) یان لە (الفقة المالكي)و پێڕستی(حاشیتی قلیوبی وعمیرە) لەسەر (شرح المنهاج)ی لە(الفقة الشافعي)و پێڕستی(شرح الزرقاني) یان لە(الفقة المالكي)یەوە ئەنجامدراوە، هەرچۆن پێڕستی دیکەیان لە کتێبە بنچینەییەکانی شەریعەت ئامادەکردوە، هاوکات بایەخیان بە پێڕستی کتێبی(الأصول) دا وەکو کتێبی(جمع الجوامع)و (مسلم الثبوت)، کەواتە لە پێڕستی کتێبەکانی شەریعەتو (اصول)دا گەلێ بەرهەمی بەنرخ دەبینرێنەوە.

**د- پێڕستی مێژوو و ئەوانی تر:**

هەروەها زانستی پێڕست کتێبە مێژووییەکانی بەسەرکردوەتەوە، بۆ نموونە پێڕستی (البدايە و النهايە)، هەروەها کتێبە ئەدەبییەکان، وەکو پێڕستی (العقد الفريد)ی ابن عبد ربة، لەگەڵ کتێبی (ژیننامە)ی وەکو پێڕستی (حلية الاوليـاء)و هی تر.

تەنانەت یەك سەرچاوە لە سەرچاوە زانستییەکان نابینیت کەتوێژەران، یان ئەهلی زانست ئەنجامیان دابێتو بەدوایدا پێڕستێکی تەواو نەهاتبێت کە بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ئاسانە.

بایەخی ئەم زانستە لەم سەردەمەدا زیاد لەجارانە، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك، لەوانە:

– پشت نەبەستن بەیادەوەریو لەبەرکردن، کە جاران زانایانو خوێندکارانی زانست بەمجۆرە نەبوونو ناوی سەرچاوەکانیان لەبەردەکرد.

– بەرفراونیی لەسنوور بەدەری هەموو زانستەکان، تەنانەت زانای ئەوتۆ هەن کە پسپۆڕن لەچەندین بەشی یەك زانستدا.

– داهێنانی ئامێری کۆمپیوتەر کە لەتوانایدایە هەزاران زانیاریو ناوو کتێبو پرس دەربخات، لەهەر کاتێکدا خاوەن مەبەست بیەوێت.

دەبێ ئەوەمان لەبیربێت کە ئاماژە بۆ رۆڵی کۆمپیوتەری نوێ بکەین کەپێڕست تیایدا بەئاسانی دەگاتە دەستی توێژەر بەخێراییو لەهەر بابەتێکدا بیەوێت.

لەئەنجامی ئەو کۆششە تەکنیکییە پێشکەوتووەدا لەتوانادا هەیە گەلێك سەرچاوەی زاستی لەیەك بابەتدا، یان بابەتی جۆراجۆردا کۆبکرێتەوە، ئەویش لەیەك پرۆگرامداو پاشان پێڕستیان بۆ بکرێت بەهەموو جۆرەکانییەوە.

زانستی پێڕست رەگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی کتێب، بەڵام ئەمڕۆ بایەخو گرنگیی زیاتری پێدەدرێت.

## شێوەکانی پێڕست:

پێڕست گەلێ جۆری هەبووە، هەندێکیان فەرامۆشکراونو هەندەکەی تر تائەمڕۆ کاریان لەسەر دەکرێت، دیارە شێوەی نوێی ئامێرسازیی (میکانیکی) رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر لەبوارەکەدا دەردەکەوێ، دەتوانرێ پێڕست بەپێی شێوەو کەرەستەکانیان بەسەر پێنج بەشی سەرەکیدا دابەشبکرێن:

٤- پێڕستی کتێب.

٥- پێڕستی کارت.

٦- پێڕستی کونکراو.

٧- پێڕستی بینراو.

٨- پێڕستی میکانیکی.

دەبـێ کتێبخانــە یــەك شــێوەی مــادیی دیــاریکراوی گونجــاو هەڵبــژێرێت بــۆ پێڕستەکانی، دەشێ هەڵبژاردنەکـە تـەنیا لەلاسـایی کردنـەوەوە سەرچـاوە بگرێـت، لاســایی شــێوەی بــەکارهێنراو لەکتێبخانــە هاوشــێوەو نزیکەکانــەوە، یــان دوای وردبوونەوەو هەڵسەنگاندنی ئەلتەرناتیفی گونجاو، هەروەها دەبێ ئاگاداری ئـەوەبین کە هەر شێوەیە تایبەتمەنـدیی خـۆی هەیـە کـە لـەوانی تـر جیـای دەکاتـەوە، بـەڵام باشترین شێوەی پێڕستەکان ئەو پێڕستەیە کـە ئـەم خەسـڵەتانە لـەخۆ بگرێت:

١- لـەباریی، بەشـێوەیەك رێگـە بـە جێکردنـەوەی دەروازەی نـوێ بـدات، یـان بواری لابردنی بدات بەئاسانی، ئەوەش لەپێناوی پاراستنی بەردەوام نوێکردنەوەی.

٢- ئاسـانیی بـەکارهێنانیو خێرایـی هەلڕەخـساندن بـۆ زیـاد لـە توێـژەر یـان خوێنەرێك لەیەك کاتداو توانای روانینە چەند دەروازەیەك لەیەکجاردا.

٣- تێچوونی کەم لەئامادەکردنو چاککردنەوەیدا لەڕووی ئابوورییەوە.

٤- بچووکی ئەو جێگایەی لەکتێبخانەدا داگیری دەکات.

٥- ئاسانیی بۆ هەڵگرتنو گواستنەوەی لەنێو کتێبخانەو دەرەوەیدا.

٦- توانای ئامادەکردنی چەند دانەیەك لێی بەکۆششو پارەیەکی کەم.

٧- هامشۆکەر لای گونجاو بێتو شێوەشی پەسەندبێت.

٨- گرتنەخۆی رێنمایی تایبەت بەچۆنێتی بەکارهێنانی.

**١-پێڕست لەشێوەی کتێبدا، یان فەرهەنگی چاپکراو** Book Catalog:

بەکۆنترین شێوەی پێڕست دادەنـرێو لـە کتێبخانـەو سـەنتەرەکانی زانیاریـدا تـا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بەکارهێنراوە.

بە (پێڕستی کتێـب) نـاودەبرێ، چـونکە لەشـێوەی کتێبـدا دەردەکـرێو تیایـدا زانیارییە بیبلیۆگرافیاییەکان سەبارەت بە بابەتەکانی نێو کتێبخانە، تۆمار دەکرێـت. هاوکات بـە (پێڕسـتی چـاپکراو) نـاودەبرێ، چـونکە بەگـشتی لەشـێوەی چـاپکراودا دەخرێتە بەرچاو، ئەمە لە کاتێکدا باو بووە کە کۆمەڵـەی چـاپکراوەکان (کتێبـەکان) وەك ژمارە کەم بوون، لە نموونەی ئەم شێوەیە:

ئـەو پێڕسـتـەی کتێبخانـەی کـۆنگرێس بـەناوی National Union Catalog: دەریدەکات، لەگەڵ پێڕستەکانی دەزگای کتێبی میسریو کتێبخانەی زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرەو کتێبخانەی شارەوانی ئەسکەندەرییە.

بـەڵام ئـەم جـۆرە پێڕسـتە لـەمڕۆدا بایـەخی لـە دەسـتداوەو لـە کتێبخانەکانـدا بەکارنایەت، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك:

– زوو دەشێویێو لەناودەچێ.

– بەردەوام پێویست بە نوێکردنەوە دەکات (چونکە بۆ سەرجەم سەرچاوەکانی کتێبخانە ئاوێنـەی راسـتەقینە نییـە، بـەڵکو کـۆی ئەوانـە دەگرێتـەخۆ کـە تـا کـاتی ئەنجامـدانی پێڕسـتەکە لەبـەر دەسـتدان، هەربۆیـە پێویـست بـە پاشـکۆی ناوبـەناو دەکـات بـە سەرچـاوە زیادبووەکـان، ئەمـەش خـەرجی چـاپو بڵاوکردنـەوەی زیـاد دەکات).

لەگەڵ ئەوانەشدا، بە چەند هۆیەك لە جۆری تری پێڕست باشترە، لەبەر:

١– ئاسانی بەکارهێنانی.

٢– ئاسـانی هـەڵگرتنیو گواسـتنەوەی لـە شـوێنێك بـۆ شـوێنێکی تـر لـە نـاو کتێبخانەو دەرەوەیدا.

٣– بچووکی قەوارەی.

٤– توانـــای بەشـــداریی زیـــاد لـــە کتێبخانەیـــەك تیایـــدا، لەبەرهـــەمهێنانیو دابەشکردنی.

٥– ئاسانی روانینە دەروازە جۆراوجۆرەکانی بەخێرایی.

٦– ئاسانی ئامادەکردنی چەندین دانە لێی بە مەبەسـتی نـاردنی بـۆ کتێبخانـەی تـر، دیـارە ئـەم کردەیـە لەگـەڵ گەشـەکردنی ئـامرازی ئامـادەکردنی پێڕسـتەکانو گەیشتنی تەکنەلۆژیا بۆ ئەم بوارە، ئاسانتر بووە.

**٢- پێڕستی کارت** Card Catalog:

شێوەیەکی نوێیە لە شێوەکانی پێڕست کەوا بەکارهێنانی لە کتێبخانەو سەنتەرەکانی زانیاریدا بەجۆرێکی بەربڵاو لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بووە، بەتایبەتیش کاتێ کتێبخانەی کۆنگرێس لە ساڵی ١٩٠١دا کارتی چاپکراوی بۆ کتێب بەکارهێنا.

پێڕستی کارت، لە کارتی پێوانەی جیهانیی ستاندەر بە قەوارەی ٧,٥×١٢,٥ سم پێکهاتووە، لە کاغەزی ئەستوور کە لەنێوان (١٨٠-٢٤٠ گم) دایە، ئەم کارتە کونی تێدەکرێت بە بەرزیی نیو سانتیمەتر لەناوەڕاستی لێواری خوارەوەی، پاشان لە چەکمەجەی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دەپارێزرێت، لە چەکمەجەکاندا بە هۆی شیشێکەوە کە دەکرێتە کونی کارتەکانەوە جێگیر دەکرێت، هەر چەکمەجەیە جێی زیاد لە ١٢٠٠ کارتی تیادا دەبێتەوەو ڕەنگی کارتەکان زیاتر سپییە، هەرچەندە لە توانادایە ڕەنگی دیکەشیان بۆ بەکاربهێنرێت، بەتایبەت بۆ کارتە ڕێبەرییەکان.

**ئەم جۆرە پێڕستە بەوە ناسراوە کە:**

١- بەکارهێنانی ئاسانە.

٢- بۆ زیادکردنی کارتو دەرهێنانەوەیان، لەبارە.

٣- دەتوانرێ دەروازەی نوێ بخرێنە ناویانو هی تریش بەئاسانی دەربهێنرێن.

٤- بە ئاسانی ئامرازەکانی ڕێنماییو ڕێبەری کردن دەخرێنە ناویانەوە.

٥- دەتوانرێ زانیاریی بیبلیۆگرافی سەر کارتەکان بگۆڕدرێن، یان ڕاست بکرێنەوە.

٦- زیادکردنی دەروازەی نوێو لابردنی دەروازەی تر بەشێوەیەکی ئاسان.

٧- ئەم کارتانە بەخێرایی لەناوناچن، چونکە لەکاتی بەکارهێنانیاندا، بە تەنیا لێواری کارتەکان دەگیرێن، دەشتوانرێ بە مادەی پلاستیکی کەپس بکرێن، تا هیچیان لێ نەیەت.

لەگەڵ ئەو شتە باشانەدا، ئەم جۆرە پێڕستە شوێنی زۆر لە کتێبخانەدا داگیر دەکات، بەتایبەت ئەگەر دابەش بووبن بەسەر پێڕستی نووسەرو ناونیشانو بابەتدا، هەرچۆن گواستنەوەیان لەناو کتێبخانەدا کارێکی قورسەو خواستنیشیان لەلایەن کتێبخانەی ترەوە هەر بەو جۆرەیە، هاوکات کۆپی کردنیشیان بۆ لقی دیکەی کتێبخانەش، دووبارە کارێکی گرانە. ئەمانە جگە لەوەی (پێڕستی کارت) تەنیا بوار دەداتە یەك خوێنەر لەیەك کاتدا تەماشای یەك چەکمەجە بکات، واتە نزیکەی ١٠٠٠ کارت قۆرغ دەبێ بۆ تەنیا خوێنەرێك، لەگەڵ ئەوانەشدا زۆرترین بەکارهێنانی پێڕست لە کتێبخانەکاندا بۆ ئەم جۆرەیە.

**دەتوانرێ ئەم جۆرە پێڕستە بە چەند رێگایەك ئامادە بکرێ، وەکو:**

١- دەکرێ چاپی کارتی پێویست بەئامێری چاپی ئاسایی ئەنجام بدرێت.

٢- دەکرێ کارتی سەرەکیی لەچاپ بدرێ و پاشان بڕی پێویست کارتی تری لەسەر کۆپی بکرێت.

٣- دەتوانرێ کارت لەو دامو دەزگایانە بکڕدرێن کە مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ئەم خزمەتگوزارییەدا دەکەن، وەك کتێبخانەکانی کۆنگرێسو بەریتانی.

٤- دەتوانرێ ئامێری کۆمپیوتەر بەکاربهێنرێ بۆ دروستکردنو چاپی زانیارییە بیبلیۆگرافیاییەکانو پاشانیش راکێشانی لەشێوەی کارتدا.

**٣-پێڕستی پەڕە پەڕە** Sheaf Catalog:

شێوەیەکی نوێو داهێنانێکی ئیتالییە، بەڵام ئەم جۆرە پێڕستە بڵاونەبووەتەوە، تەنیا لە چارەکی سێیەمی سەدەی نۆزدەیەمدا نەبێت، شێوەشی لە پێڕستی کتێبو پێڕستی کارت دەچێتو لە نێوانیاندایە، هەرچەندە قەوارەی بچووکەو جێگە کەم دەگرێو تێچوویشی هەر کەمە لە چاو پێڕستی چاپکراودا، بەڵام کەموکورتیی زۆرە، لەوانە: زوو دەدڕێو دەشێوێ، بەشەکانی زۆرن بۆ کتێبخانە گەورەکان، هیچ ئامرازێکی رێنمایی ناخرێتە نێویانەوە، هەر بۆیە بەکارهێنانی زۆری نەخایاندوە،

تەنیا کتێبخانەی قـاهیرە نـەبێ کـە تـا سـاڵی ١٩٧٤ بـەکاریهێناوە، ئـیتر ئـەوانی تـر گۆڕاون بە پێڕستی کارت.

**٤- پێڕستی بینراو** Visible Catalog:

لە تەنی کانزایی پێکهاتووە کە بەتەنیشت یەکەوە دادەنرێن بەشـێوەی ئاسـۆیی، لەسـەر هەریەکـەیان کـارتی لاکێـشەیی دادەنـرێ کـە زانیـاریی بیبلیـۆگرافی سەرچـاوەکەی لەسـەرە، ئەمانـە لـە چـەکمەجەی تایبەتـدا دادەنـرێنو هەریەکـەیان بەشـی پـەنجا کـارت دەکـەن. ئەمانـە لەبەشـی خولاوەکانـدا بـەکاردێنو قـەوارەی هەرکارتەش (١٣×٢٠سم)ەو جێگای تۆماری زانیاریی پێویستی لەسەر دەبێتەوە، بـۆ هەر خولاوەیەكو بۆ ماوەیەکی زۆر.

**٥-پێڕستی ئەلیکترۆنی** Automated Catalog:

دوو جۆری سەرەکیی هەیە بۆ ئەم شێوە پێڕستانە:

**یەکەم:** تیایدا کارتەکان لەسـەر بـچووككراوە فیلمییـەکان وێنـەیان گیراوەتـەوە، وەك مـایکرۆفیلم یـان مـایکرۆفیش، ئـەویش بریتییـە لـە وێنەگرتنـەوەی بـچووككراوەی زانیارییەکانی پێڕست کە دەبێ لە کاتی خوێندنەوەیاندا بە ئامێری تایبەت گەورە بکرێن.

**دووەم:** دەروازەکان لە کۆمپیوتەردا دەپارێزرێن.

سەرەتا بەکارهێنانی کارت زیاتر بـوو لـە کۆمپیوتـەر بـۆ تەماشـای پێڕسـتەکان، بـەڵام گەشـەکردنی تەکنـەلۆژیای کۆمپیوتـەرو بەکارهێنانـە جۆراوجۆرەکـانی لـە کتێبخانەدا وایکرد ئەنجامی سەرسوڕهێن بێتە دیـی، وەك ئامـادەکردنی مـایکرۆفیلمو مـایکرۆفیش بـۆ پێڕسـتی ئـەوتۆ کـە ملیۆنێـك دەروازە لـە خـۆ بگـرێ لـەماوەی سەعاتونیوێك بۆ هەشت سەعات، ئەمە وایکرد ململانێی توند لەگەڵ پێڕستی کارتـدا بێتـە ئـاراو کتێبخانـە بتوانـێ هـەر سـێ مـانگ جارێـك پێڕسـتێکی نـوێ دەربکـاتو لەسەری کۆپی بکرێتەوە.

لەگەڵ زۆربوونی کتێبخانەکاندا، بەکارهێنانی ئەم جۆرە پێڕستە زیادی کردووە، بە تایبەت کە تێچووی لەوانی تر کەمترە، لەگەڵ گەڕانەوەی جێگای بەکارهێنانی بۆ کتێبخانە.

پێڕستی کۆمپیوتەری، یان ئەلیکترۆنی، لە دوای ئەنجامدانی کارەکانی پێڕستدا دەرکەوتووەو سەرچاوەی پێویست لە کتێبخانەیەك، یان کتێبخانەکاندا دەخاتە بەردەستی توێژەر.

ئەم جۆرە پێڕستە بەباش بەکاردێتو بە ئاسانی نوێدەکرێنەوەو لە ڕێکخستنو لەبەرگرتنەوەو بەرگ تێگرتندا وەك شێوەکانی تر گرفتیان نییە، لە شێوەکانی پێڕستی ئەلیکترۆنی (MARC)ە کە لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە کتێبخانەی کۆنگرێس کاری لەسەرکردوەو زانیارییە بیبلیۆگرافییەکانی لەسەر (CD) بە سەر کتێبخانە بەشدارەکاندا دابەشکردوە.

نوێترین پێڕست (پێڕستی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ)یە بە سیستەمو تۆڕەکانی زانیارییەوە (Online cataloging) کە بە (پێڕستی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی خەڵکی) ناودەبرێ، تۆڕیOCLCی ئەمریکی دیارترین تۆڕی زانیاریی ئەم بوارەیە، ئەویش ساڵی ١٩٦٧ لەلایەن کتێبخانەی (کۆنگرێس)ەوە دەرکراوە.

لەم ڕێیەوە، زانیاریی پێویست لە کاتێکی کەمو بەشێوەیەکی تەواو و بە چاپکراوی دەگاتە دەست، لەگەڵ ئەوانەشدا پێڕستی ئەلیکترۆنی تێچووی زۆرەو بەکارهێنانی لەلایەن کارمەندو سوودمەندانەوە پێویستی بە مەشقو ڕاهێنانی زۆرە.

## جۆرەکانی پێڕست:

### ١- پێڕستی بەش بەش:

أ- پێڕستی نووسەر (پێڕستی نووسەرانو ناوەکان).

ب- پێڕستی ناونیشان.

ج- پێڕستی بابەت.

**٢- پێڕستی فەرهەنگی:**

سیستمی ئەمریکییەو تیایدا دەروازەی نووسەرانو ناونیشانو ناونیشانو بابەت ڕێکدەخرێتو بە شێوەی هیجائی ریزبەند دەکرێنو بە کەڵکی کتێبخانەی بچووك دێت.

**٣-پێڕستی پۆلێنکراو:**

کە بەپێی ژمارەکانی پۆلێن ڕێکدەخرێن.

## جۆرەکانی کارت:

**کارتی سەرەکیی:** ئەو کارتەیە کە تیایدا دەروازەی سەرەکیی ناوی ( نووسەر یان ناونیشانە).

**کارتی زیادکراو:** بۆ هەر دەروازەیەکی زیادەیە (ناونیشان، نووسەری بەشدار، وەرگێر، یان سەرەبابەت...) دەروازەی زیاد (دووری دووەم)دا تۆمار دەکرێت، گەر درێژ بوو، ئەوا لەسەر دوورایی سێیەم تەواو دەکرێت.

**کارتی گواستنەوە، ڕێگانیشاندان:** بۆ گواستنەوەی سوودبەخش لە دەروازەیەکی بەکارنەهێنراوەوە بۆ یەکێکی تری بەکارهێنراو.

**کارتی گواستنەوە:** بۆ گواستنەوەی سوودبەخش لە دەروازەیەکی بەکارهێنراوەوە بۆ یەکێکی تری بەکارهێنراو.

## بەشەکانی کارت

لە چوار بەشی سەرەکیی پێکدێت:

١- ژمارەی داواکردنی سەرچاوە (پۆلێن).

٢- دەروازەی سەرەکیی.

٣- وەسفی بیبلیۆگرافی.

٤- بەدواداچوونەکان.

## وەسفی بیبلیۆگرافی

لەهەشت بەش پێکدێن بۆ تۆماری ئەم زانیارییانە:

١- ناونیشانو خستنەڕووی بەرپرسیاریی.

٢–چاپ.

٣–خەسڵەتە دیاریکراوەکانی بابەتەکە.

٤–بڵاوکردنەوە، دابەشکردنو ...تاد.

٥–وەسفی ماتریاڵی.

٦–زنجیرە.

٧–سەرنج.

٨–ژمارەی نێودەوڵەتیی سەرچاوەکان.

**بنەماکانی پێڕست**

١– **بنەماکانی بانتزی:** یەکەمین بنەمایە کە لەلایەن کەسێکی ئیتالییەوە بە ناوی (بانتزی) دانراوەو لە ١٩ بنەمادایەو ساڵی (١٨٤١) دانراوەو تا ساڵی ١٨٨٧ کاری پێکراوە.

٢– **بنەماکانی جویت:** ئەمریکییەو ساڵی ١٨٥٢ بنەماکانی پێڕستی داناوە.

٣– **بنەماکانی کەتەر:** یەکەمین بنەمای بۆ پێڕستی فەرهەنگی داناوە لە ١٨٧٦ دا، تیایدا دەروازەی نووسەرو ناونیشانو بابەتی گرتۆتەخۆ.

٤– **بنەماکانی بروس:** ساڵی ١٨٨٦ لەسەر دەستی کارمەندی کتێبخانە (کارل) دانراوە.

٥– **بنەماکانی ڤاتیکان:** ساڵی (١٩٣١) بڵاوبووەتەوە، بەمەبەستی یارمەتیدانی ئامادەکردنی پێڕستی فەرهەنگی نوێ بۆ کتێبخانەی ڤاتیکان دانراوە.

٦– **یاسای پێڕستی پۆلێنکراو:** لەئامادەکردنی زانای کتێبخانەکانو خەڵکی هندستان (رانگاناسان)ە و یەکەمین چاپی لە ١٩٣٤دا بڵاوبۆتەوە.

٧– **یاسای ئەنگلۆ ئەمریکی:** هەر یەك لە بەریتانیاو ئەمریکا بەشداربوون لەدەرکردنیدا، ساڵی ١٨٨٣ کۆمەڵەی کتێبخانەکانی بەریتانیا بنەماکانی پێڕستیان دەرکردوە و هەمان ساڵ کۆمەڵەی کتێبخانەکانی ئەمریکا (بنەما پوختەکانی پێڕستی نووسەرانو ناونیشان)ی دەرکردوە.

## سوودەكانی بەكارهێنانی پێڕستی ئەلیكترۆنی

١- یاریدەی سوودمەندان بە دەرفەتی زۆرتر.

٢- بەرەو پێشەوەچوونی توانای پێڕستكار.

٣- نەمانی گرفتی تێچووی چاككردنەوەی پێڕستی كارتەكان.

٤- گێڕانەوەی جێگا.

٥- جێگابوونەوەی ژمارەی زۆر لە كارتەكان لەسەر سیدی كە چێوەكانیان لە ٣,٥٠ تا ٥,٢٥ ئینج تێناپەڕێت.


٦- خێرایی نوێكردنەوەی زانیارییەكان.

٧- پێڕستی بابەتەكە بۆ یەكجارو بەكارهێنانی لە كتێبخانە بەشدارەكانی سیستمی پێڕستی ئامێرسازیی (كۆمپیوتەری).

٨- دەركردنی پێڕست لە شێوەی چاپكراودا بە ماوەیەكی كورت، واتە لە شێوەی (كتێبی چاپكراو، پێڕستی كارت، شێوەی بچووككراوە)دا.

# بەشی دووەم

# پێڕستی وەسفیی



## پێڕستی وەسفیی Descriptive Cataloging:

بەشێوەیەکی گشتی، پێڕست بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەش دەکرێت:

**١-پێڕستی وەسفیی:**

ئەو پێڕستەیە بایەخ بەوەسفی شێوەی ماتریالّی کتێبو سەرچاوە دەدات لەرێی هەندێ زانیارییەوە کەوا وێنەیەکی بچووککراوە دەداتە خوێنەر سەبارەت سەرچاوەکان، بە مەبەستی ئاسانکاریی ناسینیانو جیاکردنەوەیان لەسەرچاوەی تر[1]. هەرچەندە پرۆسەی وەسف بۆ ناسینی سەرچاوە پەیوەستە بە پێکهاتەی مادیی، نەك بەبابەتی سەرچاوەکەوە.

**٢- پێڕستی بابەتیی:**

ئەو جۆرەیە لە پێڕست، کە بایەخ دەدات بە پێکهاتەی ناوەرۆکی فکریی، یان بابەتیی سەرچاوەی زانیاریو خۆیشی لە سەرەبابەتەکاندا دەبینێتەوە.

## پێڕستو تەکنیکەکانی

تەکنیکی تایبەت بە پێڕست بەوە پێناسە دەکرێت کە کۆمەڵێ بنەمای پێویستە بۆ رێبەری کردنی پێڕستکاران لەکاتی ئامادەکردنی پێڕستی کارتەکاندا کە دەروازەو زانیاریی وەسفی لەخۆ دەگرن، دەتوانین بڵێین گرنگترین تەکنیکی پێڕستی نوێ کە یارمەتیی یەکخستنو چاککردنی پرۆسەی پێڕستی داوە لە کتێبخانەکاندا، یاسای پێڕستی (ئەنگلۆ- ئەمریکی) و (یاسای نێودەوڵەتیی وەسفی بیبلیۆگرافی)ن.

سەبارەت بە یاسای پێڕستی ئەنگلۆ-ئەمریکی کە بە (AACR) ناسراوە، یەکەمین چاپی ساڵی ١٩٦٨ دەرکراوە لە دوو تێکستدا کە یەکەمیان تایبەتە بە ئەمریکای باکوورو دووەمیشیان تایبەتە بە بەریتانیا، ئەوەش لە ئەنجامی هەندێ جیاوازیدا بوو لە روانینە بنەماکان، دیارە چوار لایەنی تایبەتمەند بە کاروباری

---

[1] عمر احمد همشري: أساسيات علم المكتبات و التوثيق و المعلومات،ص١٦٢.

کتێبخانەو زانیارییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی بەشدار بوون لـە دەرکردنـی ئـەو ڕێسایانەدا، ئەوانیش بریتی بوون لە :

١-کۆمەڵەی کتێبخانەکانی ئەمریکا.

٢-کتێبخانەی کۆنگرێس.

٣-کۆمەڵەی کتێبخانەکانی بەریتانیا.

٤-کۆمەڵەی کتێبخانەکانی کەنەدا.

**چاپی یەکەم (AACR 1) لەم بەشە سەرەکییانە پێکهاتبوو:**

**یەکەم:** دەروازە (Entry)و سەر (Heading)، ئەمانە لەپێنج بەش پێکهاتبوونو تایبەتبوون بە بنەماکانی دەروازە.

**دووەم**: وەسف (Description) کە لە چوار بەش پێکهاتبوونو تایبەت بوون بـە بنەماکانی وەسفی کتێبو خولاوەکانو چاپکراوە یەکەمینەکانو لەبەرگیراوەکان.

**سێیەم**: سەرچـاوەی جگـە لـە کتێـب (Non-Book Materials) کـە بـریتین لـە شــەش بــەش، ئــەوانیش بنــەمای تایبــەت بــە فــیلمو نەخــشەو ئەتلــەسو تۆمــارە دەنگییەکانو وێنەو.. تاد.

هەر لەگەڵ دەرچوونی چـاپی یەکـەمی بنـەماکانی پێڕسـتی ئـەنگلۆ- ئـەمریکی، داواکـراوە پێداچـوونەوەی بـۆ بکرێـت، بەتایبـەت کـە لەگـەڵ بیروڕاکـانی کـۆنگرەی پاریس بۆ پێڕستی نێودەوڵەتیی بە تـەواویی نـەدەگونجا، ئـەو کۆنگرەیـەی لەلایـەن یەکێتی نێودەوڵەتیی کۆمەڵەی کتێبخانەکان (IFLA) وە ساڵی ١٩٦١ سەرپەرشتیی کرا. هەرچۆن لەگەڵ دەرچوونی ئەو چاپەدا کۆمپیوتەر لە کتێبخانەکاندا بـەکارهاتو ئەوەش وایکرد چاو بەو بنەمایانـەی پێڕسـتەکەدا بگێڕدرێتـەوەو بـە پێـی پێویـستی کتێبخانەکان هەموارکردنی تیادا بکرێت.

ســاڵی ١٩٨١ دووەمــین چــاپی (AACR2) بڵاوکراوەتــەوە، کــە بــەری ڕەنجــی کۆمەڵەی کتێبخانەکان بوو لە ئەمریکاو بەریتانیاو کتێبخانەی کۆنگرێسو کتێبخانەی

بەریتانیو لیژنەی کەنەدیی بۆ پێڕست، ئەم چاپە کاریگەریی بیروڕاکانی پاریسو هەوڵەکانی ڕێکخراوی یۆنسکۆو یەکێتی نێودەوڵەتیی کۆمەڵەی کتێبخانەکان (IFLA)ی لەسەربوو، لەگەڵ کاریگەریی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە کارەکانی پێڕستداو بەتایبەت پێڕستی خوێندراوی ئەلیکترۆنی (MARC).

دووەمین چاپی بنەماکانی پێڕستی ئەنگلۆ-ئەمریکی (AACR2) گۆڕانی بنەڕەتی بوو لە ڕێگای بەنێودەوڵەتی کردنی بنەماکانی پێڕستدا، هەربۆیە زۆربەی وڵاتان، بە وڵاتە عەرەبییەکانیشەوە وەریانگێڕا، ساڵی ١٩٨٣ وەرگێڕدراوی عەرەبیی ئەو چاپە لەلایەن کۆمەڵەی کتێبخانەکانی ئوردنەوە بڵاوکراوەتەوە[٢].

دەتوانرێت جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان چاپی یەکەمو دووەمی بنەماکانی پێڕستی ئەنگلۆ- ئەمریکی لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

- زیادبوونی ژمارەی گروپی بەشدار لەئامادەکردندا بۆ چوار تا پێنج گروپ، هەروەها دەرکردنی چاپی دووەم لەیەك تێکستدا لەبری دوو تێکستی تایبەت بەئەمریکاو بەریتانیا.
- چاپی دووەم تەنیا لە دووبەشی سەرەکیی پێکهاتووە، لەبری سیانەکەی چاپی یەکەم، بەشی یەکەم تایبەتە بەوەسفی سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی زانیاری، دووەمیش تایبەتە بە دەروازەی سەرجەم سەرچاوەکانی زانیاری.
- دەرکەوتنی سێ ئاستی جیاوازی پێڕست لەچاپی دووەمدا، بەشێوەیەك لەگەڵ پێویستی کتێبخانەکاندا بگونجێت، ئەوانیش ئاستەکانی کورتو مامناوەندیو درێژەدارن.

---

[٢] قواعد الفهرسة الانكلو-امريكية: الطبعة الثانية ١٩٧٨/تعريب محمود اتيم-عمان: جمعية المكتبات الاردنية،١٩٨٣.

- گۆڕانکـاریی دیـار لــه ڕەگــەزەکانی وەسـفدا، بەتایبــەت لەنیـشانەکانی بەژمارەکردندا، ئەویش بۆ گونجاندن لەگەڵ تەکنیکی نێودەوڵەتیی وەسـفی بیبلیـۆگرافی(ISBD)، بەشـێوەیەك یاریـدەدەر بـێ لەئاسـانکاری گـۆڕینی کـارتی پێڕسـت لەشــێوە تەقلیدییەکــەوە بــۆ شــێوەی خوێندنــەوەی ئەلیکترۆنی.
- ئەنجامـدانی هــەموارکردنی بنـچینەیی لـە بەشـێکی بنـەماکانی دەروازەدا، بەتایبەت دەروازەی دەستەو دامەزراوەکانو بنـەمای دەروازەکـانی تایبـەت بەو سەرچاوانەی کە کتێب نین.
- پــەیڕەوکردنی سیـستمێکی نـوێ بـۆ بـەژمارەکردنی بنـەماکان، بنــەمای (21.23.C) ئاماژەیە بۆ بنەمای فەرعیی (C) لەبنەمای 23ی بەشی 21داو بەو شێوەیە[٣].

سەبارەت بەیاسای (خاڵبەندیی) نێودەوڵـەتیی وەسـفی بیبلیـۆگرافیی (ISBD)، یەکەمین چاپی ساڵی ١٩٧٤ بڵاوکراوەتەوە بەناوی (ISBDM)و سـاڵی ١٩٧٨ ئـەو چـاپە پێداچـوونەوەو وردبینـی بـۆ کـراوە، ئـەم خاڵبەندییـە کـە لەلایـەن IFLA وە بڵاوکراوەتەوەو بریتی بووە لە (وەسف)و دەروازەکـانی لـە خۆنـەگرتووە، زانیارییـە بیبلیۆگرافییــەکان بەســەر چــەند بەشــێکدا دابەشــبوون کــە بەنیــشانە ژمارەییــە دیاریکراوەکــان بەیــەکترەوە بەســتراونەتەوە، هــەر نیــشانەیەو ئــەرکێکی تایبــەت دەبینــێو مەبەسـتی گـشتیش لـەم خاڵبەندییـە یاریدەدانـە لـە هاوکـاریو ئـاڵوگۆڕو پەیوەندیی نێودەوڵەتیی لە بواری زانیاریی بیبلیۆگرافیدا لەڕێی:

**یەکەم**: تۆماری سەرچاوە جۆراوجۆرەکان توانای بەکارهێنانیان دەبێت، تۆمـاری دەرچوو لە وڵاتێکی دیاریکراودا لە توانادایە لە وڵاتێکی دیکەدا بە ئاسانی سوودی لێ وەربگیرێت.

---

[٣] انظر: سعد الهجرسي: القواعد الانكلو-امريكية للفهرسة،١٩٨١.

**دووەم**: یارمەتیـــدان بـــۆ گـــۆڕینی تۆمـــارە بیبلیۆگرافییـــەکان لـــە شـــێوازە تەقلیدییەکەدا بۆ شێوەی خوێنراوی ئەلیکترۆنیی بەهۆی کۆمپیوتەرەوە.

**سـێیەم**: یارمەتیـدان بـۆ شـیکردنەوەی تۆمارکراوەکـانو لێکدانـەوەی ئاسـتەنگە زمانەوانییەکان.

**یەکێتی نێودەوڵەتیی کۆمەڵەی کتێبخانەکان (IFLA) ئەم ڕێساو تەکنیکە نێودەوڵەتییانەی دەرکردوە:**

–خاڵبەندیی نێودەوڵەتیی بۆ وەسـفی بیبلیـۆگرافیی (گـشتی/ تـدوب ع) (ISBD)(G) ساڵی ١٩٧٤.

–خاڵبەندیی نێودەوڵەتیی بۆ وەسفی بیبلیـۆگرافیی (کتێـب/ تـدوب ك) (ISBD)(M) ساڵی ١٩٧٨.

–خاڵبەندیی نێودەوڵەتیی وەسفی بیبلیـۆگرافیی (زنجیرەکـان/ تـدوب د) (ISBD)(S) ساڵی ١٩٧٧.

– خاڵبەندیی نێودەوڵەتیی وەسفی بیبلیـۆگرافیی (کتێبـی کـۆن) (ISBD)(A) سـاڵی ١٩٨٠.

–خاڵبەندیی نێودەوڵەتی وەسفی بیبلیۆگرافیی (کەرەستەی جیا لـە کتێـب/ تـدوب م. غ. ك) (ISBD)(NBM) ساڵی ١٩٧٧.

–خاڵبەنـدیی نێودەوڵـەتیی وەسـفی بیبلیـۆگرافیی (موزیـك) (ISBD)(P.M) سـاڵی ١٩٧٧.

–خاڵبەندیی نێودەوڵـەتیی وەسـفی بیبلیـۆگرافیی (بابـەتی نەخـشە) (ISBD)(C.M) ساڵی ١٩٧٧.

–تائێستاش کۆشش بەردەوامە بـۆ ئامـادەکردنی خاڵبەنـدی دەستنووسـەکان (MS)و وتاری خولاوەکان (CP).

خالّبەندیی نێودەوڵـەتیی بـۆ وەسـفی بیبلیـۆگرافیی پێـشکەوتنی گـرنگ بـوو بـۆ زانـستی کتێبخانـەو زانیارییـەکان بەشـێوەیەکی گـشتیو بـۆ پێڕسـت بەشـێوەیەکی تایبەتی، چونکە ئاسانکارە بۆ ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتیی بۆ زانیارییە بیبلیۆگرافییەکان لەرێی یەکخستنی رەگەزەکانی وەسفو دیاریکردنی سیـستەمو رێکخـستنی تایبـەتیی ئەو رەگەزانە لە کـارتی پێڕسـتدا، هـەروەها دیـاریکردنی سیـستەمی گونجـاو بـۆ ئـەو هێمایانەی کە لە ژمارەکردنیاندا بەکاردەهێنرێن.

هەرچۆن ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەین کە بەرێوەبـەرێتی دۆکۆمێنـتو زانیارییـەکان لـە رێکخـراوی عـەرەبیی بـۆ پـەروەردەو رۆشـنبیریو زانـست پـشتی بەسـتووە بـە بەشێکی زۆر لە وەرگێڕانی ئەو تەکنیکانە بۆ زمانی عـەرەبی کـە لایـەن مامۆسـتایان (محمود الاخرس، محمود اتيم، صـدقي دحبـور) وەرگێـڕراون، کەهـەموویان ئەنـدامی کۆمەڵەی کتێبخانەکانی ئۆردنی بوونو دیارترینی ئەو وەرگێڕانانەش بریتیبوون لە:

**(تدوب ع) و (تدوب ك) و (تدوب د) و (تدوب م.غ.ك).**

## رەگەزەکانی کارت، یان بەشەکانی

**یەکەم: دەروازەی سەرەکیی کە دەکرێت بەمانە بێت:**

١-نووسەر Author.

٢-ناونیشان لەکاتێکدا کە نووسەر دیاری نەکرابێت.

**دووەم: پانتایی کارت کە بڕگەی یەکەمێتیو سێ بەش لەخۆدەگرێت:**

**١-بەشی ناونیشانو زانیاریی دانان کە بریتییە لە:**

ا-ناونیشانی گونجاو.

ب-ناونیشانی بەرامبەر.

ج-ناونیشانی تر وەکو ناونیشانی ئەلتەرناتیفو ناونیشانی یاریدەدەر.

د-زانیاریی دانان کە بریتییە لە :

–نووسەر.

–نووسەرە بەشدارەکان Goint Author.

–وێنەگر.

–راستکەرەوە.

–شیکەرەوان یان توێژەران.

–پێشەکی نووس.

–کورتکەرەوە و..تاد.

**٢–بەشی چاپ Edition:**

ا–زانیاریی چاپو خەسڵەتی.

ب–ژمارەی چاپ.

ج–زانیاریی دانان (التألیف) پەیوەست بە چاپەوە.

**٣–بەشی زانیاریی بڵاوکردنەوە Imprint Area:**

ا–شوێنی بڵاوکردنەوە place of publication.

ب–بڵاوکەرەوە Name of publication.

ج–مێژووی بڵاوکردنەوە Date of publication.

د–شوێنی چاپو لەچاپدەر Place of printing.

**٤– بەشی لاپەڕەکان Collection Area:**

ا–دیاری کردنی ژمارەی بەرگەکانو لاپەڕەکان.

ب–کەرەستەی روونکردنەوە Llustrative.

ج–قەوارە Size.

**٥– بەشی زنجیرە Series Area:**

ا–ناونیشانی زنجیرە.

ب–ناونیشانی فەرعی ئەگەر هەبێت.

ج–ژمارەی کتێب لە زنجیرەدا ئەگەر هەبێت.

**سێیەم: بڕگە زیادەکان لە کارتدا:**

کە بریتییە لەدووبەش‌و دیاریکردنی بەدواداچوون، ئەوانیش:

**١–بەشی سەرنج‌و ناوەرۆك Notes Area:**

بۆ تۆمارکردنی تێبینی گرنگ کە لەکارتدا نەنووسراون، هەروەها تۆماری ناوەرۆك، دەبێ دوورایی تایبەت بدرێتە هەر سەرنجە.

**٢–بەشی ژمارەی نێودەوڵەتیی کتێب (ISBN) کە بریتییە لە :**

ا–ژمارەی نێودەوڵەتیی کتێب ISBN .

٢–بەرگ BINDING.

ج–نرخ PRICE.

**چوارەم: بەدواداچوون (دەروازەی زیادە بۆ کارت) TRACING:**

دیاریکردنی دەروازەی زیادەیە بۆ کتێب، یان لەسەر رووی کارت یاخود لە پشتەکەیدا دەنووسرێن، ئەگەر لەسەر رووەکەی بوو ئەوا لە دوای بەشی حەوتەم (ISBN)و پێش کونی کارتەکە دەنووسرێ‌و بەم شێوەیە:

–سەرەبابەتەکان.

–نووسەرە بەشدارەکان، وەرگێڕەکان..تاد.

–ناونیشان.

–زنجیرە.

ئەم نموونە کارتە، چۆنێتی رێکخستنی بەشە جیاوازەکان‌و زانیارییەکان نیشاندەدات لەسەر پانتایی کارتی پێڕست:

ژمارەی پۆلین

هێمای نووسەر  دەروازەی سەرەکیی (نووسەر یان ناونیشان)

ناونیشانی سەرەکیی: ناونیشانی فەرعی، یان، ناونیشانی ئەلتەرناتیف=ناونیشانی بەرامبەر/دیاری کردنی بەرپرسیاریی یەکەم؛ دیاریکردنی بەرپرسیاریی دواتر.-چاپی، تێبینی دیاریکراو لەسەر چاپەکە/ دیاریکردنی بەرپرسیاریی تایبەت بە چاپ.

-شوێنی بڵاوکردنەوە: بڵاوکەرەوە، مێژووی بڵاوکردنەوە: (شوێنی چاپ: چاپخانە، مێژووی لە چاپدان).

ژمارەی لاپەڕەکان یان بەشەکان یان بەرگەکان: کەرەستەی روونکەردوە؛ قەوارە+بابەتی هاوپێچ.-(زنجیرە؛ ژمارەی کتێب لە زنجیرەدا).

تێبینییەکان.

ژمارەی پێوانەیی نێودەوڵەتیو بەرگ تێگرتن: نرخ یان مەرجەکانی کڕین.

١-سەرەبابەت     ٢-سەرەبابەتی تر.

ا-نووسەری بەشدار یان وەرگێڕ... تاد.   ب-ناونیشان.   ج-زنجیرە.

## سەرچاوەكانی زانیاریی بۆ وەسف كردن:

**بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبن:**

**١-سەرچاوە سەرەكییەكان:** سەرچاوە سەرەكییەكانی زانیاریی تایبەت بەكتێب لەمانەدا كۆدەبنەوە:

**یەكەم:** لاپەڕەی ناونیشان.

**دووەم:** بەشێك لە كتێبەكە كە زانیاریی تەواو دەبەخشێ بەپێی ئەم ریزبەندییە: بەرگ، لاپەڕەی ناونیشانی بەش بەشكراو، ناونیشانی تێكستەكە، نیشانەی كۆتایی.

**سێیەم:** هەر سەرچاوەیەك كە دیاری كرابێت، لەوانەش سەرچاوە (مەرجەعییەكان)و پێڕستی بڵاوكەرەوەكان.

**٢-سەرچاوە دیاریكراوەكانی زانیاریی:** سەرچاوەكانی زانیاریی بۆ كتێب بەم شێوەیەن:

| | |
|---|---|
| بەشی ناونیشانو دیاریكردنی بەرپرسیاریی | لاپەڕەی ناونیشان |
| بەشی چاپ | لاپەڕەی ناونیشانو لاپەڕە بەراییەكانو نیشانەی كۆتایی |
| بەشی بڵاوكردنەوە، دابەشكردن...تاد | لاپەڕەی ناونیشانو لاپەڕە بەراییەكانو نیشانەی كۆتایی |
| بەشی وەسفی مادیو زنجیرە | هەموو چاپكراوەكە |
| بەشی تێبینییەكان | هەر سەرچاوەیەك |
| بەشی ژمارەی پێوانەییو مەرجەكانی پەیداكردن | هەر سەرچاوەیەك |

## بەشەکانی کارتی پێڕست:

### بەشی ناونیشان و دیاریکردنی بەرپرسیاریی:

Title and statement of Responsibility Area

ناونیشان بریتییە لەوشەیەك، یان نیمچە رستەیەك، یان هێمایەك یاخود کۆمەڵێ هێما کە هەمیشە لەبابەتەکەدا باسدەکرێن، بەڵام ناونیشانی تەواو بریتییە لەناوی سەرەکیی بابەتەکە(Title Proper)و لەسەر پێڕستکار پێویستە بۆ وەرگرتنی ناونیشانە تەواوەکە ئەم رێنماییانە جێبەجێ بکات:

١-ناونیشانەکە وەربگرێت، بەناونیشانی ئەلتەرناتیفیشەوە، هەرچۆن لەسەرچاوەکەدا هاتوون.

٢-ئەگەر ناوی نووسەر یان بڵاوکەرەوە، وەك بەشێکی سەرەکیی لەگەڵ ناونیشانەکەدا هاتبوو ئەوا وەردەگیرێت.

٣-هیچ وشەیەك لەناونیشانەکە نەقرتێنێ، مەگەر زۆر درێژ بێت، لەو کاتەشدا نابێ پێنج وشەی یەکەم لابرێت.

٤-گەر سەرچاوەکە ناونیشانی بۆ دانەنرابێت، پێڕستکار ناونیشانی بۆ دادەنێ‌و دەیخاتە نێوان دوو کەوانەوە، بەم جۆرە [ ].

**نموونە:**

بۆ ئەوانەی ناونیشانیان هەیە:

- الوسيط في شرح قانون الاحوال الشخصية الجديد/
- رسائل إخوان الصفا/

بۆئەوانەش کەناونیشانیان نییە:

[حياة هوارى بومدين]/

**ناونیشانی فەرعی، یان لاوەکی، یان زیادە** Sub-title:

ئـــەو ناونیـــشانەیە کـــە دەکەوێتـــە تەنیـــشت، یـــان خـــوار ناونیـــشانی سەرەکییەوەو دەبێتە هۆی شیکردنەوەو روونکردنەوەو ناسـاندنی ناونیـشانی سەرەکیی یەکەم، ئەم جۆرە ناونیشانە بەوە لەوانی تـر جیادەکرێتـەوە کـەوا راستەوخۆ بەدوای ناونیشانی سەرەکیدا دەکەوێتە بەرچـاو، بـەڵام هەسـت بـە وەستانێك دەکرێ لەخوێندنەوەیاندا، هەرچۆن بەقەوارەی پیتەکانیشدا جـودا دەکرێتەوە کەبچووکترن لەسەرەکیی، هاوکات دەتوانرێ لاببرێت بەبێ ئەوەی هیچ کارێك بکاتە سـەر ناونیـشانی سـەرەکیی، ناونیـشانی سـەرەکیی بـەهۆی هێمانی (/) لەیەکتر دادبڕێن، وەکو:

الاردن: نشأتة وتطوره/

البحيرة: ست محاولات لرسم الغروب:شعر/

**ناونیشانی بەرامبەر** Parallel title:

دووبارەکردنـەوەی ناونیـشانی سـەرەکییە، بـەڵام بـەزمانی تـر، هەمیـشە لەتەنیشت یان خوار ناونیشانی سەرەکی دادەنرێت کـە بـە پیتـەکانی هیجـای تـر دەنووسـرێت ئـیتر لـەرێی وەرگێڕانـەوە بـێ یـان (النقحـرة)[٤]، لـەنێوان ناونیـشانی سـەرەکیو ناونیـشانی بەرامبـەر هێمـای یەکسانی (=)دادەنرێـت، وەکو:

**الفهرسه والتصنيف**= Classification and Cataloging/

**الحب:قصه**= Love: a novel/

**ناونیشانی ئەلتەرناتیف** Alternative title

---

[٤] النقحرة: بريتييە لـە گواسـتنەوەی يـان شێوەنووسـی پيتـەكان لەزمانێكـەوە بـۆ يـەكێكی تـر، وەكو: الممتاز Al- Mumtaz.

ناونیشانی تەنیشت یان خوار ناونیشانی سەرەکییەو بریتییە لە بەشی دووەمی ناونیشانی سەرەکیی کە هەردوو وەکو (دوو ناونیشانیان) لێدێت، لەنێوان هەردوو ناونیشانەکە وشەی (یان) دادەنرێت، وشەی یەکەم لەناونیشانی ئەلتەرناتیف لەو زمانانەدا کە پیتی گەورەیان هەیە وەك ئینگلیزی بەپیتی گەورە دەنوسرێن. وەکو:

ماجدولین، یان، تحت ظلال الزیزفون/

**بابەت بەبێ ناونیشانی کۆکەرەوە**

ئەگەر ناونیشانی کۆکەرەوە نەبێت، سەرچاوەی سەرەکیی زانیاری ناونیشانی ناوەرۆکداری هەبێتو یەك یان زیاتریان سەرەکی بوون، ئەو ناونیشانانە وەك سەرەکیی سەیر دەکرێنو ئەوانی تر وەك سەرنج دەنووسرێن، بۆ **نموونە:**

الفیضان: کۆمەڵە چیرۆك/ نووسینی حیدر حیدر

ناوەرۆك: النمل والقات، الرهان، صمت اللیل، الفیضان، الاغتیال، الجوع واللصوص.

بەڵام ئەگەر هیچ کام لە بابەتەکانی ناوەرۆك سەرەکیی نەبوون، یەکیان لەبەشەکانی تر گرنگتربوو، ئەوا دەکرێتە ناونیشانی سەرەکی، بۆ **نموونە:**

— فکرة مجنونة، کۆمەڵێ کورتە چیرۆك، ابراهیم البصري.

— الماء العسکر؛ مجمع الشیاطین/ تألیف سعد مکاوي

**دیاریکردنی گشتیی بابەت**

ئەم بنەمایە بریتییە لەدیاریکردن لەلایەن پێڕستکارەوە، کەوا شتێکی گونجاو، راستەوخۆ بخاتە دوای ناونیشانەکە، بەمەرجێ لەنێوان دوو کەوانەدا بێ بۆ **نموونە:**

الخصائص الکبری [دەستنووس]

الغروب الكبرى [فيلم متحرك]

**دیاریکردنی بەرپرسیاریی**[٥] Statement Of Responsibility:

وەرگرتنی زانیارییە لەبابەتداو پەیوەستە بەکەسانی بەرپرس لەناوەرۆکی فکریی یان هونەریی بابەتەکە، یان ئەو دەستانەی کەبوونەتە هۆکاری لەدایکبوونی بابەتەکە، زانیارییەکانیش بریتیین لە:

- نووسەری سەرەکی.
- نووسەری بەشدار.
- وەرگێڕ.
- ئامادەکار.
- کۆکەرەوە.
- بەرهەمهێنو....تاد.
- دەستەو گروپەکان: وەك کۆمەڵەکانو دامەزراوەکانو کۆمپانیا بازرگانییەکانو حکومەتو دامودەزگاکانیو دەستە ئایینییەکانو کۆنگرەکان.

**بۆنموونە:**

–مدخل الى علم المكتبات/ محمد ماهر حمادة.–

–خطب الجمعة/ اشرف على اعدادها واختيارها لجنة من كبار علماء الأزهر.–

---

[٥] بڕوانە:– قواعد الفهرسة الانكلو امريكية/ تعريب محمود احمد اتيم.

– موجز قواعد الفهرسة الانكلو امريكية/ تعريب محمد فتحى عبدالهادي.

– القواعد الانكلو امريكية للفهرسة/ تعريب سعد محمد الهجرسي.

دیاریکردنی بەرپرسیاریی کە لە سەرچاوەی سەرەکیی زانیارییەکاندا دێت زەق دەکرێتەوەو دەستەواژەی (نووسین یان بەپێنووسی یان وەرگێڕانی) ماودەبرێت، (بەرپرسیاریی) بەشدارییەکان دیاری دەکات، ئیتر نووسین بێت یان وەرگێڕانو .. تاد.

لەنێوان ناونیشانو دیاریکردنی بەرپرسیاریی هێمای (/) دادەنرێت، واتە: ناونیشان/ دیاریکردنی بەرپرسیاریی یەکەم؛ دیاریکردنی بەرپرسیاریی دووەم، **بۆ نموونە:**

ثورة المعلومات/ تألیف ئالان كنت؛ ترجمة حشمت قاسم.

ئەگەر لەدیاریکردنی بەرپرسیاریدا ناوی زیاد لەسێ کەس، یان دەستە بۆ هەمان مەبەست هاتبوو، ئەوا یەکەمیان دیاری دەکرێتو ناوەکانی تر لادەبرێت، لەگەڵ دانانی هێمای لابردن (...)و نووسینی [وآخرون] لەنێوان دوو کەوانەدا، **بۆ نموونە:**

—میادین علم النفس/ محمد محمود الجوهري... [ وآخرون] .

ئەگەر نازناو لەگەڵ ناودا هەبێت، ئەوا نازناو لەم کاتانەدا بەکاردێت:

- کە لەداڕشتنی زمانەوانیدا پێویست بێت.
- کە لابردنی کاریگەریی لەسەر ناوەکەو ناوی بنەماڵەکەی هەبێت.
- کە پێویست بوو بۆ ناساندن، وەکو (تألیف دكتور هیكل)
- کە نازناوی پیاوماقووڵانی بەریتانیا بوو (سێر، لۆرد)

**بۆنموونە:**

مذهبي في الفقة/ تألیف امام المذهب محمد بن ادريس الشافعي

هەروەها (و) ئەگەر لەسەرچاوەی سەرەکیی زانیاریدا هاتبێ، ئەوا دەبێت دابنرێتەوە:

- الحركة النقابية في الاردن/ بقلم علي خريس و صلاح الصفدي.

هەرچــۆن وشــەو دەســتەواژەی کــورتی روونکــاریی لەهەنــدێ حاڵەتــدا دادەنرێ، وەك:

–نصوص فلسفية/ [جمعها وترجمها] يحيي هويدي.

دەکرێ رەگەزەکانی بەشی ناونیشانو دیـاریکردنی برپرسـیاریی بـەمجۆرە کورت بکەینەوە:

ناونیشانی سەرەکی: ناونیشانی فەرعی [دیـاری کردنـی گشتیی بابـەت]= ناونیشانی بەرامبەر، یان، ناونیشانی ئەلتـەناتیف/ دیـاریکردنی بەرپرسـیاریی یەکەم؛ دیاریکردنی بەرپرسیاریی دووەم.

**دیاریکردنی زانیاریی چاپ** Edition

زانیــاریی چــاپ هــەر لەچــاپکراوەکەوە وەردەگیرێــت، بــەڵام کــورتکراوە باوەکان بەکاردێت، هەرچـۆن ژمـارە لـەبریی وشـەکانی نووسـینیان بـەکاردێن (چ٢،چ٤، چ فراوان)، ئەگەر سەرچاوەکە یەکەمین چاپی بـوو ئـەوا ناونابرێـت، مەگەر لەسەر کتێبەکە نووسرابێت.

پێویــستە پێرســتکار جیــاوازیی لــەنێوان ژمــارەی چــاپ Edition و دەرکردنی چـاپکراو Issueو سـەرلەنوێ چـاپکردنەوەReprint بکـات، ئەگـەر گۆڕانیش بەسـەر چـاپەکانی پێـشوودا هـاتبوو، ئـەوا دەبـێ زانیـاریی کـورتو پێویست بخاتە بەرچاو، **بۆ نموونە:**

.ـــ چ ٢

.ـــ چ٣ نوێ

.ـــ چ ٢، زیادکراو و بژارکراو

.ـــ [چ٣، پێداچووەوە]

**دیاریکردنی زانیاریی بڵاوکرنەوە،دابەشکردن و.. تاد** Imprint Area:

ئەوانیش: جێگای بڵاوکرنەوە، دابەشکردن، .. تاد.

ناوی بڵاوکەرەوە، دابەشکار،.. تاد

شوێنی چاپ، چاپخانە، مێژووی چاپ.

**زانیارییەکانی بڵاوکردنەوە، بەمجۆرە ڕیزبەندیی دەکرێت:**

._ شوێنی بڵاوکردنەوە: بڵاوکەرەوە، مێژووی بڵاوکردنەوە (شوێنی چاپ: چاپخانە، مێژووی چاپ).

ناوی شوێنو کەسەکانو گروپو دەستەکان، هەرچۆن هاتوون بەهەمان شێوە دەنووسرێنەوە، بنەمای بنچینەییش ئەوەیە ناوی یەك شوێنی بڵاوکردنەوەو یەك بڵاوکەرەوە بێتو ئەوانی تر فەرامۆش بکرێن، لەکاتێکدا ناوی بڵاوکەرەوەو شوێنی بڵاوکردنەوە لەناوێك زیاتر بوون، باشتر وایە ناوی ئەوانە بنووسرێت کەدەکەونە وڵاتی نووسەرەکەوە، یان نزیك لەوڵاتەکەیەوە.

**بۆ نموونە:**

– الطب العسكري/ اسماعيل الحسيني._ عمان: دار اسامة، ٢٠٠٤.

– اسس التصنيف والتصنيف العملي: ديوي، الكونغرس، العالمي/ تأليف محمود أتيم._ بيروت: دار الجليل؛ عمان: مكتبة المحتسب، ١٩٨٦.

مەبەست لەجێگای بڵاوکردنەوە، ناوی شارە، نەك وڵاتو هەرێمو گەڕەك، ئەگەر شێوەی نووسینی ناوەکان ئاشنا نەبن، ئەوا ڕاستەکە لەنێوان کەوانەدا دیاری دەکرێت، ئەگەر شارەکەش ناسراو نەبوو، ئەوا پێڕستکار دەتوانێ بۆ ناسینەوە ناوی وڵاتەکەش بنووسێ، هەروەها لەوکاتانەدا کەدوو شار یەك ناویان هەبێ.

ئەگەر ناوی بڵاوکەرەوە نەبوو، ئەوا دەبێ شوێنەکانیان لە کارتەکەدا بەبەتاڵی نەمێنێتەوە، بەڵکو بەکورتەی وشەکانی (بێ بڵاوکەرەوە) بەکورتەی (ب.ب) یان بەعەرەبی (د.ن) دیاریی بکرێت. وەکو:

– دمشق: [د.ن]، ١٩٧١.

**زانیاریی سەبارەت بە مێژووی بڵاوکردنەوە، یان دابەشکردن**

ئــەم مێــژووە ســەبارەت بەچــاپەو لەشــوێنی چــاپدا دەنووســرێت، لــەنێوان بڵاوکـەرەوە، یـان دابەشـکردنو مێـژووی بڵاوکردنـەوە، یـان دابەشـکردن هێمـای(،) دادەنرێت بەم شێوەیە:

بڵاوکەرەوە، مێژووی بڵاوکردنەوە.

ئەگەر مێژووەکە بەپێی ساڵی زایینی نەبوو، ئەوا مێژووەکە هەرچۆن نووسـرابوو وەك خـۆی دادەنرێتــەوە، هاوکـات(زایینــی)یەکـە لـەنێوان دوو کەوانـەدا دادەنرێـتو بەمجۆرە:

١٤٠١ك [١٩٨١].

**نموونە:**

.— دمشق: اتحاد الکتاب العرب، ١٩٧٩.

.— طرابلس، لیبیا: الدار العربیة للکتاب، ١٩٨٧.

لەکاتێکدا مێژووی بڵاوکردنەوە بەهەڵە نووسرابوو، دەبێت مێژووە راسـتەکە دوای هەڵەکە لەنێوان دوو کەوانەدا دابنرێتو بەمجۆرە: ١٩٩٨، [واتە ١٩٨٩].

پێڕسـتکار دەتوانێـت مێـژووی مـافی لەچـاپدان لـەدوای مێـژووی بڵاوکردنــەوە دابنێت، ئەگەر لەیەکتر جیاوازبن، بەم شێوەیە:

١٩٦٧، إیداع ١٩٦٥.

هەرچــۆن مێــژووی مــافی لەچــاپدانو مێــژووی چــاپکردن شــوێنی مێــژووی بڵاوکردنەوە دەگرنەوە لەوکاتانەدا کە ئەمەی دواییـان نادیـار بێـت، بـەڵام گـەر هـیچ یـەك لـەو مێژووانـە دیـار نـەبن، ئـەوا مێژوویـەکی بڵاوکردنـەوەی نزیـك دادەنرێـت، هەرچەندە نابێت شوێنی مێژووی بڵاوکردنـەوە بـەتاڵ بێـت، هەرچـۆن جـاران دەبـوو کورتکراوی(ب.م) واتە بێ مێژوو دادەنـرا، بـەڵکو دەبێـت مێژوویـەکی نزیـك بەیـەکێك لەم رێگایانە دابنرێت:

* بــەکارهێنانی دوو مێــژووی ئەگــەریی(احتمــالي) بڵاوکردنــەوە، [١٩٦٧یــان ١٩٦٨].

* بەکارهێنانی مێژوویەکی ئەگەریی،[١٩٥٧].

* بەکارهێنانی ماوەیەکی زەمەنیی ئەگەریی کە لـە ٢٠ سـاڵ تێنەپـەڕێت،[نێـوان ١٩٧٠و ١٩٧٨ ]

* روونکردنەوەی مێژووە نزیکەکە بەمجۆرە، [نزیکەی ١٩٨٥].

* ناوبردنی دەیە، گەر ساڵەکە نادیاربوو ئەگەری دەیەکە هەبوو، [– ١٩٧].

* ناوبردنی دەیەی ئەگەریی،[؟– ١٩٧].

* هەرنەبێ ناوبردنی سەدە، [– ١٩].

* گەر سەدەکەشی نادیاربێ، [؟– ١٩].

هەرچۆنێ بێت، نابێت پێڕستکار بەرامبەر هیچ یەکێك لەم ڕێگایانە دەستەپاچـی بێت، ئەگەر بابەتەکەش لەچەند بەرگێکدا بێتو لەماوەیەکی زەمەنیدا بڵاوکرابێتەوە، ئەوا یەکەمو دوا مێژووی بڵاوکردنەوە دیاری دەکرێتو لەنێوانیاندا داشێك، بەمجۆرە: ١٩٨٧،–

## شوێن و ناوی چاپخانەو مێژووی لەچاپدان

زانیاریی لەسەر چاپ لەوکاتەدا دەنووسرێ گەر نـاوی بڵاوکـەرەوە نـەبێت، ئەمـە دراوەتـە دەسـت پێڕسـتکار، لەگـەڵ زانیارییـەکانی بڵاوکردنـەوە کـە دیـارن(شـوێنی بڵاوکردنــەوە: بڵاوکــەرەوە، مێــژووی بڵاوکردنــەوە)، ئەوانــە لــەدوای مێــژووی بڵاوکردنەوە بەم ریزبەندییە دادەنرێن:

(شوێنی چاپ کە ناوی شارێکە: ناوی چاپخانەن مێژووی لەچاپدان)

**بۆ نموونە:**

(الرباط: مطبعة الرسالة، ١٩٧٠)

ئەگەر مێژووی بڵاوکردنەوە هەرخۆیشی مێژووی لەچاپدان بێت، ئەوا نابێ ئەو مێژووە لە زانیاریی چاپدا دووبارە بێتەوە.

دەکرێ رەگەزەکانی(شوێنی بڵاوکردنەوە، دابەشکردن..) بەمجۆرە کورت بکرێنەوە:

.- شوێنی بڵاوکردنەوە یان دابەشکردن: ناوی بڵاوکەرەوە یان دابەشکار[ئەرکی بڵاوکەرەوە یان دابەشکار]، مێژووی بڵاوکردنەوە یان دابەشکردن(شوێنی چاپ: ناوی چاپخانە، مێژووی لەچاپدان).

## بەشی وەسفی مادیی

ئەم بەشە لەبڕگەیەکی نوێدا دەستپێدەکاتو بەسەر ئەم رەگەزانەدا دابەش دەبێت:

١- **چەندێتی**: ئەویش ژمارەی لاپەڕەکان یان بەرگەکانە، ئەمەش لەکتێبێك بۆ یەکێکی تر جیاوازە.**نموونە**: ٣٥٠ل، یان ٤ بەرگ.

٢- **درێژەی مادیی تر**: کە پەیوەندە بەوێنە روونکەرەوەکانی ناو کتێبەوە، ئەویش بە وشەی(وێنە) ناودەبرێتو راستەوخۆ لەدوای ژمارەی لاپەڕەکان دێتو بەمجۆرە:

٢٥٠ل : وێنە

٩٠ل : نەخشەکان

٣- **قەبارەی کەرەستەکە، یان(دوورایی) کە بریتییە لەدرێژایی، یان قەوارەکەی+ کەرەستەو بابەتی هاوپێچ بەسەرچاوەکە**: ئەویش دیاریکردنی درێژیی کتێبەکەیە، یان لێوارەکەی کە بەلێکدانی پانییەکەی دەکرێتو قەوارەکەی دەردەچێت بە(سم)، بەمجۆرە:

٤٢٩ل : وێنە؛ ٢٠سم

٥٧ل : وێنە، نەخشەی رەنگاو رەنگ؛ ٢٢X٤٨سم

٤- **مـــادەی تـــری هـــاوپێچ:** دەتـــوانرێ لـــە دەروازەدا دانرێـــت، یـــان لەبەشـــی تێبینییەکان، یان لەکۆتایی وەسفی مادیدا لەگەڵ هێمای کۆکردنەوە(+) ، بەمجۆرە:

٨٧ل : وێنە؛ ٢٤ سم+ ١ رێبەری مامۆستا

٩٧ ل، وێنە؛ ١٨,٢٤سم+ نەوار

**بەشی زنجیرە** Series

کۆمـــەڵێك چـــاپکراوی ســـەربەخۆن کـــە ناونیـــشانێکی کۆکـــەرەوە پێکـــەوەیان گرێدەدات، ئەمە بێجگە لەناونیشانی دیاری هەر مادەیە لەو زنجیرە چاپکراوەدا، ئەم بەشە ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

.-(ناونیشانی زنجیرەکە= ناونیشانی بەرامبەر: ناونیشانی فـەرعی/ دیـاریکردنی بەرپرسـیاریی پەیوەسـت بەزنجیرەکـەو ژمـارەی پێـوەری نێودەوڵـەتی زنجیرەکـە* ؛ ژمارە لەچوارچێوەی زنجیرەکەدا.

ناونیشانی فەرعیی/ دیاریکردنی بەرپرسیاریی فەرعیی زنجیرەکە، ژمارەی پێوەری نێودەوڵەتیی بۆ زنجیرەی فەرعی؛ ژمارە لەچوارچێوەی زنجیرەی فەرعیدا).

**نموونە:**

.-(عالم المعرفة: سلسلة كتب ثقافية شهرية)

.-(سلسلة فنون الأدب العربي. الفن التمثيلي؛ ٨)

**بەشی تێبینییەکان** Notes

هەندێك جار دیاریکردنی وەسفی نێو بەشەکان پێویستیان بەزانیاریی تر هەیـەو بەپێی بنـەماکانیش نابێـت لـەو جێگایانـەی کارتـدا دابنرێـت، هەربۆیـە بەشـێکی تـر دانراوە بۆ هەر تێبینییەك كە ناساندنی وردبێت بـۆ ماوەکـەو لەبەشـی تێبینییەکانـدا دادەنرێن، ئیتر پێڕستکار ئازادە لـە تۆمـارکردنی هـەر سـەرنجێکدا لەبڕگـەی نوێـدا، بەڵام دەبێت سەرنجەکان بەزمانێکی پاراوو بەکورتی بنووسرێن، پێڕستکار بۆی هەیە

---

* ردمد= الرقم الدولي المعياري للدوريات.

زیاتر لەسەرنجێك بنووسـێت، لەوكاتـەدا هەریەكـەیان لـەدێڕی خۆیانـدا دەنووسـرێن، بنەماكان ٢١ جۆر سەرنجو تێبینییان دیاریكردوە، لەوانە:

سروشتو فۆرمی ئەدەبیی بابەتەكە، زمانەكەی، جیاوازیی لەناونیـشاندا، بابـەتی هاوپێچ، تێزونامەی زانكۆیی، ناوەرۆكو..تاد.

**بۆ نموونە:**

- چیرۆكێكی نوێی زانستی.
- وەرگێڕانی دەقو دەقی كتێب Computers today.
- ئەم كتێبە وەلامدانەوەیە بۆ كتێبی: الأخلاق/ عبدالوهاب الشعراني.
- زۆربەی بەشەكانی ئەم كتێبە لەگۆڤاری (رسالة المكتبیة)دا بلاوبوونەتەوە.
- نامەیەكی(دكتۆرا)یە –زانكۆی ئوردون، ١٩٩٠.

## بەشی ژمارەی پێوەری نێودەوڵەتیو مەرجەكانی كڕین(نرخ) ISBN

بەشێكە لەبەشەكانی وەسفی بیبلیۆگرافی كتێب، بـەلام ژمـارەی پێـوەری كتێـب ISBN، یان (ردمك) ژمارەیەكی دەگمەنە بۆ كتێبو هەندێ دەوڵـەت بـەكاری دێـنن، بەلام مەرجەكانی كڕین، لەشێوەی نرخی كتێبەكەدایـەو بـەژمارە دەنووسـرێ لەگـەڵ كورتكراوەی دراوی مامەڵە پێكـراودا، هەرچـۆن دەتوانرێـت مـەرجی تـر بنووسـرێت، وەك بێ بەرامبەریی بۆ كتێبخانەكان، یان كەسانێك.

## دیاریكردنی بەدواداچوون Tracing

واتە تۆماری سەرەتاكان بۆ بابەتی پێڕسـتكراو، بێجگـە لـە سـەرەتای دەروازەی سەرەكیی، ئەوانە بەم ریزبەندییە دادەنرێن:

**یەكەم: سەرەبابەتەكان** Subject headings

كـە بریتییـە لـەناوەرۆكی بابـەتیی سەرچـاوەكە، یـەك سـەرەبابەت دەدرێتـە مـادەی پێڕستكراو، بەلام لەكاتێكدا بـەژمارە ریزبكـرێن ئـەوا بـە زیـاتر لەسـەرەبابەتێك دەكـرێن، وەكو:

١– طاقة شمسیة.

٢- الشخصية

يان:

١. ليبيا-تأريخ.

٢. ليبيا- حرب الأستقلال.

**سەرنج:** سەرەبابەت بۆ كتێبی چیرۆك دانانرێت.

**دووەم: دەروازەی زیادەی تایبەت بە بەشدارانی دانان (التألیف):**

ئەویش بەپێی ریزبەندیی كارتەكە دەبێ‌و تیایدا ناوی كەسان، یان ئەو گروپانە دەنووسرێن كە بەشداربوون لە داناندا، ئەوانیش بە ریز لەگەڵ پیتەكانی ئەبجەدی عەرەبیدا دادەنرێن

**نموونە:**

١. زمانی عەرەبی-معاجم.أ. حجازي، مصطفى، مؤلف مشارك، ب. ناصيف، على، مؤلف مشارك. ج. معجم اللغة العربية(مصر).

**سێیەم: دەروازەی یاریدەدەر بۆ ناونیشان:**

لەدوای دەروازەی یاریدەدەر، بەشدارانی بەرپرسیاریی دادەنرێت، بەهەمان زنجیرەو ژمارەوە، تیایدا وشەی(ناونیشان) دەنووسرێت، ئەمەش لەكاتی ناونیشانی ئەلتەرناتیف، یان شێوەیەكی تری دارشتنی ناونیشانەكەدا، وەكو:

١. الزراعة- طرق التدريس.أ. عبدالحميد فوزي، مترجم، ب. العنوان.

**چوارەم: زنجیرە:**

گەر بابەتی پێڕستكراو زنجیرەكەی دیاریكراو بوو، **هەروەها** ویسترا دەروازەیەكی زیادەی بۆ دانرێ لەدوای زانیاریی بەدواداچوونی تایبەت بەناونیشان، ئەمەش ژمارەی ریزبەندی دوای دەروازەی زیادەی تایبەت بە بەشدارانی دانان وەردەگرێت، لەگەڵ دەروازەی تایبەت بەناونیشان، لەگەڵ دیاریكردنیدا وشەی زنجیرە دادەنرێت، بەبێ نووسینەوەی ناونیشانی زنجیرەكەو بەم شێوەیە:

١. الأردن-قانون دستوري.أ. العنوان .ب. السلسة.

# بەشی سێیەم

# دەروازەو شێوەکانی



## دەروازەو شێوەکانی

دەروازە، شوێنی گەیشتنەو تێیدا زانیاری تەواو دەردەکەوێتو بەهۆیەوە دەرگا بەرووی کارەکانی پێرستدا دەکرێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی دەروازە ئەمانە دەگرێتەوە:

١ـ ناوی نووسەر کەبەرپرسی سەرەکیی کارەکەیە، ئیتر کەسێك بێت، یان گروپێك.

٢ـ ناونیشان لەهەندێك کاتدا.

**یەکەم: داخڵکردن بەدانەر**

**اـ خودی دانەر:**

ئەو کەسەیە کەبەرپرسیارە لەداهێنانی ناوەرۆکی هزریی یان هونەریی کارەکە، بۆ **نموونە:**

ـ دانەرانی کتێب

ـ رێکخەرانی بیبلیۆگرافیا.

ـ نەخشەکێشان.

ـ وێنەگران.

ئەوکارەش کەلەلایەن یەك کەسەوە دانراوە هەر بەناوی ئەوەوە دادەنرێت.

**نموونە:**

– عمر، احمد انور.

– المكتبات العامة بين التخطيط والتنفيذ/ تألیف احمد انور عمر.... الخ

– العقاد، عباس محمود.

– موسوعة عباس محمود العقاد الاسلامية/ عباس محمود العقاد... الخ

**لەکاتی دانانی بەرهەم لەلایەن یەك کەسەوە، دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:**

ناوی نووسەر بەشێوەیەکی یەکگرتوویی دادەنرێت، هەرچۆن کاری پێڕست دەیخوازێ، بەبێ هیچ پابەندبوونێك بەلاپەڕەی ناونیشانەوە، بەتایبەتی ئەگەر ناوی نووسەر بەتەواوی نەنووسرابوو.

**نموونە:**

بەرهەمەکانی: محمد هیکل، محمد حسنین هیکل،م، ح.. هەموویان لەژێر یەك دارشتنی یەکگرتوودا کۆدەبنەوە، وەکو:

هیکل، محمد حسنین.

ئەگەر هاتوو ناوی دوو نووسەر لەیەك بچن دەبێت لەدەروازەدا جیاوازییان بخرێتەڕوو، ئەویش بە:

- دیاریکردنی ناسنامەو فەرمانی هەر یەکێك لەنووسەرەکان، یان.
- دیاریکردنی مێژووی لەدایکبوون یان مردنیان.

حسین، طه (نووسەر).

حسین، طه (پزیشك).

عباس، احسان، ١٩٢٠-

عباس، احسان، ١٩٥١-

باشتریش وایە، ناوی نووسەر ئەگەر بەکورتی لەلاپەڕەی ناونیشاندا هاتبوو، ناوەکەی تەواو بکرێت، بەتایبەت ئەگەر لە یەکچوو بوون دەبێت بەم شێوەیە بێت:

**نموونە:**

تركي، محمد احمد.

الرياضة، تأليف م.أ.تركي.

لەم کاتەدا دەبێت کارتی ڕێنیشاندەر (احالة) لەناوی کورتکراوەوە بۆ ناوی تەواو بێت، ئەگەر ئەمەش نەکرا، دەبێت دەروازەکە بەپێی پیتەر سەرەتاکان بێت بۆ دیاریکردنی نووسەری بابەتەکە.

**نموونە:**

ع.ذ.ع

نظرات في السياسة/ بقلم ع.ذ.ع.ـ

لەکاتی ناوە خوازراوەکاندا، دەبێت دەروازەکە بەناوی راستەقینەوە بێت، لەگەڵ دروستکردنی کارتی رێنیشاندەر لەناوە خوازراوەکەوە بۆ ناوە راستەقینەکە.

**نموونە:**

عبدالرحمن، عائشة.

نساء النبي: تألیف بنت الشاطيء.

کارتی رێنیشاندەر (احالة): بنت الشاطيء.

بڕوانە:

عبدالرحمن، عائشة.

ئەگەر ناوە راستەقینەکە نەزانرا، دەبێت دەروازەکە بەناوی خوازراوەوە بێت.

**نموونە:**

بیدبا (الفیلسوف).

کلیة و دمنة/ بیدبا؛ ترجمة ابن المقفع.

کۆڕاییەك لەسەر ئەوە هەیە کە ناوی نووسەر نابێ بڕوانامەی زانستیو نازناوی شەرەفو نازناوی دیکەو پلەی وەزیفیی بچێتە سەر، مەگەر لەوکاتانەدا کە لەبەشی ناونیشانو دیاریکردنی بەرپرسیاریی، وەك نازناوەکانی پیاوماقوڵانی بەریتانیادا، دێن[1].

---

[1] د. ربحي مصطفى علیان: اساسیات الفهرسة،١٩٩٢ ص٥١-٥٢

**نموونە:**

(الفهرسة الموضوعية تأليف الدكتور محمد فتحي عبدالهادي).

عبدالهادي، محمد فتحي.

الفهرسة الموضوعية/ تأليف محمد فتحي عبدالهادي.

یان: (التصنيف تأليف الأستاذ محمود الأخرس)

الأخرس، محمود.

التصنيف/ تأليف محمود الأخرس.

ئەگەر دەستەواژەیەکی دیاریکەر هاتبوو بۆ نیشاندانی ناوی ئەو کەسەی کتێبەکەی داناوە، بەڵام نەتوانرا کەسایەتی نووسەر بەباشی بناسێنرێت، ئەوا دەروازەی کارتەکە وایلێدێت:

(٢ نوفمبر اسطورة حب قصة لمؤلف "أمل ضائع").

مؤلف أمل ضائع.

٢نوفمبر: اسطورة حب/ قصة لمؤلف امل ضائع...تاد.

بەڵام ئەگەر ناوی نووسەر لە لاپەڕەی ناونیشان، یان لەناوەوە، یاخود لە هیچ سەرچاوەیەکی تری وەك ڕێبەری بڵاوکەرەکاندا نەهاتبوو، ئەوا سەرچاوەکە بە ناونیشان دیاری دەکرێتو دانەر، یان نووسەر لە بەشی تێبینیدا دیاری دەکرێت.

**نموونە:**

التطورات الحديثة فی میکانیکا السیارات: صیانة، اصلاح، تشغیل.

بیروت: دار التراث، ١٩٧٧.

أ-ذ، ٣٠٦ص: مصور؛ ٢٤سم.

مجهول التألیف.

## ئەو کارانەی لەنووسینیاندا بەرپرسیاریی هاوبەش هەیە

**ئەوانەن کە دوو کەس یان زیاتر بەشدارن لە دانانیاندا:**

- ئەوانەی بەرپرسیاریی هاوبەشی دوو نووسەریان تێدایە:

ئەو کارانە، دەبێ لەژێر ناوی دانەر، یان نووسەری بەرپرسیاری یەکەمدا بێ (ئیتر کەسێك بێت یان گروپێك)، لەحاڵەتی بەرپرسیاریی هاوبەشدا چەند شتێك رەچاو دەکرێن، لەوانە:

گەر سەرچاوە ناوی نووسەری بنەڕەتیی لەنێوان دوو نووسەرەکەدا دیاری کردبوو، دەبێ دەروازەی سەرەکیی بەناوی ئەو نووسەرەوە بێت، بەچاوپۆشیی لەو ریزبەندییەی کە لەلاپەڕەی ناونیشاندا ناوەکەی تیادا دیاری دەکرێت.

**نموونە:**

(علم النفس تألیف ممدوح مصباح و سید خیرالله) تێبینیەك لە لاپەڕەی ناونیشاندا هەیەو دەڵێت (رۆڵی سەرەکیی بۆ سید خیرالله)یە،

چارەسەر:

خیرالله، سید.

علم النفس/ تألیف ممدوح مصباح و سید خیرالله

ئەگەر تێبینی نەبوو بۆ نووسەری بنەڕەتی، یان بەرپرسیاری یەکەم، ئەوا کارەکە بەناوی نووسەری ناوبراوی یەکەم دەبێ لەسەر لاپەڕەی ناونیشان، لەگەڵ درووستکردنی کارتێکی زیاد بۆ نووسەری بەشدار:

وەکو:

| |
|---|
| الحرستاني، عصام.<br>عالم المرأة، أو، هموم المرأة المعاصرة/عصام الحرستاني، محمد الحسناوي.ــ عمان: دار عمار،١٩٨٧.<br>٢١٣ص؛ ٢٤سم.<br>١. مرأة. ا.الحسناوي، محمد، مؤلف مشارك.[٢]<br>ب. العنوان.<br>ج. العنوان: هموم المرأة المعاصرة. |

دەبێ ناوی نووسەری یەکەم لەگەڵ دووەم جیابکرێتەوە، مەگەر پیتی (و) لەنێوانیاندا لەسەر لاپەڕەی ناونیشان هەبێت، لەوکاتەدا لەبری (،)ی جیاکردنەوە پیتی (و)ەکە دەنووسرێتەوە.

**نموونە:**

الهجرسي، سعد محمد.

المكتبات فى العالم العربي/ سعد محمد الهجرسي، مدحت كاظم... تاد.

لەکاتێکدا ناوی نووسەری کتێبەکەو وەرگێڕ، یان ئامادەکار، یاخود توێژەر.. تاد؛ هەبن، ئەوا دەروازەی سەرەکی بەناوی نووسەرەوە دەکرێ‌و کارتێکی زیاد بەناوی ئەوانی ترەوە دروست دەکرێت، بۆ جیاکردنەوەی ناوی نووسەر لەوانی تر **هێمای** (؛) دادەنرێت.

**نموونە:** –بنديك، جين.

– الأصلاحات المنزلية/ تأليف جين بنديك؛ ترجمة مصطفى بدران.

– ابن ناقيا، عبدالله بن محمد،١٠٢٠، ١٠٩م.

– انجمان في تشبيهات القرآن/ لأبن ناقيا؛ تحقيق مصطفى الصاوي.ـ

**ئەو کارانەی سێ نووسەر بەشدارن تیایاندا**

هەر کارێك سێ کەس بەشداربوون لە نووسینیدا، دەروازەی سەرەکیی بە ناوی نووسەری یەکەمیانەوەدەکرێتو کارتی زیادەش بۆ هەردوو نووسەرەکەی تر دەکرێت، بەڵام دەبێ کۆما لەنێوان نووسەری یەکەمو دووەمدا دابنرێت، هەروەها لەنێوانی نووسەری دووەمو سێیەمدا، مەگەر پیتی (و) لەسەر بەرگەکە لەنێوان ناوی نووسەرەکاندا دانرابوو، لەوکاتەدا کۆماکە دەگۆڕێ بە (و) لە عەرەبیداو (and) لەزمانی ئینگلیزیدا.

**نموونە:**

| |
|---|
| قريصة، صبحي تادرس<br>مقدمة في علم الأقتصاد/ صبحي تادرس قريصة، عبدالرحمن يسري احمد، نعمة الله نجيب ابراهيم.ــ<br>الآسكندرية: دار الجامعات المصرية،١٩٧٣.<br>٥٢٨ص؛ ٢٦سم.<br>١. اقتصاد. ا.احمد، عبدالرحمن يسري، مؤلف مشارك.<br>ب. ابراهيم، نعمة الله نجيب، مؤلف مشارك. ج.العنوان. |

**ئەو کارانەی کەلەسێ نووسەر زیاتریان هەیە:**

لەو کارانەدا، دەروازە بە ناونیشان دەستپێدەکات، دواتر ناوی هاتووی یەکەم نووسەر (وەك سەرچاوەکە) دادەنرێو بەدوایدا سێ خاڵ دادەنرێ (...) کە مەبەستی لابردن دەگەیەنێت، ئینجا وشەی [وکەسانی تر] لەنێوان ئەو دوو کەوانەیەدا دەنووسرێ، کارتی زیادیش بەتەنیا بۆ ئەو نووسەرە دەکرێت، بەم شێوەیە:

الموارد. الإقتصادية/ تأليف محمد صفي الدين... [وآخرون].ــ
القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٧٣.

٥٢٠ص: ايض؛ ٢٥سم.

١.اقتصاد. أ. صفي الدين، محمد... [وآخرون].[٣]

له كاتێكدا گەر ئامادەكەر ، یان وەرگێڕ، یاخود توێژەر هەبوو لەگەڵ ئەو ناوانەدا كە زیاتر لە سێ نووسەرە ئەنجامدەدرێت، ناوی ئەوان لە زانیاریی بەرپرسیارییدا دەردەخرێن، دوای ناوبردنی نووسەری یەكەمو... [وكەسانی تر]و نێوانیشیان بەو كۆمایە دیاری دەكرێت كە خاڵی لەژێردایە (؛)، بەم شێوەیە:

مقدمة في علم الإقتصاد/ تأليف أحمد إبراهيم خليل... [وآخرون]؛ تحرير على السيد..زياد.

## كارە بەشدارەكانی نووسین

**بەرهەمی هەڵبژاردە یان كۆكراوە:**

*ئەگەر هەڵبژاردەكە بەرهەمی یەك نووسەر بێتو كەسێكی تر هەڵبژاردنەكەی ئەنجام دابێتو لە لاپەڕەی ناونیشاندا وەك (كۆكەرەوە) ناوی هاتبێت، ئەوا دەروازەی سەرەكیی بەناوی نووسەرە سەرەكییەكەوە دەبێت، لەگەڵ دروستكردنی دەروازەیەكی زیاد بۆ كۆكەرەوە.

وەكو:

مختارات من شعر المتنبي جمع أحمد خليل.

المتنبي، أبوالطيب أحمد بن الحسين.

مختارات من شعر المتنبي/ جمع أحمد خليل.ـ

*ئەگەر هەڵبژاردەكان بۆ بەرهەمی كۆمەڵە نووسەرێك بوو (چوار یان زیاتر) لەگەڵ بوونی ناوی كۆكەرەوە لەسەر لاپەڕەی ناونیشان، ئەوا كارەكە بەناوی كۆكەرەوە دەبێت، وەكو:

مختارات من الشعر الجاهلي جمعهاو حققها إبراهيم الخالدي.

*گەر ناوی کۆکەرەوە لەسەر لاپەڕەی ناونیشان نەبوو و بەرپرسیاریی کارەکەش بۆ کەسێکی دیاریکراو بوو، ئەوا داخڵکردن بەناونیشانەکە دەبێ.

*سەبارەت کارە وەرگێڕدراوەکان، ئەوا بە ناوی نووسەری بنەڕەتی (ئەسڵییەوە) دەبێت، لەگەڵ درووستکردنی دەروازەیەکی زیاد بەناوی وەرگێڕەوە.

**نموونە:**

الإرشاد الزراعي/ تأليف ديفيد كيلى ترجمة حسين القاسم.

كيلى، ديفيد.

الإرشاد الزراعي/ تأليف ديفيد كيلى؛ ترجمة حسين القاسم.ـــ ...تاد.

ئەگەر ناوی نووسەری سەرەکیش لەناونیشانی کارە وەرگێڕراوەکەدا نەبوو، ئەوا دەروازەی سەرەکیی بە ناونیشان دەبێت، لەگەڵ دەروازەیەکی تر بۆ وەرگێڕ.

**نموونە:**

دع القلق و ابدأ الحياة/ تعريب عبدالمنعم الزيادي.ـــ ...تاد.

ئەوەی بەسەر کارە وەرگێڕاوەکاندا دەچەسپێ، هاوکات بۆ کاری توێژینەوەو راڤەکراوو پێداچوونەوەکانیش هەر وایە.

**کاری سەرۆك دەوڵەت و کاربەدەستە گەورەکان و پاپاکان**

*گەر کارەکان تایبەت بوو، ئەوا راستەوخۆ بەناوی ئەو کەسەوە دەکرێ، بۆ تێکەڵ نەبوونیش ئەوا سیفەتی کەسەکە دیاری دەکرێت، وەکو:

(البحث عن الذات لأنور السادات)

أنور السادات، رئيس مصر

البحث عن الذات/ أنور السادات.ـــ

بۆ کارەکانی سەرەك وەزیران و پەرلەمانتاران و ..تاد، هەر بەو شێوەیە دەبێت.

*بەڵام گەر کارەکان لەلایەن سەرۆکەکان و ئەوانی تر کە خاوەنی سیفەتی گشتین، یان سیفەتی رەسمین دانرابوون، ئەوا دەروازەکەی بەناوی وڵاتەکەوە دەبێت، بەم شێوەیە:

الأردن. ملك (١٩٥٢-: الحسين بن طلال)
خطب العرش، ١٩٢٩-١٩٧٢/جمعها وقدم لها هاني خير.-
عمان: دائرة المطبوعات والنشر، ١٩٧٤.
(كارتێكی زیادیش بۆ هانی خیر دروستدەكرێت)

**دەروازە بە ناوی گروپەوە**

گروپ، یان دەستە، رێكخراوێكە یان كۆمەڵە كەسانێكن ناسراونو بە ناوێكی دیاریكراوەوە وەك یەكەیەك كاردەكەن، وەكو دەستەی دامەزراوەو كۆمپانیاو دامەزراوی دەوڵەتیو پرۆژەكانو بەرنامەو گروپی ئایینیو كۆنگرەكان.

هەروەها گروپی لاوەكی تر هەیە وەك گروپی كتێبخانەی كۆلیژێك، یان تاقیگەیەكی زانكۆیی، هەرچۆن رووداوو بۆنەی مەبەستداری وەك فێستیڤاڵ، پێشبركێی وەرزشیو گەشتو پێشانگاو بازاڕەكانیش، دەستەوگروپی خۆیان هەیە.

ئەو كارانەی لەلایەن گروپێكەوە یان زیاتر ئەنجام دراون، ئەوا دەروازەی گونجاو بۆ دەستەكە دەكرێت، ئەگەر لە چوارچێوەی یەكێك لەم جۆرانەدا بێت:

-كاری خاوەن سروشتی كارگێڕیی، كە گوزارشت لە گروپێك، یان سیاسەتی، یان پرۆسە ناوخۆییەكانیو داراییو بەڕێوەبەرانیو كارمەندانیو سەرچاوەكانی (وەك پێڕست)و كەرەستەكانی... دەكات، راپۆرتەفەرمییەكانو بەڵگەنامەكانیش دەچنە نێو ئەم جۆرەوە.

**نموونە:**

فهرست المخطوطات: نشرة بالمخطوطات التي اقتنتها الدار
بين ١٩٣٩ حتى ١٩٥٥/ اعداد فؤاد الشيخ.— القاهرة:١٩٥٧.

-كارە یاساییو حكومەتیو ئاینییەكانی وەك: یاساكان، بۆنەكان، رێكخراوە كارگێڕییەكان، رێككەوتننامەكان، بڕیاری دادگا، كۆبوونەوەكانی لیژنە تەشریعییەكان.

**نموونه:**

الأردن.

[قانون الشركات].

قانون الشركات الأردني.ــ عمان...الخ.

—ئەوانەی هزری بەکۆمەڵ تۆمار دەکەن، وەك گروپێك، بۆ نموونە راپـۆرتی تـیمو لیژنەکانو بەیاننامەی فەرمی سەبارەت هەڵوێستێکی دیاریکراو.

—بابەتی نەخشە کەلەلایەن دەستەیەکەوە بەرهەمهێنرابێت..وەکو:

الأردن. دائرة الأراضي والمساحة.

فهرس القرى/ رسم و تصميم دائرة الأراضي و المساحة.ــــ عمان: الدائرة، ١٩٧٠.

## نووسەرو نووسەری سەر بەدەستەیەك:

لەکاتێکدا خودی نووسـەرێكو دەسـتەیەك بەشـداربوون لـە کـارێکی دیـاریکراودا، ئەوا دەروازەی سەرەکیی یەکەمجار بەناوی نووسەرکەوە دەبێت:

**نموونە:**

| |
|---|
| هاي، ينجل.<br>مشكلة الغذاء العالمي: كيف نطعم البلايين الجائعين/ تأليف ينجل هاي، هيئة تحرير اتحاد الكتاب العلمية؛ ترجمة فتحي محمد عبدالوهاب.ــ القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب،١٩٧٥.<br>١٩٢ص: مص؛٢٤سم.ــ (اليوم والغد؛١).<br>١. الغذاء.أ.هيئة تحرير اتحاد الكتب العلمية. ب— عبدالتواب، فتحي محمد، مترجم.ج. العنوان:د. السلسلة. |

**نموونە بۆ دەروازەی گروپ و دەستەکان:**

– الأتحاد العام لنساء العراق.

– مسيرة الأتحاد العام لنساء العراق.ـــ بغداد، ١٩٨٠.

– جامعة دمشق، المكتبة.

– فهرس الكتب العربية الموجودة في مكتبة جامعة دمشق.ـــ

دمشق: الجامعة، ١٩٧٩.

## دەروازە بە ناونیشان

لەم حاڵەتانەدا دەبێت:

**یەکەم**: گەر نووسەر ناسراو نەبێت، کارەکەش بەرهەمی دەستەیەك نەبێت، یان گەر زیاد لە سێ نووسەری هەبێت..

**نموونە:**

–الإدارة المدرسية والإشراف الفنى/ تأليف محمد سليمان شعلان...

[واخرون] .ـــ القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٦٩.

**دووەم**: گەر کارەکە هی گروپێك بوو، یان لەژێر چاودێریی ئەواندا بوو:

–المدخل الى علم المكتبات و المعلومات/ اعداد مجموعة من المكتبيين؛ تحرير أنور عكروش و صدقي دحبور.ـ عمان: جمعية المكتبات الأردنية، ١٩٨٢ .

**سێیەم**: ئەگەر کارەکە هی گروپێك بوو، بەڵام نەچووە چوارچێوەی ئەرکە کارگێڕیو ناوخۆییو داراییەکانیو پەیوەندی بە بەڕێوەبەرو کارمەندانو سەرچاوەکانی وەکو(پێڕستو بەڵگەو کەرەستەکانی)یەوە نەبێتو دانەری شەخسیشی نەبێت، وەکو:

الحق.–ع١(يناير١٩٧٠).– القاهرة: اتحاد المحامين العرب،١٩٧٠.

**چوارەم**: تێکستە پیرۆزەکان لە نەریتو مەزهەبی یەکێك لەگروپە ئاینییەکان، وەکو:

– المصحف الشريف.ــ

– الإنجيل، العهد القديم.ــ

**پێنجـەم**: کـارە سەرچـاوەییەکان بەشـێوەیەکی گـشتی کـە دانانیـان پەیوەسـتە بەرەنجی کەسانی ترەوە، وەکو فەرهەنگو ئینسایکلۆپیدیاو بەڵگـەکان، بەناونیـشان دەخرێنە پاڵ کارتی زیادەی ئامادەکەرو کۆکەرەوان، ئەگەر ئەو سەرچاوانە نووسـەر یان دانەریان هەبوو ئەوا داخڵکردنەکە بەناویانەوە دەبێت.

**بنەما تایبەتەکان**

واتــە بنــەمای تایبــەت بەیاســاو ڕێنماییــە کارگێڕییــەکانو دەســتورو سیــستەمو کارەکانی دادگاو پەیمانگاکانو پەیماننامەکان[٢].

* ئەو یاسایانەی حوکم دەکەن یان یەك دەسەڵات ئاراستە دەکەن دەخرێنـە ژێـر دەروازەی دەسـەڵاتەوە، دەروازەی زیـادیش بـۆ کەسـانو دەسـتەی بەرپرسـیار لـە کۆکردنەوەو دەرکردنی یاساکان دروست دەکرێت.

**بۆ نموونە**:

مصر

[قوانين، الخ]

مجموعة القوانين المصرية الصادرة عام ١٩٧٥/ جمع محمود منصور.ــ القاهرة.

(دوای دەروازەی زیادی محمود منصور)

* ئەگەر ڕێنماییە کارگێڕییەکان لەژێر ئاستی یاساکاندا بوو، ئـەوا دەخرێتـە ژێـر دەروازەی دەسەڵاتەوەو ناونیشانێکی یەکگرتووش بەناوی سیـستەمو ڕێنماییەکانـەوە بەکاردێت، **بۆ نموونە:**

الأردن. وزارة التربية والتعليم.

---

[٢] بروانە: محمد السعيد فودة: اشكال المداخل بالفهلرس العربية والاجنبية،١٩٨٥.

هەروەها محمود اتيم: الفهرسة العلمية و العملية،١٩٨٨.

[أنظمة وتعليمات]

تعليمات امتحان شهادة الدراسة الثانوية في الأردن...

* دەستورو پەیماننامەو یاسا سەرەکییەکان دەروازەیان بەو دەسەڵاتە بۆ دەکرێت کە سەرچاوەی دەرکردنیانن:

الأمم المتحدة

[ميثاق]

ميثاق الأمم المتحدة...

* بەڵێننامەو ڕێککەوتنی نێوان حکومەتەکان: ئەگەر لایەنی ڕێککەوتنەکان دوو حکومەت، یان سیان بوو، ئەوا دەروازەکە بەناوی ئەو حکومەتەوە دەبێت کە بەپێی ریزبەندیی هیجایی لەپێشەوە ناوی دێت، وەکو:

السعودية.

[معاهدات، الخ السودان ١٩٤٧ مايو ١٦]

الأتفاقية بين السعودية والسودان حول تنمية ثروات البحر الأحمر...

(دوای دەروازەی سەرەکیو لەژێر: السودان

[معاهدات، الخ السعودية... ] )

*ئەگەر لایەنەکان زیاتر بوون لەسیان، ئەوا (معاهدة)کە دەکرێتە ناونیشان:

اتفاقية الكويت الإقليمية للتعاون في حماية البيئة البحرية من التلوث...

* چاپکراوە ئاینییەکان بۆ گروپە ئاینییەکان لەژێر ناونیشاندا دەبێت، بەڵام سروتو ویردەکانی هەندێ گروپی ئایینی دەخرێتە ژێر ناوی گروپەوە، وەکو:

الكتاب المقدس، ع.ج.

كتاب العهد الجديد لربنا ومخلصنا يسوع المسيح/ مترجم عن اللغة...الخ.

يان

الكنيسة الكاثوليكية.

[قداس. عيد الميلاد].

مقتطفات من خدمة عيد الميلاد الشريف/ وضح بطرياركية الروم الكاثوليك.

* خولاوەکـان، چارەسـەریان کـەمێك لەچارەسـەری کتێـب جیـاوازە، چـونکە دیارترین جیاوازیی خولاوەکان لەگـەڵ کتێبـدا خەسـڵەتی بەردەوامبوونـە، هـەر بۆیـە دەروازەی خولاوەکان کراوەیەو داناخرێ، مەگەر خولاوەکان لە دەرچـوون راگیرێـت، هەرچۆن دەبێت لەکارتی پێڕستی خولاوەکـەدا هـەموو ژمارەکـانی کـە لەکتێبخانـەدا هـەن تۆمـار بکرێـت، کـارتی پێڕسـتی خولاوەکـان بەپلـەی یەکـەم ئامرازێکـە بـۆ دۆزینـەوەی خولاوەکـە، بەپلـەی دووەمـیش تۆمارێکـە بـۆ بـوونی ژمارەکـانی لـە کتێبخانەکەدا، کارتی پێڕستیان ئەم زانیارییانە دەگرێتەخۆ:

- ناونیشان.
- مێژووی دەرچوونی یەکەم ژمارەی کە گەیشتووەتە کتێبخانە.
- شوێنی بڵاوکردنەوە.
- ناوی بڵاوکەرەوە.
- هەفتانە یان مانگانەیە.
- وێنەو ئامرازەکانی تری روونکردنەوە چی تێدایە.


دەکرێت پشت بەرێـساکانی پێڕسـتی ئـەنگلۆ-ئـەمریکی ببەسـترێت بـۆ پێڕسـتی خولاوەکان، چونکە بەشێکی تایبەتی تیادایە بەخولاوەکانو رێگای پێڕست کردنیان.

**نموونە لەسەر بنەما تایبەتەکان**

- قانون حمورابي
- بابل واقدم قانون في العالم/ حمورابي.ــ
- الشيباني، ابو عبدالله بن محمد بن الحسن.
- القانون الدولي الإسلامي: كتاب السيد للشيباني/ تأليف ابو عبدالله محمد بـن الحسن الشيباني؛ تحقيق مجيد خوري: الدار المتحدة للنشر،١٩٧٥.

# بەشی چوارەم

# پێڕستی بابەتی



## پێڕستی بابەتی

ئەو پێڕستەیە کە بایەخ دەدات بەدیاریکردنی ناوەرۆکی فکریی، یان بابەتی سەرچاوەکانی زانیاریی، ئەوەش بەدیاریکردنی سەرەبابەت یان ژمارەکانی پۆلێن ئەنجام دەدرێت.

سەرەبابەت Subject Heading ئەو وشەیە، یان وشانە، یاخود ئەو رستەیەیە کە گوزارشت لە بابەتی کتێبو بەڵگەنامە دەکاتو لەتوانادایە لەژێریدا لە پێڕستی کارتەکاندا، یان دەروازەکاندا هەموو ئەو شتانە بنووسرێت کە چارەسەری بابەتەکە دەکەن، سەرەبابەتەکانیش ریزبەندییان لەگەڵ رێنیشاندەرەکاندایە کە لەپێڕستدا ریزبەندیی هیجاییان هەیە.

## ئامانجەکانی پێڕستی بابەتی

ئامانجەکانی پێڕستی بابەتی لەم خاڵانەدان:

١- نیشاندانی پێکهاتەی کتێبخانە یان سەنتەری زانیاریی لەسەرچاوەو کەرەستە لە بابەتێکی دیاریکراودا.

٢- نیشاندانی هەر سەرچاوەیەکی تر کە پەیوەندییان هەبێت بەو بابەتە سەرەکییەوە[1].

پێڕستی بابەتی لەپێڕستە گرنگەکانی ئەم سەردەمەیە، کە بایەخ بە بابەتو هاوپەیوەندەکانی دەدرێت، بەتایبەت ئەو زانیارییانەی توێژەر لە بابەتێکی دیاریکراودا کاری پێیان دەبێت زۆر لەوە زیاترن لەبەرهەمی نووسەرێکی دیاریکراودا، یان ناونیشانێکی دیاریکراودا چنگ بکەون[2].

---

(1) محمد فتحی عبدالهادي: الفهرسةالموضوعية،ص١٥.

(2) د.ربحي مصطفى عليان: اساسيات الفهرسة، ١٩٩٢،ص٧٢.

**لەئێستادا سێ پێڕستی بابەتی لەبەردەستدان:**

أ- پێڕستی پۆلێنكراو.

ب- پێڕستی بابەتیی هیجایی ـ پۆلێنكراو.

ج- پێڕستی بابەتیی هیجایی.

هـــەر جـــۆرە لەپێڕســـتی بابـــەتی، خەســـڵەتی ئیجـــابیو هاوكـــات گرفـــتو كەموكورتیشیان هەیە.

| |
|---|
| ٨٣٥، ٦٥٧.<br>كمال حسن محمد.<br>نظام المحاسبة الحكومية: دراسة نظرية و عملية/<br>حسن محمد كمال و احمد سامي عثمان.ــ القاهرة:<br>مكتبة عين شمس، ١٩٧٧.<br>١- المحاسبة الحكومية. أ.عثمان، احمد سامي،<br>مؤلف مشارك. ب. العنوان. |

پەیوەندییەكی پتەو لەنێوانی سـەرەبابەتو پۆلێنـدا هەیـە، چـونكە هـەردووكیان بایەخ بەناوەرۆكی فكریی بابەت، یان ناوەرۆكی بابەتیی دەدەن.

پۆلێن بەوە پێناسە كراوە كـە هونـەری ئاشـكراكردنی بابـەتی كتێبـەو ناسـاندنی كتێببیش بەیەكێك لەهێماكانی پلانی پۆلێنـە كـە لەهـەر كتێبخانەیەكدا كـاری لەسـەر دەكرێت. ئاشكراكردنی بابەت هەنگاوی یەكەمە لە پرۆسەی پۆلێنـدا، چـونكە پـۆلێن بەپلـەی یەكـەم دیـاریكردنی بابـەتی كتێبخانـەو پاشـان بەخـشینی یـەك لـەهێما پەیڕەوكراوەكانی پۆلێنە بەو بابەتە، یان ئەو سەرچاوەیە.

كاتێ پۆلێنكار ژمارەی پۆلێنی(٣٧٠)ی سیستمی دیوی دەیـی وەك دەلالـەتێ بـۆ كتێبێكـی پـەروەردە دیـاری دەكـات، ئـەوا سـەرەبابەت دەبێتـە(پـەروەردە)، واتـە

چـوونیەکـی تـەواو هــەیــە لـەنـێوان ژمــارەی پـۆلێنو سـەرەبابەتدا، دەتـوانین بڵـێین ئـەو دووانـە، پـۆلێنو سەرەبـابــەت هـەریــەکـەیــان تــەواوکـــەری ئـــەوی تـــرن.

پێڕسـتکاران سـکاڵای نـەبوونی رێسایەکی یـەکگرتوویان هەیـە کـە بـۆ پێڕسـتی بابەتی لەسـەری کـۆك بـن، هاوکـات بـۆ پێڕسـتی وەسـفیش هـەمان گرفتیـان هەیـە، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك:

١- سەرەبابەت پشت دەبەستێت بە زمان، دیـارە زمانـەکانیش لـەرووی بونیـادو وشەی بەرامبەریانو واتاکانیانەوە لەیەکتر جیاوازن، هەربۆیە بنەماکانی سـەرەبابەت کەبەکەڵکی زمانێکی دیاریکراو دێت بەکەڵکی زمانێکی تر نایەت.

٢- سەرەبابەت گوزارشتە لە بابەت، ئەگەر بەئاسانی نووسەری کتێـب بناسـرێو ناونیشانەکەشی دیاری بکرێت، بەڵام بۆ بابەتی کتێب کارێکی زەحمەتە.

٣- سـەرەبابەت بەپلـەی یەکـەم زاراوەن، زاراوەش کـە بریتییـە لـە بیرۆکەیـەك، بـەپێی چـەند شـتێك لای وەرگـر دەگۆڕێـت، وەکـو تەمـەنی سـوودمەند، پـشتینەی رۆشنبیریی، زانیاریی بابەتیی، پیشەیی، ژینگەی جوگرافی..

٤- سەرەبابەت پـشت دەبەسـتێ بەئـەزموونو توانـای بڕیـاردان، زانـستێك نییـە یاساو رێساو سیستم بیبات بەڕێوە، ئەو لەژێر کاریگەریی رێنماییەکاندا نابێت، بەڵکو پەیوەســـتە بــــەگۆڕانکاریی وەك قــــەوارەی کتێبخانــــەو بایــــەخیو ئــــەزموونی پێڕستکارەوە[٣].

---

[٣] محمد فتحي عبدالهادي: الفهرسة الموضوعية، ص٢٩-٣٠

**هەنگاوە پراکتییەکانی پێڕستی بابەتی:**

دەتوانین هەنگاوە پراکتیکییەکانی ئەم جۆرە پێڕستە لەم خاڵانەدا دیاری بکەین:

١– زانینی بابەتی کتێبەکە.

٢– پێشنیازی سەرەبابەت، یان سەرەبابەتەکان.

٣– گەڕان بەلیستی سەرەبابەتەکاندا.

٤– هەڵبژاردنی سەرەبابەتی گونجاو.

## بنەماکانی هەڵبژاردنی سەرەبابەت

**١- سەرەبابەتی تەرخانکراو:**

پێویستە زاراوەیەك هەڵبـژێردرێت کـە دیاریکراوبێـت، واتـە سـەرەبابەتێ بێـت بـەوردیو بـەکورتی نـاوەرۆکی بابـەت بـدات بەدەسـتەوە، واتـە نابـێ سـەرەبابەت درێژتربێت لەو بابەتەی کتێبەکە پێکدێنێت، وشە، یان دەستەواژەی هەڵبژێردراو کـە مەبەستی بابەت دەگەێنێت، نابێ بەتەنیا دەستبدات بـۆ کتێبـی پێڕسـتکراو، بـەڵکو دەبێ گونجاوبێ بۆ کۆمەڵە کتێبو سەرچاوەی تر لە هەمان بابەتدا.

**دیاریکردن دوولایەنی هەیە:**

**یەکەم:** ئەوەی لە توانادا بێت: ئەویش سەرچاوەکە دیاری دەکات.

**دووەم:** ئـەوەی دڵخوازبێـت: ئەمـە تـەنیا بـەهۆی سەرچـاوەکەوە نییـە، بـەڵکو خواستنی زانیاریو خەسڵەتەکانی کتێبخانەو کۆمەڵگا دیاری دەکەن.

**٢- سەرەبابەتی جێگیر:**

دەبـێ یـەك زاراوە بـۆ گوزارشـت لـە بابـەت بـەکاربێت، بـێ گوێدانـە ئـەو هـەموو زاراوانەی بۆ ئەو بابەتە دەستدەدەن، ئەوانەی نووسەران بەکاریانـدێنن یـان لەزمانـە جیاوازەکاندا دەردەکەون، ئەوەش بۆ ئەوەیە تا کتێبەکانی سەر بەیـەك جـۆر بابـەت

نەکەونە جێگای جیاواز لەپێڕستداو دواتـریش لەسـەر تاخـچنی (رفـوف) کتێبخانـەدا پەرش‌و بڵاو بن.

Cutter چـەند پێـشنیازێکی یاریـدەدەری بـۆ هەڵبـژاردنی زاراوەی گونجـاو خستووەتە بەرچاو:

- ئەو زاراوەیە هەڵبژێرە کەوا لای زۆربەی سوودمەندانی کتێبخانە ئاشنابێت.
- ئەو زاراوەیە هەڵبژێرە کەوا لەپێڕستەکانی تردا بەزۆری بەکاردێت.
- ئەو زاراوەیە هەڵبژێرە کە شیکردنەوەو لێکدانەوەی زۆر هەڵناگرێت.
- ئـەو زاراوەیـە بەکاربێنـە کـە بابەتەکـە بخاتـە پـاڵ ئـەو بابەتانـەی تـر کـە پەیوەندییان پێیەوە هەیە.

جێـی سـەرنجە، ناونـانی هەنـدێ بابـەت لـەوڵاتێکی عـەرەبی بـۆ یـەکێکی تـر لەمەبەستدا جیـاوازە، هەربۆیـە دەبـێ ئـەوەیان بـەکاربێت کـە زۆرتـر بـڵاوە، لەگـەڵ ڕەچاوی تازەیی‌و نوێکردنەوە لەکاتی ئامادەکردنی لیستەکاندا.

**٣- بەکارهێنانی بەربڵاو:**

بەکارهێنانی زاراوەی بییانی کە هاتوونە زمانەوە بـۆ مەبەسـتی هەنـدێ زانیـاریی پەیوەست بە چۆنێتی بەربڵاوییان‌و واتادارییان، وەکو:

تەلەفزیۆن نەوەك ئێستگەی بینراو.

پێویستیشە سەرەبابەت روون بێت، ئەگەر وشەیەك زیاد لەمانایەکی هـەبوو ئـەوا دەبێـت روونبکرێتـەوەو ماناکـەی دیـاری بکرێـت، یـان ئـەو جێگایـەی کـە تیایـدا بەکاردێت.

**بۆ نموونە:**

وشەی(دین)ی عەرەبی بەمانای (ئایین) دێت‌و بەمانای (قـەرز)یـش دێـت، کەواتـە لـەجێی خۆیانـداو بـۆ مەبەسـتی خۆیـان بـەکاردێن، هەرچـۆن وشـەی (الحفـظ) بـەمانای(بیرکەوتنـەوە) دێـت لـە دەروونزانیـداو بـۆ بابـەتی پاراسـتنی ئەرشـیف‌و

بەڵگەنامەکانیش بەکاردێت، هەرچۆن وشەی(عملة) لە کتێبخانە گشتییەکاندا بەکاردێت، بەڵام (مسکوکات) لە کتێبخانەی تایبەتمەند بەو بوارەدا.

## شێوەکانی سەرەبابەت (داڕشتنی سەرەبابەت)

دەتوانرێت ئەم شێوە داڕشتانە بۆ دیاریکردنی سەرەبابەت بەکاربهێنرێن:

**١-سەرەبابەتی سادە (یەك وشە):**

**أ- بە شێوەی تاك:**

بۆ ئەو بیرۆکە سادانە بەکاردێت، کە گوزارشت لە جۆر، یان چەشنێك دەکەن، یەك وشە بەتەنیا بەکاردێت کە گوزارشت لە بابەتێك بکات بە وردی.

**بۆنموونە:**

النبات، الحيوان، السياسة، الأمانة، الفلسفة، الكيمياء..تاد.

**ب- بە شێوەی جووت:**

سەرەبابەت بەشێوەی جووت لەو کاتانەدا بەکاردێت کە بنەڕەتی بابەتەکە لە ناوە جووتەکان بێتو بەبێ ئەوە توانای گوزارشت نەبێت، لەم حاڵەتەدا وشەکە هەردوو پیتی (الألف والنون)ی دەچێتە سەر.

**بۆ نموونە** (اللوزتان، الرئتان، الأذينان).

**ج- بە شێوەی کۆ:**

ئەم شێوەیە بۆ داڕشتنی ئەو سەرەبابەتانە بەکاردێت کە کۆن، بێجگە لەوانەی لە هەردوو بڕگەی (أ)و (ب)دا هاتوون، داڕشتنەکە بەشێوەی (الرفع) واتە (الواو و النون) دەبێت، ئەگەر شێوەکە (جمع المذكر السالم ) بێت. بۆ **نموونە:**

المكتبيون، المعلمون، المزارعون و..تاد، هەروەها داڕشتنەکە (الف والتاء) لەخۆدەگرێت کە بەشێوەی (جمع المؤنث السالم) بێت، بۆ **نموونە**: المعلمات،

المكتبات..تاد. هەندێ جاری تریش (جمع التكسير) بەكاردێت، وەكو: المفرقعات، الطلبة، القوانين)...وتاد.

**٢-سەرەبابەتی لێكدراو:**

مەبەست لەو سەرەبابەتانەیە كە لە دوو وشە یان زیاتر پێكدێن، ئەم شێوەیە بۆ گوزارشت لە بابەتە ئالۆزەكانو چەمكە نوێیەكان بایەخی گەورەی هەیە، كە زەحمەتە بەیەك وشە گوزارشتیان لێبكرێت، پێڕستكاران لە بەكارهێنانی ئەم شێوەیەی سەرەبابەتدا ئاستەنگی گەورە دێتە ڕێگایان، دیارترین سەرەبابەتی لێكدراو بریتین لە:

**ا-سەریارو سەریاركراو(الصفة والموصوف):**

بۆ سەرەبابەتی زمانی عەرەبی لە هەموویان گونجاوترە، زۆرجار دارشتنەكە هەروەك حاڵەتی (الصفة والموصوف) بەپێی ریزبەندیی زمانەوانی دێت، وەكو:

المكتبات العامة، الأدب العربي، الصحة النفسية، الهندسة المدنية، الأشعة الحمراء و...تاد.

**ب- دیارخەرو دیارخراو (المضاف والمضاف اليه):**

هەندێ سەرەبابەت تەواو گونجاون لەشێوەی سروشتیی خۆیانداو پێشخستنو دواخستن هەڵناگرن، بۆ **نموونە:**

- طريق البحث.
- ادارة الأعمال.
- محاكم الجنايات.
- اقتصاديات النفط.
- رؤوس الموضوعات.
- قانون المرافعات.

بەڵام هەندێ سەرەبابەت بەوشەیەکی یەکجار گشتی دەستپێدەکات، کە لەزمانـدا خزمەتی زۆری گەیاندبێت، وەك (علم)، لەم کاتانەدا هەڵگەڕانەوەیان بۆ دەکرێت.

**بۆ نموونە:**

– مکتبات، علم.

– اجتماع، علم..تاد.

هەرچۆن هەندێ سـەرەبابەت بـە وشـەیەکی نادیـار دەسـتپێدەکات، یـان کـەمتر تایبەتمەندە لەوشەی دووەم، بۆ **نموونە:**

– اعداد المعلمین.

– اقتصادیات النفط.

لەم کاتانەدا پێویست بە هەڵگەڕانەوە دەکاتو بەمجۆرەی لێدێت:

–المعلمون، اعداد.

–النفط، اقتصادیات.

**ج–ناوێکی گرێدراو بە ناوێکی ترەوە بەهۆی ئامڕازی پەیوەندیی (و)وە:**

دەتوانرێ ئەم شێوەیەی سەرەبابەت لەم کاتانەدا دابنرێت:

*بابەتە پێکەوە بەستراوەکان کە بەئاسانی لەیـەکتر جیاناکرێنـەوە، ئەوانـەی لـە کتێبدا پێکەوە چارەسەر دەکرێن هەمیشە لەژێر یەك سەرەبابەتدا دێن.

**وەکو:**

– العادات و التقالید.

– العمل و العمال.

– الأرشیف و المخطوطات.

*چارەسەری دوو بابەتی جیاواز لەرووی پەیوەندیی هەریەکـەیان بــەوی تـرەوە،

**بۆ نموونە:**

– الدین والعلم.

- الأطفال والتلفزيون.

*کۆکردنەوەی دوو بابەتی ناکۆك، کە نووسەران راهاتوون پێکەوە چارەسەریان بکەن، **بۆ نموونە:**

- الخير و الشر.
- الشك و اليقين.
- التفاؤل و التشاؤم.
- الجنة والنار.
- المركزية و اللامركزية.

گرفتی سەرەکیی لە دارشتنی ئەم سەرەبابەتانەدا ئەوەیە، کەم لە بابەتەکان لەپێشەوە دێن، چونکە رێسایەکی جێگیر نییە بۆ کۆکردنەوەی حاڵەتەکانو پێرستکار دەتوانێت ئەو بابەتە دابنێت کە بەپلەی یەکەم بۆ کتێبخانەکەی گرنگن، بۆ نموونە لە کتێبخانەی تایبەتمەند بەپەروەردەدا سەرەبابەتی (الطفل و التلفزيون) بەکاردێت، نەك بە پێچەوانەوە، دەتوانرێ شێوەی دارشتنەکە بەجۆرێك بهێڵرێتەوە هەروەکو ئەوەی دەگوترێتو بەکاردێت، وەکو (الخيرو الشر) کە بەو شێوەیە دەگوترێت، نەك بەپێچەوانەوە.

**د-بابەتی گرێدراو بە بابەتی ترەوە بەهۆی ئامرازی پەیوەندییەوە(حرف الجر):**

ئامرازی پەیوەندیی بەکارهاتوو لە دارشتنی سەرەبابەتدا زۆرن، لەوانە:

من، الى، عن،علي، في، الباء، الكاف، اللام.

**بۆ نموونە:**

- الهجرة من الريف.
- الهجرة من المدينة.
- المرأة في الأسلام.
- العلاج بالأشعة.

- التعليم عن البعد.

**ه-سەرەبابەتی ئاڵۆز (رستە، یان گوزارشت):**

ئەم شێوەیە لە چەند وشەیەك، یان رستەیەکی تەواو پێکدێت، کەمتر لەلایەن پێڕستکارو توێژەرانەوە بەکاردێت، ئەویش لەبەر درێژیو بەزەحمەت بیرکەوتنەوەی.

**نموونە:**

- التأمين ضد البطالة.
- الأدباء العرب فى المهجر.
- العمارة الإسلامية فى الأندلس.
- اشتراك العاملين في الإدارة والأرباح.
- المنظمات الدولية و الإقليمية.

لەهەندێ لەم حاڵەتانەدا، پاشوپێش (هەڵگەڕانەوە) پەیڕەودەکرێت، بۆ **نموونە:**

-المعلومات، خزن و استرجاع.

-البطالة، تأمين ضد.

**ناوداران.. وەك سەرەبابەت**

ئەمانە دەگرێتەوە:

*ناوی کەسان: وەك چۆن لە کتێبەکانی ژیننامەو یاداشتو...تاد؛ دێن.

*ناوی دەستەکان: کاتێك کتێب باسی مێژووی دەستەیەكو گەشەکردنیو رێکخستنیو..تاد؛ بکات.

*ناوە جوگرافییەکان: کە (وڵاتان، شاران، دەریاو ناوی رووبارەکان، دەریاچەکان) دەگرێتەوە.

*ناوی ئاژەڵو باڵندە.

*ناوی رووەكو گوڵو..تاد.

*ناوی نەخۆشییە بەربڵاوەکان.

سـەرەبابەت لـەم کاتانـەدا وەك نـاوی دیـار بـەکاردێن، لیـستەی سـەرەبابەتەکان هەموو ئەو ناوانەی تیادا نییە، بەڵام نموونەیانی تێدایە تا پێوانـەیان لەسـەر بکرێـت، وەکو:

–الجاحظ، ابن خلدون، الجمعية العلمية الملكية، حلـف وارشـو، الـسكر، البنفـسج، الزيتون، العراق، البحر الميت، الإيدز، الخظروات، تاد.

**بەش بەشکردنی سەرەبابەت**

مەبەست لەبەش بەشکردنی سەرەبابەت یان لق لێبوونـەوەیان، دانـانی بابـەتێك، یان لایەنێکی کەمتر بایەخدارە لەدوای بابەتە دەرکەوتووەکە، کە راستەوخۆ بەدوایدا دێـت، چـونکە ناکرێـت بەتــەنیا بنووسـرێت، یـان بکەوێتــە بـەردەم بابەتەکـەوە، جیابوونەوەی لق لە سەرەبابەت لەو کاتانەدایە کـە بابەتەکـە چارەسـەرێك بکـات لـە ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراودا، یان لە چوارچێوەیەکی جوگرافیی دیـاریکراودا، یـان لەشـێوەیەکی سـنووردارردا، یـان لـە دیـدێکی دیـاریکراوەوە، ئەگـەر بابەتەکـە زیـاتر لەلقێکی ویست ئەوا بەش بەشبوونەکە بەم جۆرە دەبێت:

سەرەبابەت: بەش بەشبوونی رووپی، بـەش بەشـبوونی جـوگرافی یـان جێگـایی، بەش بەشبوونی زەمەنی، بەش بەشبوونی شێوەیی.

**نموونە:**

–قائمة ببليوغرافية عن الإشتراكية فى ايطاليا.

–الأشتراكية ـ ايطاليا ـ ببليوغرافيا.

**1–بەش بەشکردنی شێوەیی:**

لە حاڵەتی ئـەو بابەتانـەدا بـەکاردێت کـە چارەسـەر لـە گۆشـەنیگا ، یـان دیـدی دیـاریکراوەوە دەکـەن، بـەڵام زەحمەتـە لـەم جـۆرەی بـەش بەشـکردندا دیـاریکردن ئەنجام بدرێت، ئەویش بەهۆی جیاوازیی بابەتێك لەگەڵ یەکێکی تردا.

**بۆ نموونە:**

-قرآن كريم ـ تجويد.

-الحديث ـ تفسير.

-لغة عربية ـ قواعد.

-الشاي ـ تسويق.

- الورق ـ صناعة.

- البترول ـ اقتصاديات.

**ب-بەش بەشكردنی جوگرافی:**

ئەم بەش بەشبوونە لە حاڵەتی ئەو كتێبانەدایە كە چارەسەركردنی بابەتەكان لەچوارچێوەی جوگرافیایەكی دیاریكراودان، ئیتر كیشوەر بێت، یان وڵات، یان هەرێمو شارو...تاد.

بیروڕاكان لەسەر چۆنیەتی چارەسەرەكە، بەتایبەت لەسەر مەسەلەی بەش بەشكردنی جوگرافی، بەتایبەت بەش بەشكردنی بابەت بە شوێن، یاخود شوێن بە بابەت، جیاوازن، چونكە هیچ بنەمایەكی جێگیر نییە بۆ پراكتیزەكردنی هەریەك لەو دوو ڕێگایە.

**- بەش بەشكردنی بابەت بە شوێن:**

دەكرێ لێرەدا حاڵەتەكان پەیوەندییان بە زانستە تیۆرییەكان (٥٠٠-٥٩٩)و زانستە پراكتیكییەكان (٦٠٠-٦٩٩)و هەندێ لقی ئابووریی (٣٣٠-٣٩٩)و هونەرەجوانەكان، بەتایبەت ئەندازەی تەلارسازیی (٧٢٠-٧٢٩)وە هەبێت، چ بۆ وڵاتێك یان شارێك بێت.. تاد، **نموونە:**

- الزراعة ـ تونس.

- هندسة معمارية ـ مصر.

- المكتبات ـ البحرين.

– المستشفيات ـ الأردن.

**– بەش بەشکردنی شوێن بە بابەت:**

ئەمیان لە بوارەکانی مێژوو وجوگرافیاو زانستە کۆمەڵایەتییەکانو (بەتایبەت سیاسەتو ئایین)دا بەکاردێن، بابەت لەم حاڵەتانەدا لەروانگەی جوگرافییەوە چارەسەر دەکرێن.

بۆ **نموونە:**

– الأردن ـ جغرافية.

– بغداد ـ مستشفيات.

– فرنسا ـ فنون جميلة.

– الهند ـ علاقات خارجية.

– فلسطين ـ تأريخ.

دەکرێت گوزارشت لە دیاریکردنی جوگرافیی بۆ بابەت بەیەکێك لەم ڕێگایانە بکرێت:

أ–خەسڵەتی دیاری ئەو وڵاتە، یان ئەو نەژادە بەکاردێت، بۆ **نموونە:**

اللغة العربية، الأدب الفيتنامى، الأشتراكية الفرنسية.

ب–پیتی پەیوەندی (حرف الجر) بۆ بەستنەوەی بابەتو شوێن بەیەکەوە بەکاردێت، وەکو: العرب فى استراليا.

ج–ئاوەڵکرداری (عند) بەکاردێت، بەتایبەت لەو بابەتانەدا کە پەیوەستن بە گروپی ئایینی، یان ئیتنیکی، یان نەژادی، وەکو: –العلوم عند العرب.

د–**هێمای** ( ـ ) دادەنرێت بۆ نیشاندانی بەش بەشبوونی شوێن، بۆ **نموونە:**

– البنوك ـ الأردن.

– التربية والتعليم ـ المملكة العربية السعودية.

– العمل و العمال ـ العراق.

**ج- بەش بەشکردنی زەمەنی:**

ئەم بەش بەشبوونە بۆ ئـەو بابەتانەیـە کـە چارەسـەریان لەماوەیـەکی زەمـەنیی دیاریکراودان، دەشێت سەردەمێك بێت، یان سـەدەیەك، چـەند سـاڵێك، یـاخود یـەك ساڵ، بەڵام دەبێ رەچاوی ئەوە بکرێت کە بەش بەشبوونەکە لە روانگەی مێژوویەکی دیاریکراوەوە بێت، نەك هەروا بە گۆترە، چونکە هەر وڵاتەو هەر دەوڵەتە لـە ژیانیـدا ماوەی مێـژوویی گرنگـی تێدایـە، باشـتر وایـە (سـەرەبابەت) راسـتەوخۆ بـۆ حاڵـەتی سەردەمو شۆڕشو جەنگو هەڵمەتە سەربازییە بەناوبانگەکان بەکاربێن. بۆ **نموونە**:

- شعر عربي ـ تأريخ ـ القرن العشرون.
- الإجتماع (علم) ـ القرن التاسع عشر.
- الجزائر ـ تأريخ، ١٩٦٤.
- حرب اكتوبر ١٩٧٣.
- المكتبات ـ تأريخ ـ القرن الثامن عشر.
- معركة اليرموك.
- الفلسفة ـ عصور وسطى.
- ثورة ٢٣ يوليو ١٩٥٥.

**د- بەش بەشکردنی شێوەیی:**

بۆ ئەوانەیە کە چارەسەری بابەت دەکـەن لـە قـاڵبی شـێوەیی دیـاریکراودا، وەك ئـەوەی کتێبەکـە بریتـی بێـت لـە ئینـسایکلۆپیدیا، یـان فەرهـەنگ، یـان بـاس لـە فەلسەفەی بابەتو مێژووەکەی بکات.

لە نموونەکانی بەش بەشـبوونی شـێوەیی: بیبلیۆگرافیـا، ژیننامـە، پێڕسـتەکان، کۆمەڵـــە دانراوەکـــان، فەرهـــەنگ، کورتـــەی رێنمـــایی، کورتکراوەکـــان، مێـــژوو، خولاوەکانو ئامارو..تاد.

لیستەکانی سەرەبابەت لە سەرەتاوە یان لە پاشکۆکانیدا لیستێك هەیە بـە بـەش بەشکردن، یان دابەشبوونی شێوەیی تا لە کاتی پێویستدا بەکاربێن.

**نموونە:**

- المکتبات ـ أدلة.
- الأقتصاد ـ ببلیوغرافیات.
- علم النفس ـ موسوعات.
- ریاضیات ـ تعلم و تعلیم.
- جامعة البحرین ـ کتب سنویة.
- الزراعة ـ دوریات.

## بەش بەشکردن لە بواری ژیننامەدا

١–ئـەو کتێبانـەی چارەسـەری هونـەر، یـان میتـۆدی نووسـینی ژیننامـە دەکـەن (کەزۆر کەمن)، بەڵام سەرەبابەتی (ژیننامە) دەدەنە کارەکە، لەگەڵ ڕێگـا نیـشاندان (إحالة) لە ژیننامەوە..

٢–ئـەو کتێبانـەی باسـی ژیـانی کەسـەکان دەکـەن (کـە زۆرن)و دابەشـدەکرێن بەسەر:

**ا-ژیننامەی کەسەکان:**

لەم حاڵەتانادا ناوی ئەو کەسەی ژیننامەی نووسراوەتەوە دەبێتە سەرەبابەت.

**ب-ژیننامەی کۆکراوە:**

ئەوانەن کە ژیننامەی زیاد لە سێ کەس دەگرنەخۆ، وەکو:

*** ژیننامەی گشتی:**

ئەوانەن کە کەسە باسکراوەکانی سەر بە گروپێکی دیاریکراوی خەڵکی نـین، یـان سـەر بـە جوگرافیایـەکی دیـاریکراو نـین، هـەر ئەوەنـدەی دەوێـت کـە سـەرەبابەتی (ژیننامە)یان بدرێتێ.

*** ژیننامەی هەرێمایەتی:**

ئەوانەن کە ژیننامەی کەسانێك لە چوارچێویەکی جوگرافی دیاریکراودا دەخەنە بەرچاو، لەم کاتەدا سەرەبابەت بریتی دەبێت لەناوی شوێنەکەو بەدوایدا وشەی ژیننامە دێت، وەکو:

—آسيا ـ تراجم.

—البحرين ـ تراجم.

*هەروەها ژیننامەی گروپێك لە خەڵکی کە لە کارێکی دیاریکراودا کاردەکەن یان سەر بەپێشەیەکی دیاریکراون، سەرەبابەت لەم حاڵەتەدا بەو ناوەوە دەبێت کە ئەو گروپە پێوەی ناسراون‌و بەدوایدا وشەی ژیننامە نایەت، وەکو:

—الأطباء.

—المكتبيون.

—المحامون.

—الفيزيائيون.

لە کاتێکدا گەر وشەیەك نەبوو کە لە گروپێك بنرێت، یان گەر وشەکە گوزارشتی لە بابەتێك کرد بەشێوەیەکی گشتی‌و مانای هەڵسوڕاوانی ئەو گروپەی نەگەیاند، ئەوا سەرەبابەت کە بەراستەوخۆیی لە بابەت دەنرێت، بەدوایدا وشەی ژیننامە(تراجم) دێت، بەم شێوەیە:

—المرأة ـ تراجم.

—الديانات ـ تراجم.

—الإسلام ـ تراجم.

**بەش بەشکردنی زمان‌و ئەدەبیات**

سەرەبابەت لە (زمان)دا راستەوخۆ هەر بەناوی زمانەوە دەبێت، وەکو: اللغة العربية، اللغة الإنكليزية، اللغة الفرنسية...تاد، بەڵام ئەگەر کتێب دەربارەی شێوەیەك لە شێوەکانی زمان بوو بە دیاریکراوی، یان لە روانگەیەکی دیاریکراوەوە چارەسەری

دەكرد، ئەوا بەش بەشبوونەكە گوزارشت لەو شێوەو روانگەیە دەكەن كە لە دوای ناوی زمانەكە دادەنرێن، بەم جۆرە:

—اللغة العربية ـ نحو.

—اللغة الإنكليزية ـ قواعد.

—اللغة الفرنسية ـ معاجم.

بەڵام بۆ ئەدەبیات، ئەوا بەرهەمە هزرییەكان بەسەر دوو بەشی سەرەكیدا دابەشدەبن:

١—ئەو كارانەی باس لە خودی ئەدەبیات دەكەن وەك بابەت، كە زۆر كەمن.

٢—ئەو كارانەی كە خودی بەرهەمە ئەدەبییەكەنو ئەمانە زۆرنو هەمە چەشنەن.

ناوی شێوازە ئەدەبییە جۆراوجۆرەكان دەبنەوە بە سەرەبابەت، وەكو: القصة، الشعر، المسرحية...تاد، بەڵام ئەو دانراوانەی كە باس لە شێوازی ئەدەبیی ئەدەبیاتی نەتەوەیی دەكەن ئەوا راستەوخۆ دەچنە ژێر ناوەكانیانەوە، نەك وەكو ناوی بەش بەشكراو، بەڵكو پێكەوەن، وەكو:

المسرحية العربية، الشعر الفرنسي، القصة الألمانية.

بەڵام روانگەو باری سەرنج، كە لە ئاقاریانەوە چارەسەری بابەتی ئەدەبی دەكەن، لە شێوەی ئەدەبیدا بەش بەشن، وەكو:

الأدب الإسباني ـ تأريخ ونقد.

الشعر الإنكليزي ـ ببليوغرافيات

هاوكات دەتوانرێت شێوە ئەدەبییەكان بەش بەش بۆ هەندێ بابەت بەكاربهێنرێن، وەكو:

حرب السويس ـ قصص.

حرب البسوس ـ شعر.

## نیشانەکانی خاڵبەندی بەکارهێنراو لە سەرەبابەتەکاندا

*جووت کەوانە ( ) دوای سەرەبابەت دادەنرێت لە کاتی پێویستداو بۆ پێدانی خەسڵەتێکی دیاریکراو، وەکو:

-القانون (آلة موسيقية).

-المثالية (أدب).

*کۆما (،) لە حاڵەتی سەرەبابەتی هەڵگەڕاودا دادەنرێت، وەکو:

-الإجتماع، علم.

هێمای ( ـ ) لە حاڵەتی سەرەبابەتی بەش بەشبوودا دادەنرێت، وەکو:

-الزراعة ـ تأريخ.

-الطب ـ كشافات.

## ئەو سەرەبابەتانەی دەکرێ زیادەیان بخرێتەسەر

لیستەکان بوار دەڕەخسێنن بۆ زیادکردنی سەرەبابەتی تر، ئەوانەی نینو دیاری نەکراون، ئەویش کاتێك پێڕستکار ئەوە بەپێویست دەزانێت بۆ کتێبخانەکەی، چونکە لە توانادا نییە هەر لیستێکی سەرەبابەت هەیە بیانگرێتەخۆ. بەڵام دەبێت لیستەکە لەو دەروازە زیادکراوانەی تیادا نەبێت، تا دووبارەکردنەوەو دوو فاقیی لە دەروازە بەکارهێنراوەکاندا روونەدات، هەروەها دەبێت پێڕستکار بەشێوەیەکی گشتی وابەستەی بنەماکانی پێڕست کردنو بەشێوەیەکی تایبەتی (پێڕستی بابەتی) بێت لە کاتی زیادکردنی بابەتی نوێدا، گرنگترین جۆری بابەتەکان کە پێڕستکار دەتوانێت زیادیان بکات بریتین لە :

**١-ناوی گشتی، کەبریتیین لە:**

*ناوی خەڵك.

*ناوی خێزانو هۆزو بنەماڵە.

*ناوی شوێنان، کەبریتیین لە:

-یەکەی سیاسیی وەکو وڵاتان، هەرێمو ناوچەکانو...تاد.

—کۆمەڵەی وڵاتان، وەکو وڵاتانی کەنداو.

—دیاردە جوگرافییە جۆراوجۆرەکان، وەکو هەرێمی جوگرافیو زەریاو دەریاو رووبارو دەریاچەو چیاو دورگەو تاڤگەو بەنداوو...تاد.

—ناوی نەتەوەکان، وەکو نەتەوەی عەرەب.

—ناوی زمانو ئەدەبیات.

—ناوی شەڕو جەنگەکان.

—ناوی رێکەوتننامەو پەیماننامەکان.

**ب- ناوی دەستەو رێکخراوەکان، وەکو ناوی:**

—یانەو کۆمەڵەکان.

—زانکۆ، کۆلێژ، مۆزەخانە، قوتابخانە، مزگەوت، کڵێسە، نەخۆشخانە، پیشانگا، پەیمانگا، کتێبخانەکانو ..تاد.

—دامەزراو وبەڕێوەبەرایەتی حکومەتی وەك کۆمپانیاو وەزارەتو بانکەکان.

—باخچەو خانووبەرەو پاپۆڕو یانەی شەوانەو...تاد.

**ج-ناوی بەکارهێنراو بە بەربڵاویی، وەکو ناوەکانی:**

—ئامێرو کەرەستەکان، ماسی، یاری وەرزشی، ئاژەڵو گوڵو..تاد.

—نەخۆشییە بڵاوەکان.

—کەرەستەی خاوو کانزاکان.

—گازو توخمە کیمیاییەکان.

—بەردی نرخو خشڵ.

بۆ پێڕستکار هەیە کە (دابەشکردنی شێوەیی) لەگەڵ سەرەبابەتەکاندا بەکاربهێنێت، بەمەرجێك بەدوایدا هێمای (ـ) دابنرێت، بەم شێوەیە:

پەروەردە ـ خولاوەکان.

**دابەشکردنە شێوەییەکانیش بریتیین لە:**

ئامارەکـان، بیبلیۆگرافیـا، بەڵگـە، توێژینـەوە، مێـژوو[٤]، مێـژووو رەخنـە[٥]، ژیننامـە، کۆمەڵـەکان، خوێنـدنو فێرکـردن، خولاوەکـان، فەلـسەفەو تیۆرییـەکان، پێڕست، فەرهەنگ[٦]، فەرهەنگو ئینسایکلۆپیدیا[٧]، کتێبی خوێندن، کتێبی ساڵانە، رێبەر، مۆزەخانە، کۆمەڵە دانراوەکان، موحازەرەو وتـار، پیـشانگاکان، کـورتکراوەو پوختەکان.

**رێنیشاندان Cross-references:**

رێنیشاندان (الإحالة)، کاری توێژێرە بۆ نیشاندان لە دەروازەیەکـەوە بـۆ یـەکێکی تر لە پێڕستدا، ئەویش بـە بـەکارهێنانی ئامرازەکـانی ئاڕاسـتەکردن، وەکـو: بڕوانـە/ أنظر See، دووبارە بڕوانە أنظر ایضاً See also و تاد.

بەکارهێنانی رێنیشاندان لە پێڕستی نووسـەرانو ناونیـشانو بابەتەکانـدا بـە دوو جۆرە:

**١-رێنیشاندانی بڕوانە**/ أنظر See:

ئەوەیـە کـە خوێنـەر، یـان توێـژەر لـە دەروازەو زاراوەیـەکی بەکارنـەهێنراوەوە دەگوێزرێتـەوە بـۆ دەروازەو زاراوەیـەکی تـری بـەکارهێنراو، دیـارترین حاڵـەت کـە (رێنیشاندانی ـ بڕوانە)ی تیادا بەکاردێت:

أ–لە وشەوە بۆ بەرامبەرە هاوتاکان، وەکو:

–مساجد أنظر جوامع.

ب–لە زاراوەی بیانییەوە بۆ زاراوەی عەرەبی، یان بـە پێـچەوانەوە، بـە گـوێرەی چۆنێتی بەربڵاویو بەکارهێنانی، بۆ **نموونە:**

---

[٤] بۆ هەموو بابەتەکان بێجگە لە ئەدەبیاتو هونەر.

[٥] تەنیا بۆ ئەدەبیاتو هونەر بەکاردێت.

[٦] بۆ زمانەکان بەکاردێت.

[٧] بۆ هەموو بابەتەکان بەکاردێت بێجگە لە زمانەکان.

—بولیس أنظر شرطة.

—علم الأنسان أنظر الانثربولوجیا.

ج—لەبەشی دووەمی سەرەبابەتی لێکدراو، یان لە شێوەی پێچەوانەوە، وەکو:

—التقالید أنظر العادات و التقالید.

—الشر و الخیر أنظر الخیر والشر.

د—لەسەرەبابەتی بەش بەشبووەوە بۆ باری ئاسایی سەرەبابەت، یان بە پێچەوانەوە، بۆ **نموونە**:

—التأمین ـ شرکات أنظر شرکات التأمین.

**هـ**—لەبابەتەوە بۆ شوێنو بە پێچەوانەوە، لە سەرەبابەتی بەش بەشبوودا بە پێی شوێنەوە، بۆ نموونە:

—مصر ـ زراعة أنظر زراعة ـ مصر.

—السکان ـ فرنسا أنظر فرنسا ـ السکان.

و—لەهیجای بەکارنەهێنراوەوە بۆ هیجای بەکارهێنراو، وەکو:

—الببلیوغرافیا أنظر الببلیوغرافیا

ز—لە تاکەوە بۆ کۆ، وەکو:

—الربح أنظر الأرباح

ح—لەکۆوە بۆ کۆی تری زۆرتر بەکارهێنراو، وەکو:

—ابحاث ـ أنظر بحوث

**٢-ڕێنیشاندانی ـ دووبارە بڕوانە/ أنظر ایضاً** See also:

ئەوانەن وا لە توێژەر دەکەن لە سەرەبابەتی بەکارهێنراوەوە بەکردەوە بچنە سەر سەرەبابەتی تری بەکارهێنراو کە پەیوەندییان پێوەی هەیە، سێ جۆر لەم ڕێنیشاندانەش هەیە:

*ڕێنیشاندان لە بابەتی گشتییەوە بۆ بابەتی تایبەتمەند کە لقی تری (ڕێنیشاندانی داکشاو)ی لێدەبێتەوە.

*رێنیـشاندان لـه بابـەتی تایبەتمەنـدەوە بـۆ بابـەتی گـشتی کـە (رێنیـشاندانی هەڵکشاو) دەگرێتەوە.

*رێنیشاندان (لە/ من)و (بۆ/ الی) بۆ بابەتی هاوتای پێکەوە پەیوەست لە هـەمان پلەدا لە دیاریکردن، یان لە هەمان ئاستدا کە بیانگرێتەوە (رێنیشاندانی هاوسـەنگ)، بۆ **نموونە**:

أ-الإقتصاد.

—أنظر ايضاً الإستهلاك.

—الإنتاج.

—البنوك.

—التنمية الإقتصادية.

—السياسة الإقتصادية

ب-البنوك أنظر ايضاً الإقتصاد.

ج-الرسم أنظر ايضاً التصوير.

التصوير أنظر ايضاً الرسم.

**٣-رێنیشاندانی گشتی:**

ئەوانـەن کـە وەك رێنیـشاندانی گـشتگیر بـۆ هـەموو سـەرەبابەتەکانی بەشـێکی دیاریکراو بەکاردێن، لەبری رێنیشاندان بۆ سەرەبابەتی تاکی زۆر، لەوانەش:

أ—لەسەرەبابەتەوە بۆ ناوی کەسانو دەستەو گروپەکانو.. تاد، وەکو:

—العلماء العرب.

— أنظر ايضاً.

—الآسماء الشخصية للعلماء العرب مثل: ابن رشد.

—الملاحم.

—أنظر ايضاً.

—اسماء الملاحم مثل: الإلياذة.

ب—لەسەرەبابەتەوە بۆ بەش بەشبوونە شێوەییەکان، وەکو:

—المعاجم.

—أنظر ایضاً.

—اسماء اللغات أو الموضوعات مع التجزئ ـ معاجم.

—مثل: اللغة العربیة ـ معاجم.

—الكیمیاء ـ معاجم.

ج—لەسـەرەبابەتەوە بـۆ نـاوی ناسـراو کـە دەچـنە خانـەی بەشـێکی دیـاریکراوەوە، وەکو:

—الفواکة.

— أنظر ایضاً.

—الفواكە بەناوەکانی وەکو: البرتقال، التفاح، المشمش..تاد.

**سـەرنج: هێمـای** × **لـە لیـستی سـەرەبابەتدا بـەکاردێت بـۆ** (**أنظـر** See)، **هەروەها هێمای** ×× **بەکاردێت بۆ** (**أنظر ایضاً** See also).

# بەشی پێنجەم

# شێوەکانی پێڕست



## شێوەکانی پێڕست

**شێوەکانی پێڕست بریتین لە:**

**١- پێڕستی تایبەت** Special Cataloging:

جۆرێکە لە پێڕستی کەرەستەکانی کتێبخانە کە جیاوازبێت لەپێڕستی دیکەی کەرەستەکانی تر، ئیتر بەئاسانکردنی کارەکانی پێڕست بێت یان بەدرێژکردنەوە، یان هەڵبژاردنو جیاکردنەوەی چەند جۆرێك لەکەرەستەکانی کتێبخانەو مامەڵەی تایبەت لەگەڵیاندا.

نموونەی ئەو بابەتانەی پێویستیان بە پێڕستی تایبەتە، کەرەستەکانی بیستن‌و بینینە کە پێویستیان بەجۆرێك پێڕستە جیاوازبێت لە پێڕستی کتێبو کەرەستە چاپکراوەکانی تر، ئەویش بەهۆی شێوەی ماتریاڵییانەوە.

هەرچۆن کتێبە دەگمەن‌و دەستنووسەکانیش مامەڵەی تایبەتیان لەگەڵدا دەکرێتو لەکتێبخانەدا بەشێوەیەکی درێژتر پێڕستیان بۆ دەکرێت لەچاو بابەتەکانی تردا، زۆرجار لەبەشێکی سەربەخۆدا دادەنرێن‌و لەپێناویاندا بنەمای پێڕستی تایبەت دادەڕێژرێت، کردەی پێڕستی بابەتە دەگمەنەکان پێویستیان بەقەوارەی تایبەتە لە کارتەکان، چونکە کارتی ئاسایی جێگای ئەو هەموو زانیاریو درێژەپێدانەی تیا نابێتەوە کە دەبێت تۆمار بکرێن.

چیرۆكو بڵاوکراوەکان جۆری دیکەن لەو بابەتانەی کە پێویستیان بە پێڕستی تایبەت هەیە، بەڵام کار لەسەر بنچینەی پێڕستی ئاسانکراو، یان بەش بەشکراو دەکرێت، تەنانەت لەو کتێبخانانەدا کە پێڕستی تەواو بۆ جۆری تری چاپکراوەکان پێشکەش دەکەن.

**٢- پێڕستی ناوەندیی** Centralized Cataloging:

بریتییە لە پێڕستی بەڵگەنامەکان، یان کەرەستەی کتێبخانەیی لەلایەن دەستەیەکی ناوەندییەوە، ئامانجی سنووردانانە لە دووبارەبوونەوەی کارو کۆشش لە بەشەکانی پێڕستی گەلێك کتێبخانەو سەنتەری زانیاریدا، دەکرێت سوودەکانی پێڕستی ناوەندیی لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

أ- دەستگرتنەوەی ئابووریی لەکارداو خۆلادان لە دووبارەکردنەوەی کۆششی کتێبخانەکان، بەشێوەیەك کتێب یەك جار پێڕستی بۆ دەکرێتو پاشان کارتەکانی پێڕست دابەشدەکرێت بەسەر هەموو کتێبخانەکاندا لەهەر شوێنێك بن، بەوەش تێچووی پێڕستەکە کەم دەبێتەوە.

ب-یەکخستنو یەکگرتوویی لەکاری پێڕستداو باشکردنی ئاستەکەی.

جـ- وەدەستهێنانی پێڕستێکی نموونەیی یەکجار ورد، کە پشت بە بنەمای جێگیر ببەستێتو کۆدەنگی لەسەری هەبێت.

ء- زاڵ بوون بەسەر گرفتی کەمیی پێڕستکارە بەتواناکان، چونکە کتێبخانە کارتی ئامادەی لە دەستەیەکی ناوەندییەوە چنگ دەکەوێت.

هـ- خێرایی لە ئەنجامدانی پێڕستی کتێبداو سنووردانان بۆ دواکەوتنو درەنگ گەیشتنی بەخوێنەر.

و- هاندانی هاریکاریی لەنێوان کتێبخانەکاندا، بەتایبەت لە بواری بەدەستهێناندا(التزويد)و بەرهەمهێنانی پێڕستی یەکگرتوو.

**سەرکەوتنی هەر سیستمێك لە پێڕستی ناوەندیدا بەندە بە چەند هەلومەرجێکەوە، گرنگترینیان:**

* بوونی دەستەیەکی ناوەندیی ئەرکی سەرەکیی ئەنجامدانی پێڕستی کەرەستەی کتێبخانەییە لەگەڵ دابەشکردنی کارتەکانو دەروازەکانی بەسەر کتێبخانەکانو بنکە زانیارییەکان لەسەر ئاستی ناوچەیی یان هەرێمایەتی یاخود جیهانی.

* زیادکردنی توانای ماددیو مرۆیی پێویست بۆ هەر پرۆژەیەکی لەو جۆرە.

* بوونی سیستمێك تا بەهۆیەوە دەستەی ناوەندیی بتوانێت بابەتی نوێی دەستبکەوێت بۆ پێڕست کردن، وەك لەڕێگای پێدانی ژمارەی سپاردنەوە.

* دووبارەبوونەوەو زیادکردنی سەرچاوەکانی کتێبخانەو سەنتەری زانیارییەکان، چونکە تیۆری ئەودیو پێڕستی ناوەندیی لەسەر گریمانەیەك بنیاد دەنرێت کە کتێبخانە بەردەوام پرۆسەی پێڕست دووبارە دەکاتەوە.

* یەکگرتوویی سیستمی پێڕستو پۆلێن لە کتێبخانەکانو سەنتەری زانیارییەکاندا.

* دەستەبەرکردنی رێگای ئابووریو تەکنەلۆژی بۆ چاپی کارتە ئامادەکراوەکان.

**٣- پێڕستی شیکاریی** Analytical Cataloging:

بریتییە لە پێڕستکردنی بەشەکانی چاپکراو یان بەڵگەنامەکان(وتاری نێو خولاوەکان، یان بەشداریی کۆنگرەکان، یان چەند بەشێکی کتێبێك، یان چەند بەرگێك لە چاپکراوەکان...تاد)، هەربۆیە دەروازەی شیکاریی بریتییە لە دەروازە بۆ بەشێك یان چەند بەشێك لەچاپکراوێك، کە دەروازەکەش دەبێتە بەشێکی، دەتوانرێت دەروازەی شیکاریی بۆ نووسەر، یان ناونیشان، یان بابەت ئامادەبکرێت.

سوودی دەروازەی شیکاریی دەرخستنی زانیاریو بابەتی ئەوتۆن کە لەکتێبخانەو سەنتەری زانیارییەکاندا لەشێوەی کتێبدا نین، هەرچۆن دەروازەی شیکاریی جێگای خزمەتگوزاریی (رێبەر) دەگرێتەوە بۆ ئەو بابەتانەی لەو جۆرە خزمەتگوزارییەیان نییە، هەروەها پێڕستی شیکاریی بۆ ئەو کتێبخانەو سەنتەرانە سوودبەخشە کەوا دەیانەوێت سەرجەم کارەکانی نووسەرێك کۆبکەنەوە، ئیتر لەکتێبێکی سەربەخۆدا بێت یان چەند بەشێك بێت لە کتێب، یاخود وتاری نێو خولاوەکان بن.

**پێڕستی شیکاریی کۆمەڵێك کەموکورتی هەیە، ئەوانیش:**

أ- زۆریی دەروازە شیکراوەکان، چونکە هیچ رێنیشاندەرێك دیار نییە بۆ کۆتایی ئەو دەروازانە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاڵۆزکردنی پێڕستەکەو، بەکارهێنانی لەلایەن سوودمەندانەوە کارێکی زەحمەت دەبێت.

ب-درووستکردنی گرفتی تایبەت لە پێڕستدا، بۆ نموونە پێڕستکار دەتوانێت بیرۆکەیەکی کەمی لەسەر بابەتەکانی کتێب هەبێتو بەخێرایی بڕوانێتە لاپەڕەی ناوەرۆك، یان پێشەکییەکەو..تاد، بەڵام بۆ وتاری نێو خولاوەکان ئەوا ناچارە هەموویان بخوێنێتەوە، دەشێت بابەتەکە بەشێك بێت لە توێژینەوەی بابەتێکی نوێ، کە ئەوەش گرفتی تایبەت لە سەرەبابەتو پۆلێنو رێبەردا دەخوڵقێنێ.

ج- زۆریی بڕی تێچوون، چونکە دەروازەی شیکاریی بۆ بابەتی پێشکەوتوو بەردەوام ئامادە دەکرێت، هەر بۆیە بەخێرایی بەسەردەچێتو بەوەش نوێکردنەوەی بەردەوام دەخوازێ.

**٤- پێڕستی هەروەزیی** Co- operative Cataloging:

بەشداریی کۆمەڵێك لەکتێبخانەو سەنتەری زانیاریی سەربەخۆکانە (کەوا پەیوەندیی کارگێڕیی لەنێوانیاندا نییە) بۆ بەرهەمهێنانی پێڕست بە مەبەستی سوودی نێوانیان، کتێبخانەی تریش وەك کتێبخانەی هەروەزیی دەتوانن سوودمەندبن لەم خزمەتگوزارییە.

کتێبخانەی نەتەوەیی ناوەندیی‌و دامەزراوەی تر لە ئینگلتەرە زنجیرەیەك پێڕستی یەکگرتوو وئامادە دەردەکەن، کە بەپلەی سەرەکیی پەیوەستن بە زانیاریی بیبلیۆگرافیی کە لەلایەن کتێبخانە هەرەوەزییەکانەوە پێیاندەگاتو بەوەش پێڕستە یەکگرتووەکە دەبێتە سیمای سەرەکیی پێڕستە هەرەوەزییەکە.

پێڕستی یەکگرتوو بەوە پێناسە دەکرێت کە(پێڕستێکە بە ریزبەندیی دیاریکراو سەرچاوەکان تۆمار دەکات، یان سەرچاوەی دوو کتێبخانە یان زیاتر رێکدەخات، ئاماژەشە بۆ شوێنی هەموو بابەتە کتێبخانەییەکان کە پێڕست کراون)[1].

نموونەش بۆ پێڕستە یەکگرتووە چاپکراوەکان پێڕستی نەتەوەیی یەکگرتووە (National Union Catalog)NUC کە لەلایەن کتێبخانەی کۆنگرێسەوە دەردەکرێت.

پێڕستی یەکگرتوو کۆمەڵێك خەسڵەتی سەرەکیی هەیە، ئەوانیش:

أ- ناساندنی گشت سەرچاوەکانی بابەتی کتێبخانەی ناوچەیەك.

ب-یاریدەدانی دیاریکردنی شوێنی بابەتە کتێبخانەییەکان لە کتێبخانە هەرەوەزییەکاندا، ئەویش بەمەبەستی زووگەیشتن بەو بابەتانە.

ج- ئاسانکردنی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی خواستن لەنێوان کتێبخانە هەرەوەزییەکاندا لەلایەكو کتێبخانەکانی تر لەلایەکی ترەوە.

---

[1] هدى زيدان سعد: الفهرس الموحد- رسالة المكتبة.-م١٨،ع٢ (١٩٨٢).-ص٤-٧.

چەمكی پێڕستی هەرەوەزیی لەسێ دەیەی پێشوودا گەشەی بەرچاوی بەخۆوە دیوە، بەتایبەت لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كە خۆی لەگەشەكردنی ناوەندە بیبلیۆگرافییە جیاوازەكانی وەكو(OCLC, RLIN, UTLAS)دا دەنوێنێت.

هەر كتێبخانەیەش بەجیا پێڕستی ئەو بابەتە كتێبخانەییانە ئامادە دەكات كە دەستی دەكەوێت، پاشان دانانی زانیاریی بیبلیۆگرافیی تایبەت بە بابەتەكان لە ناوەندە بیبلیۆگرافیاییەكاندا، بەشێوەیەك هەریەك لە كتێبخانە هەروەزییەكان سوودمەندبن لێیان، هەر كتێبخانەیەكی تریش ئەوەی مەبەست بێت.

هێنانەوە پێشەوەی زانیارییەكان لەناوەندە بیبلیۆگرافییەكاندا لەرێی(گەڕان بە پەیوەندیی راستەوخۆوە) دەبێت واتە(On-Line).

**٥- پێڕستی سنووردار** Limited Cataloging:

زاراوەیەكە بەواتای كەمكردنەوەی پێڕستەكان دێتو دوو جۆرن[٢]:

**١- پێڕستی هەڵبژێردراو** Selective Cataloging:

ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ كەمكردنەوەی ژمارەی دەروازەكانی هەر بەڵگەنامەیەك، وەكو لابردنی هەندێك دەروازەی نووسەری بەشدار، یان وەرگێڕەكان، یان ئامادەكاران...تاد، هەروەها هەندێك دەروازەی بابەتو بەتایبەت كتێبخانەییەكان كە چارەسەری زۆر بابەت دەكەنو دەتوانرێت لەژێر یەك سەرەبابەتی گشتیدا كۆبكرێنەوە، وەكو سەرەبابەتەكانی دەنگ، تیشك، گەرمیی، كە دەتوانرێت لەژێر سەرەبابەتێكی گشتیدا یەكبخرێن كە ئەویش (فیزیا)یە.

هەرچۆن ئەم پێڕستە بەشێوەیەكی تر بە(پێڕستی تایبەت) دادەنرێت، بەتایبەت لە رووی كەمكردنەوەی ژمارەكانی دەروازەی جۆری دیاریكراو لە چاپكراوەكانی وەكو بڵاوكراوەو چیرۆك.

---

(٢) عمر همشري: اساسيات في علم المكتبات والتوثيق و المعلومات،١٩٩٠.

**ب- پێڕستی ئاسانكراو** Simplified Cataloging:

ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ كەمكردنەوەی زانیارییە وەسفییەكان، یان پێڕستی وەسفیی، پێڕستی ئاسانكراو تەنیا ئەو رەگەزە پێویستانە لەخۆدەگرێت كە ناسنامەی چاپكراوەكەو جیاوازیی لە چاپكراوەكانی تر دیاری دەكەن، هەروەها لابردنی زانیاری نا پێویستی تریش، وەكو ناونیشانی هاوتاو دیاریكردنی بەرپرسیاریی پەیوەست بەچاپەكەوەو شوێنی چاپ بێجگە لە یەكەم شوێنی چاپەكەی‌و دیاریكردنی تێبینییەكان‌و...تاد.

ئەو چاپكراوانەی كە پێویستیان بە ئەنجامدانی پێڕستی ئاسانكراوە بریتین لە چیرۆك‌و كتێب‌و نامیلكەی منداڵان‌و بڵاوكراوەكان.

ئەگەر ئامانجی سەرەكیی لەئەنجامدانی هەردوو پێڕستی(هەڵبژێردراوو ئاسانكراو) دەستگرتنەوەبێت لە بڕی تێچووندا، ئەوا هەر لابردنێك‌و كەمكردنەوەیەك لەژمارەی دەروازە یان زانیارییە بیبلیۆگرافیاكاندا، دەبێت پشت بە توێژینەوەی ورد ببەستێ بۆ دەركەوتنی پێویستییە هەنووكەیی‌و پێشبینی كراوەكان، لەگەڵ بەهەند وەرگرتنی داخوازیی خوێنەران‌و سوودمەندانی كتێبخانە.

**٦- پێڕست لەكاتی بڵاوكردنەوەدا** (CIP) Cataloging Publication:

واتە(سەلماندنی زانیارییەكانی پێڕستی تەواو لە كتێبدا بەر لەبڵاوكردنەوەی)[٣].

هەندێ جار بەمە دەگوترێت (پێڕست لەسەرچاوەی خۆیەوە/ المنبع Cataloging in Source)، هەروەها واتای پێڕستی ناوەندیی كتێب دەگەێنێت لەو نوسخەیەوە كە بڵاوكەرەوە یان نووسەر یان چاپخانە بەر لەچاپكردن دەیسپێرنە ئەو بەشە بەرپرسە لە ئەنجامدانی پێڕست تاوەكو كارتی كتێبەكە لەهەمان رۆژی بڵاوكردنەوەدا بكەوێتە بەرچاو، ئەویش بەدانانی لە لاپەڕەی پشتی ناونیشان، یان لە هەر لاپەڕەیەكی تری كتێبە چاپكراوەكەدا.

ئەم جۆرە پێڕستە لە ئەنجامی ئەو هەوڵ‌و توێژینەوانەدا هاتووەتە ئارا كە كتێبخانەی كۆنگرێس لەساڵی ١٩٥٨دا ئەنجامیداوە، ئەوە بوو وەك پرۆگرامێك بۆ

[٣] عمر همشري: الفهرسة اثناء النشر.- رسالة المكتبة.-م١٥ (١٩٨٠).-ص١٠.

پێڕست لەساڵی ١٩٧١دا بەئاکام گەیشت، پاشانیش وڵاتانی دیکەی بێجگە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم جۆرەی پێڕستیان جێبەجێ کردو لەکاتی چاپکردنی چاپەمەنییەکانی تایبەت بە هەریەك لەوڵاتانی: ئوستراليا، بەرازیل، ئەڵمانیا، ئوردونو بەریتانیا لە تۆماری پێڕستە ئەلیکترۆنییەکانیاندا ئەم دەروازەیەی پێڕستیان خستە ناو بڵاوکراوەکانیانەوە، ئەوەبوو بیبلیۆگرافیای نیشتمانیی بەریتانیو سیدیی خوێندنەوەی ئەلیکترۆنی دەروازەکانی پێڕستیان لەکاتی ئامادەکردنیاندا دانا.

دەکرێت ئەم (پێڕستی کاتی بڵاوکردنەوە)یە هۆکاری یارمەتیدەر بێت لە ئامادەکردنی پێڕستەکاندا لەسەر ئاستی هەموو جیهان، هەرچەندە رەخنەشی ئاراستە کراوە، بەڵام ئەگەر هەر وڵاتە کارتی ئەم جۆرە پێڕستەی خستە ناو کتێبەکانیەوە، ئەوە دەبێتە هۆکاری ئەنجامدانی پێڕست بۆ یەك جار، بەوەش ماندووبوون لە پرۆسەی پێڕستکردنی کتێبدا کەم دەبێتەوە.

بەکورتی، ئەو سوودانەی کتێبخانەکان لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆگرامی(پێڕست لەکاتی بڵاوکردنەوەدا) دەیبینن بریتین لە:

أ- دەرکەوتنی هەر چاپکراوە بە زانیاریی بیبلیۆگرافیی تەواوی خۆیەوە لەیەك کاتدا، کە ئەمەش دەبێتە ئەگەری باشکردنی خزمەتگوزاریی ئاگاداربوون لە زانیارییو ناونیشانی نوێ(الأحاطة الجارية).

ب- دەستگرتنەوە لەتێچووندا.

جـ- یەکگرتوویی لە پێڕستداو چاکسازیی تیایدا.

د - باشکردنی جۆری پێڕستو ناوەرۆکی.

هـ- دەتوانرێ چارەسەری دواکەوتن بکرێت لە بڵاوکردنەوەی چاپکراو لەگەڵ دانانی لەنێو بیبلیۆگرافیادا، بەتایبەت بیبلیۆگرافیای نیشتمانی.

و- یارمەتیدانی کتێبخانەکان، بەتایبەت ئەوانەی پێڕستکاری کارای تیادا نییە.

### ٧- پێڕستی ئەلیکترۆنی MARC:

بــەکارهێنانی کۆمپیوتــەر لــە کتێبخانــەو ســەنتەری زانیارییەکانــدا یارمــەتی گەشەســەندنی پرۆگرامــی بەرهــەمهێنانی ناوەنــدیی دەدات بــۆ دەروازەی پێڕســت بەشــێوەیەك لەســەر خــودی کۆمپیوتــەر بخوێنرێتــەوە، ئەمــەش بــەو واتایەیــە کــە دەستەی ناوەندیی پێڕستی بابەتەکان بکات، پاشـانیش زانیارییـە بیبلیۆگرافییـەکان بخاتە سەر سیدی کە تایبەتن بەو بابەتانە، دواتریش بەسـەرکردنەوەی کتێبخانـەکان بەو سیدییە تۆمارکراوانە، کتێبخانەکان دەتوانن بـە بـەکارهێنانی کۆمپیوتـەر کـارتی پێڕستی تایبەت بە چاپکراوەکانیان لەڕێی ئەو سیدییانەوە بەرهەمبهێنن.

**پرۆژەی پێڕستی ئەلیکترۆنی بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە:**

**١- قۆناغی ئەزموونگەریی یەکەم:**

لەسالآنی نێوان ١٩٦٦-١٩٦٨دا بەردەوام بـووەو نـاوی مـارك(١)ی لێنـراوە، لـەو قۆناغــەدا ٣٥ هــەزار وەســفی بیبلیــۆگرافیی کتێبــە ئینگلیزییــەکان بــەهێماوە ئەنجامدراوەو خراونەتە سەر ٦٢ سیدی بـۆ ١٦ کتێبخانـەی بەشـدار لـە بەرنامـەکانی (ئەمریکای باکوور)دا.

**٢- قۆناغی دووەم:**

لـە دوای مـاوەی قۆنـاغی یەکەمـەوە دەسـتپێدەکاتوناوی مـارك(٢)ی لێنـراوە، بەدواشـیدا خزمـەتگوزاری بەشـداریی هەمیـشەیی کتێبخانـەکان دامـەزراوە، لەگـەڵ توانای داخڵکردنی هەمواری شێوە دەروازەکان بەپێی پێویـستیی هـەر کتێبخانەیـەك بەجیا.

شایانی باسە، کۆشـشی کتێبخانـەی کـۆنگرێس کاریگـەریی گـەورەی هـەبووە لـە سەرخستنی ئەم پرۆژەیەدا.

هەڵبـەت ئامـانج لـە پـرۆژەی(مـارك) زانینـی چـۆنێتی سـوود وەرگـرتن بـووە لـە زانیارییە بیبلیۆگرافییەکان کـە بەشـێوەیەکی ناوەنـدییو بـەهۆی کۆمپیوتـەرەوە لـە کتێبخانــە جیاوازەکانــدا ئەنجامــدراون، ئــەوەش بووەتــە هۆکــاری راســتەوخۆ بــۆ

گەشـەكردنو دابەشـكردنی سـیدییەكانی(مـارك)و دامەزرانـدنی تـۆڕی بیبلیـۆگرافیی هەرێمایەتیو تۆڕی پێڕستی هاوبەش.

**لەڕێی خزمەتگوزاریی(مارك)ەوە ئەم سوودانە وەرگیراون:**

١- یەكگرتوویی و بەتەكنیك كردنی لە پرۆسەكانی پێڕستو پۆلێندا، بەشێوەیەك دەروازەو زانیارییە بیبلیۆگرافییەكان لەكارتدا یەكخراون.

٢- دەستگرتنەوە لە پارەو تێچووندا.

٣-یاریـدەدان بـۆ ئامـادەكردنی پێڕسـتو بیبلیۆگرافیـای جیـاواز. هـەروەها سیدییەكان زانیاریی وەسفییان تیادا بووە كە بریتیی بوون لە: نووسـەرو ناونیـشانو سـەرەبابەتو زنجیرەیـەك لـە ژمارەكـانی پـۆلێن (پـۆلێنی كتێبخانـەی كـۆنگرێسو ژمارەكانی سیستمی پۆلێنی دیوی دەییو ژمارەكانی پـۆلێنی كتێبخانـەی پزیـشكیی نیشتمانیی ئەمریكی)و هی تر.

# بەشی شەشەم

# کارتەکانی پێڕست



**کارتەکانی پێڕست:**

کارتەکانی پێڕست لەم جۆرانە پێکدێن:

**١-کارتی سەرەکیی** Main Card:

کـارتێکی سـەرەکییەو بەشـێوەیەکی بنـچینەیی بـەکاردێت بـۆ ئامـادەکردنی کارتـەکانی دیکـەی کتێـب، یـان دۆکۆمێنـت، بریتییـە لـە دەروازەی سـەرەکیی سەرچاوەی کتێبخانەیی، یان دۆکیۆمێنت، ئـیتر دەروازەکـە بەنووسـەر بێـت یـان بـە ناونیشان، هەر چۆن زانیاریی بیبلیۆگرافیی سەبارەت سەرچـاوەکە دەگرێتـە خـۆیو هـەر ئـەوەش دەبێتـە دیاریکـەری خـودی دۆکیومێنتەکـەو هۆکـاری جیـاوازیی لـە سەرچاوەی تر.

**٢-کارتە زیادەکان** Adde Cards:

ئەو کارتەیە دەروازە زیادەکانی تری دۆکیومێنت دەگرێتە خۆیو بەهۆیـەوە جیـا لە رێگای کارتی سەرەکیی؛ دەگەینە سەرچاوە کتێبخانەییەکە، یان دۆکیومێنتەکـە، کارتی زیادە بۆ ئەو کەسانەی ترە کە رۆڵیان هەیە لـە ئامـادەکردنی سەرچـاوەکەدا، ئـیتر بەشـداریی نووسـین بێـت یـان وەرگێـڕان، یـاخود ئامـادەکردن، یـان توێژینەوەو..تاد، هەرچۆن کارتی زیـادە بـۆ ناونیـشانی تـری کتێـب یـان دۆکۆمێنـت ئامادە دەکرێ، ئیتر بۆ ناونیشانی لاوەکی بێت یان بەرامبەر یاخود ئەلتەرناتیف.

هاوکات ئـەم کارتانـە بـۆ سـەرەبابەتی دوو تـوێی کتێـب یـان دۆکۆمێنـت ئامـادە دەکرێن، هەروەها بۆ زنجیرەش ئەگـەر هـەبێت، ئامـادەکردنی ئـەم جـۆرە کارتـە بـۆ خودی پێڕسـتکار جێدەهێڵرێت، تـا ئـەوەی بـە پێویـستی دەزانێـت بـە دۆکـۆمێنتی بکاتو لە خزمەتی داخوازیی سوودمەنداندا بێت.

**٣-كارتە شیکارییەکان** Analytical Card:

ئەو کارتانەن کە تیایاندا دەروازە بۆ لقێك، یان بەشێك لە بەرهەمێك هەیە کە دەروازەی فراوانی بۆ کرابێت، یان ئەو کارتانەن کە وەسفی کارێك دەکەن لەنێو کۆمەڵێك کاردا، یان وتارێك لە خولاوەیەکدا.

دەروازەی شیکاریی کە بەناوی نووسەر یان ناونیشان یاخود بابەتەوە دەبێت، بێجگە لە دەروازەی بەشی شیکراوە؛ لەزانیارییە وەسفییەکان سەبارەت کارێکی گشتگیر پێکدێت، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانرێت جێگای بەشە شیکراوەکە دەربخات لەو دۆکیومێنتەی دەیگرێتە خۆی.

**٤-کارتەکانی رێگا نیشاندان** Cross-Reference Cards:

ئەو کارتەیە کە رێگا بەخوێنەر نیشان دەدات لەکارتێکەوە بڕواتە سەر کارتێکی تری پێڕست، ئەویش لەرێی بەکارهێنانی ئامڕازەکانی ئاڕاستەکردنی (بڕوانەو دووبارە بڕوانە، انظر وانظر ایضاً)ەوە، کارتەکانی رێگانیشاندان بۆ ناوی نووسەرانو ناونیشانەکانو سەرەبابەتەکان بەکاردێت، ئەوانیش دوو جۆرن:

أ-رێگانیشاندانی: (انظر)(See): ئەویش بۆ رێنیشانی خوێنەرە لە دەروازە یان زاراوەیەکی بەکارنەهێنراوەوە بۆ دەروازە، یان زاراوەیەکی تری بەکارهێنراو لە پێڕستدا، وەکو:

- بنت الشاطیء.
- انظر.
- عبدالرحمن، عائشة.

ب-رێگانیشاندانی: دووبارە بڕوانە (انظر ایضاًSee also): ئەویش بۆ رێنیشانی خوێنەرە لە دەروازە یان زاراوەیەکی بەکارهێنراوەوە بۆ دەروازە یان زاراوەیەکی تری بەکارهێنراو دووبارە لە پێڕستدا، کە پەیوەندیی هەیە بەو دەروازەیەی رێگانیشاندان کراوە، بۆ **نموونە**:

•استرجاع المعلومات.

•انظر ايضاً.

•خدمات المعلومات.

**٥-كارتی یەکگرتوو** Union Card:

شێوەیەکە لە کارتو لە توانایدایە خزمەتی هەموو مەبەستەکان بکات، ئەویش بەزیادکردنی سەرەبابەتی گونجاو لە سەرەوەی کارتەکەدا، نموونەی ئەم جۆرە کارتەش (کارتەکانی کتێبخانەی کۆنگرێس)ە کە بریتییە لە یەك شێوەی دەروازەی سەرەکیو زیادکراوەکان، ئامادەکردنی کارتە زیادەکان بە زیادکردنی سەرەبابەتی پێویست لەسەرەوەی کارتەکەدا ئەنجام دەدرێت.

**کارتی یەکگرتوو بەوە ناسراوە کە کاتو کۆشش و تێچوون دەگێڕێتەوە، چونکە:**

– دووبارەکردنەوەی پێڕستی کتێب زیاد لە جارێك؛ناهێڵێت.

– کورتکردنەوەی کاتی کاری پێڕستکارو ئامادەکردنی کارتەکان دەبێت.

– کەمکردنەوەی تێچوونی ئامادەکردنی پێڕست.

– یاریدەی یەکگرتوویی پێوانەیی دەدات لە کاری پێڕستدا.

– بەئامڕازێکی ڕێکخستنی بیبلیۆگرافی دادەنرێت لەسەر ئاستی ناوچەییو نەتەوەییو هەرێمایەتیو جیهانی، چونکە کارتەکان بەشێوەیەکی ناوەندیی ئامادە دەکرێنو کتێبخانەو سەنتەرەکانی زانیاریی تر دەتوانن لەڕێی کڕینو ئاڵوگۆڕەوە بە دەستی بهێنن.

**دووریيەکانی کارتی پێڕست** Identions:

دووریی: یان دووراییی، ئەو ماوە؛ یاخود بۆشاییە جێهێڵراوەی کارتی تۆمارکردنی زانیارییەکانە کە بە(ماوە)یان(نێوان) لەدەرەنجامی چاپدا دەپێورێت، واتە لە کاتی تایپی کۆمپیوتەریدا بە(لێدانێك) ئەو دوورییە دەردەکەوێت، هەر دوورییەك،

بۆشـاییەك بـەو كـردارە دەردەچـێتو بەوشـێوەیە دووریـی ژمـارەی دیـاریكراوی (ماوە)كان دیاری دەكات، دوورییەكانیش بریتیین لە:

**١-دووریی یەكەم:**

بریتییە لە(٨)ماوە لە لێواری لای راستی كارتەكەدا(بۆ كتێبی عەرەبی)و كـەناری چەپ بـۆ كتێبـی بییـانی، ئـەو دوورییـە لـە كـارتی دەروازەی سـەرەكیدا بـەكاردێت، هەرچـۆن بـۆ تـەواوكردنی زانیـاریی تایبـەت بـە بڕگـەكانی ناونیـشان، زانیـاریی بڵاوكردنەوە، ژمارەی لاپەڕە، زنجیرە، تێبینیەكانو بەدواداچوون؛ بەكاردێت، ئەگەر دێڕی تەرخان بە خۆیان لەخۆی نەگرتبن.

**٢-دووریی دووەم:**

بریتییە لە (١٢)ماوە لە كەناری كارتەكەدا، واتـە چـوار مـاوەی چـاپ لای چـەپی دەروازەی سەرەكیی، ئەم دوورییە بۆ تۆماركردنی دەروازە زیادكراوەكانە، هەرچـۆن زانیاریی تایبەت بـە بڕگـەكانی ناونیـشانو ژمـارەی لاپـەڕەو تێبینـیو بەدواداچـوون دووبارە لەسەر كارتەكە تۆمار دەكرێن.

**٣-دووریی سێیەم:**

بریتییـە لـە (١٤) مـاوە لـە كـەناری كارتەكـەدا، ئـەو دوورییـە بـۆ تـەواوكردنی زانیارییەكانی دەروازەی نووسەر بەكاردێت، ئیترکەسێك بێت یان گروپێـك، هەرچـۆن بۆ تەواوكردنی دەروازەی زیادكراویش بەكاردێت؛ ئەگەر درێژ بێت.

**٤-دووریی هەڵواسراو:**

ئـەم دوورییـە لەیـەك حاڵەتـدا بـەكاردێت، ئـەویش ئەگـەر دەروازەی سـەرەكیی بەناونیشان بێت، نەك بەنووسەر، دەروازە(ناونیشان) لەسەر دووریی یەكەم(٨ ماوە) دەستپێدەكات، پاشمـاوەی زانیارییـەكانیش(بێجگـە لـە تـەواوكردنی زانیارییـەكانی ژمارەی لاپـەڕەو زنجـیرەو تێبینـیو بەدواداچـوون كـە لەسـەر دووریـی یەكـەم تـەواو

دەکـرێن)هەمیـشە دەخرێنـە سـەر دووریـی دووەم(١٢ مـاوە)، وەك ئـەوەی هـەموو زانیارییەکان(بێجگە لە دێڕی یەکەم)لەسەر دووریی دووەم دانرابن.

# بەشی حەوتەم

# بنەماکانی ڕێکخستنی دەروازە لە پێڕستەکاندا



## بنەماكانی ڕێكخستنی دەروازە لە پێڕستەكاندا

پیتەكانی زمانی عەرەبی بە زیاد لە ڕێگایەك ریزبەندیی كراون، كە كۆنترینییان ریزبەندییەكەی(الخليل بن احمد الفراهيدی)یە، بەڵام ماوەیەكی دوورو درێژە كاری پێ ناكرێت.

دوو ریزبەندی هەیە كە تا ئەمڕۆ بەكار دەهێنرێن:

**أ- ریزبەندیی ئەبجەدیی:**

كە بەم شێوەیەیە: أبجد هوز حطی كلمن سعفص قرشت ثخذ ضظغ، ئەم ریزبەندییە لە فەرهەنگە عەرەبییەكاندا بەكارنەهێنراوە، بەڵام تا ئێستا لە ژمارەو بیركاری‌و مێژوودا بەكاردێت.

**ب- ریزبەندیی هیجایی یان ریزبەندیی(الألفبائي):**

ئەم ریزبەندییە لە ئێستادا بەكارهێنانی بەربڵاوە، ئەویش بەم جۆرەیە: أ ب ت ث ج ح خ د ذ ر ز س ش ص ض ط ظ ع غ ف ق ك ل م ن ه و ي.

**دوو ڕێگاش بۆ ریزبەندیی پێڕستەكان پەیڕەو دەكرێن:**

**١- ڕێگای وشە بە وشە(الكلمة ـ كلمة):**

ئەم ڕێگایە پشت دەبەستێ بە(وشە) بنەڕەتییەكە لە ریزبەندیی كارتەكاندا، واتە بەپیتی یەكەم دەستپێدەكات، ئینجا دووەم‌و سێیەم لە وشە ناوبراوەكە؛ یەكەمجار لەكارتەكەدا، ژمارەكانی پیت لە وشەدا بایەخی هەیە بۆ ریزبەندیی، ئەو وشەیەی كە كۆتاییەكەی هەمان پیتەكان بوو لەگەڵ وشەیەكی تردا، ئەوا لەسەرەتاوە دادەنرێت.

**٢- ڕێگای پیت بە پیت(الحرف ـ حرف):**

لەم ڕێگایەدا پشت بەپیت دەبەسترێ وەك بنچینەیەك بۆ ریزبەندیی، ئەمەش بەشێوەیەكی گشتی لە فەرهەنگەكاندا كاری لەسەر دەكرێت، رزبەندییەكە بەپیتی یەكەم دەستپێدەكات، ئینجا دووەم‌و سێیەم‌و چوارەم لەوشەی یەكەمدا، ئینجا

دەچێتەسەر پیتەکانی وشەی دووەمو بەوشێوەیە، لێرەدا دەروازەی وشەکان ریزبەندیی دەکرێن وەك ئەوەی یەك وشە بن.

**نموونەی(١):**

| **حرف ـ حرف** | **كلمة ـ كلمة** |
| --- | --- |
| المنادى | من بعيد |
| من بعيد | من ينادينى |
| منير بعلبكى | المنادي |
| من ينادينى | منير بعلبكى |

**نموونەی(٢):**

| **حرف ـ حرف** | **كلمة ـ كلمة** |
| --- | --- |
| الهند | الهند |
| الهندام | الهند تحت الأستعمار |
| الهند تحت الأستعمار | الهند الشمالية |
| الهندسة الآلية | الهندام |
| الهند الشمالية | الهندسة الآلية |

نموونەی دووەم دەریدەخات کە رێگای(كلمة ـ كلمة) باشترە، چونکە یارمەتی پارێزگاریی لە وشەو بابەتە پەیوەندیدارو پێکەوە گرێدراوەکان دەکات، ئەوەتا(الهند والهند تحت الأستعمار والهند الشمالية) بەدوای یەکدا هاتوون، بەڵام لەڕێگای(الحرف ـ حرف)دا پەرش‌و بڵاوبوون.

**یەکەم: بنەماکانی ریزبەندیی دەروازەی نووسەران:**

زۆر بنەما هەن لە ریزبەندیی دەروازەی نووسەراندا پەیڕەو دەکرێن، ئێمە پشتمان بەم بنەمایەو ئەوانەی دواتر بەستووە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ریزبەندیی

کارتەکانی پێڕستی عـەرەبی لـە کتێبخانـەی زانکـۆی ئوردونـدا، ئـەویش دوای چـەند هەموارکردنێك کە رەنگدانەوەیە بۆ ئاڕاستە نوێیەکان، ئەو بنەمایانەش بریتین لە[1]:

* ریزبەنـدیی دەروازەکـانی پێڕسـتی نووسـەران بەریزبەندییـەکی هیجـایی بەپیتەکانی هیجای عەرەبی(احرف الهجاء)، ئـەویش بـەپێی رێگـای(الکلمـة ـ کلمـة)و ریزبەنـدیش بـەپێی(الحـرف ـ حـرف) دەکرێـت لـەناو وشـەکەدا، ریزبەنـدیی نـاوی نووسەرانیش وەك ناوەکە خۆی دەنووسرێن، نەك وەك دەربڕینو ئاخافتنی ناوەکە.

* جیاوازیی هەیە لەسـەر نووسـینی نـاوی وەك(عبـدالرحمان وعبـدالرحمن)، لـەم کاتـەدا کارتـەکان لەیـەك شـوێندا رێکـدەخرێنو بـەو شـێوەیەی کـە زیـاتر بـاوە، واتـە(عبـدالرحمن)، لەگـەڵ ئەنجامـدانی رێگانیـشاندان(الإحالـة) لەشـێوەی بەکارنەهاتووەوە بۆ شێوەی بەکارهاتوو.

* وشەی(ابن، بنت، ابو... تاد(الأسماء الخمسة) بە (نـاو) حسابیان بـۆ دەکرێـت لـەکاتی ریزبەندیـدا، بـۆ نموونـە(ابوتمـام) لەگـەڵ پیتـی(الألـف)و(ذو الفقـار) لەگـەڵ پیتی(الذال)و بەوشـێوەیە، ئەگـەر لەناوەڕاسـتی ناوەکەشـدا هـاتبوون وەك(عمـر بـن الخطاب) بە هەمان شێوە دەبێـت، ئەگـەر ئەوانـە(الأسمـاء الخمـسة) بەڕێگایـەك یـان زیاتر بەناوی دوای خۆیانەوە گرێدرابوون، وەکو(بلحاج، بورقیبة)ئەوا دەبێتـە ئەسـڵی ناوەکەو لەریزبەندیدا بەو شێوەیە رەچاو دەکـرێن، رایـەکی تـریش هەیـە کـە ئەوانـە لـەناوەکان دابـڕ بـن، بـەڵام ئـەوە کـاری پـێ ناکرێـت چـونکە(ابـن خلـدون) هـەرگیز ناکاتە(خلدون)و (ابوبکر)یش (بکر) نییە.

* ناوەکان ریزبەندیی دەکرێـت بـە رەچـاونەکردنی جووڵـەکانی(الفتحـة، الـضمة، الکسرة..تاد) کە لەسەریانن، وەك چۆن(حَسَن وحُسَن) پێکەوەو ریزبەندیی وەك یـەك دەکرێن.

---

[1] د. ربحي مصطفى عليان: أساسيات الفهرسة،١٩٩٢، ص١٠٩-١١٢.

* ریزبەندیی ناوەکان دەکرێت بەبێ بەهەند وەرگرتنی (آل التعریف) نە لەسەرەتاوە وەکو(الهادی، الأخضر)و نەلە ناوی لێکدراوی وەك(عبدالکریم) کە بەشێوەیەك ریزبەندیی دەکرێت وەك(عبد کریم) بێ، دەبێ جیاوازیی لەنێوان (آل)ی (التعریف)و هەردوو پیتی(ال) بکرێ کە بەشێکی بنەڕەتیی وشەیە، بۆ نموونە(اللّه، الفرید، المانیا) لە ریزبەندیدا وەك زیادە تەماشا ناکرێت.

* (الألف بهمزة) دەکەوێتە پێش(الألف بدون همزة): سبأ دەکەوێتە پێش سبا، رأفت پێش رافع، هەرچۆن (الواو بهمزة) دەکەوێتە پێش (الواو بدون همزة): مؤمن پێش مواهب، هەروەها(الیاء بدون همزة):

بریء پێش بري.

* الف الممدودة(آ) ئەو (همزة)یە کە(پیتی یەکەم)ە وەك (الف)ێك وایە لەسەر(الف)ێکی تر، هەربۆیە دەکەوێتە پێش (الألف بهمزة یان بدون همزة): آمال پێش أمل.

* (الألف المقصورة) بە (ألف) دادەنرێت نەك(یاء)و بەدوای(الألف الممدودة)دا دادەنرێت:

مها پێش مهی.

*(التاء المربوطة) بە(تاء) دادەنرێت، نەك (هاء)، لەپێش (التاء المفتوحة) دادەنرێت؛ دولة پێش دولت. لێرەدا گرنگ جیاکردنەوەی (التاء المربوطة) یە لە(الهاء) ئەویش بە(التنوین) دا دەناسرێتەوە.

* ناو هەن لە ئاخافتندا پیتی وایان تیایە کە نانووسرێن، وەك پیتی(الألف) لە (طه) و(اسحق)دا، لەم کاتەدا ناوەکە بەجۆرێ دادەنرێت وەك چۆن دەنووسرێت، نەك چۆن دەوترێت.

* ناوە لێکدراوەکان وەك بەشی دووەمی ناوەکە دەنووسرێن، ئەگەر بەشی یەکەمیان لەیەکچوون، وەکو(عبداللّه، عبدالسمیع)...

* ریزبەندیی ناوی نووسەرە عەرەبە کۆنەکان(ئەوانەی بەر لەساڵی ١٩٠٠ لەدایك بوون) بەپێی ناوبانگو ئینجا ناوی یەکەمیان دادەنرێن، وەکو: البوصیری، شرف الدین ابو عبداللە... لە پیتی (الباء)دا دادەنرێت، هەرچۆن ناوی نووسەرە بیانییەکان لە پێڕستی نووسەراندا بەناوی خێزانو ئینجا ناوی یەکەم دادەنرێن، وەکو: (کنت، ألن)، بەلام خاڵبەندییەکانی نێو دەروازەی نووسران، وەك(،) لەریزبەندیدا بەهەند وەرناگیرێن.

* ئەو ناوانەی کورتکراوەیان لەسەرەتای ناوەکاندا تیادایە، وەکو: أ.کانیوس؛ ئەوا دەخرێتە سەرەتای پیتی(الألف)، م. عبدالمنعم دەخرێتە سەرەتای پیتی(المیم)ەوەو بەو شێوەیە.

* دانراوەکانی یەك نووسەر بەدوای یەکداو بەپێی ریزبەندیی هیجایی ناونیشانەکانیان دادەنرێن، وەکو: دانراوەکانی(طە حسین) بەمجۆرە ریزبەندیی دەکرێن:

الآیام، حدیث الأربعاء، دعاء الکراوان، الشعر الجاهلي...و بەوشێوەیە.

* ئەگەر دانراوەکانی یەك نووسەر بەناوی یەکەمو دوایەمینو جاری دیکە بەناوی یەکەمو دووەمو دوایەمین هاتبوون، ئەوا هەموویان بەناوە سیانییەکەیەوە یەکدەخرێن، لەگەڵ دروستکردنی(کارتێکی رێنیشاندەر) گەر پێویستی کرد.

* ئەگەر نووسەری کتێب بیانیی بوو بە عەرەبیو شێوەی جیاجیا ناوەکەی نووسرا، لەم کاتانەدا دەبێ داخڵکردنەکە بەشێوەیەکی دیاربێو ئەو شێوەیە بێ کە زیاتر بڵاوە، لەگەڵ ئەنجامدانی رێگا نیشاندان لە شێوە بەکارنەهێنراوەکانەوە بۆ شێوە بەکارهێنراوەکان، وەکو: هوجو، هوغو، هیجو، هیغو.

* ئەگەر وەزارەت، یان دەزگایەك بەرپرس بوو لە بەرهەمی فیکریو ئەو دەزگایە بەروونی پەیوەست بوو بەوڵاتێکەوە، ئەوا داخڵکردن بەناوی وڵاتەکەوە دەبێت، ئینجا ناوی وەزارەت یان دەزگاکە دێت، ئەمەش سەرجەم دانراوە تایبەتەکانی هەر

وڵاتە کۆ دەکاتەوە لەیەك شوێنداو لەژێر ناوی وڵاتەکەداو پاشان لقی لێدەبێتەوە:
وەکو:

الأردن. البنك المركزي، الأردن. وزارة الصحة.

* ئەگەر گروپی بەرپرس لەکارەکە سەر بەچەند وڵاتێك بوو، واتە خەسڵەتی نێودەوڵەتیی وەرگرتبوو، ئەوا داخڵکردنەکە بەناوی گروپەکەوە دەبێتو پاشان بەدوایدا ناوی ئەو شارە دێت کە بارەگای گروپەکەی لێیە، وەکو:

اتحاد المصارف العربية. بيروت، هەندێ جار ناوی گروپ نابەسترێتەوە بە شوێنی دیاریکراوی ناوبانگیەوە، یان لەبارەگاو نووسینگەی زیاتر لە شوێنێك هەیە، ئەوا داخڵکردنەکە راستەوخۆ بەناوی گروپەکەوە دەبێت، وەکو:

منظمة الأقطار العربية المصدرة للبترول، منظمة الصحة العالمية.

* ئەگەر داخڵکردن بەناوی کۆنگرەیەك، یان سیمینارێکەوە بوو، ئەوا کارتەکان بەپێی زنجیرەی ژمارەیی ئەو چالاکییە رێکدەخرێت، وەکو:

المؤتمر التأريخي لبلاد الشام، الأول یان الثاني، الثالث...

* ئەگەر ناوی نووسەرێك لە دوو کارت یان زیاتردا لەیەکچوو، ئەوا بەراورد بەناونیشان دەکرێتو کارتەکان بەپێی هیجا بەناونیشان دەکرێت، ئەگەر ناونیشانیش لەیەکچوون ئەوا کارتەکە بەپێی(چاپ) رێکدەخرێت، واتە چاپی یەکەم ئینجا چاپی دووەمو سێیەم. ئەگەر ژمارەی چاپیش نەبوو، ئەوا بە(مێژووی بڵاوکردنەوە) دیاری دەکرێت، واتە کامیان لەپێشتر بوو.

* ئەگەر نووسەرو ناونیشانو مێژووی بڵاوکردنەوە لە دوو کارت یان زیاتردا وەك یەك بوون، ئەوا شوێنی بڵاوکردنەوە بە هیجایی رێکدەخرێت، ئەگەر ئەویش لەیەکچوو، ئەوا ژمارەی لاپەڕە دەبێتە پێوەر، لاپەڕە کەمەکان لەپێشەوە، یان ژمارەی بەرگە کەمەکان لەپێشەوە، ئەگەر ئەو زانیارییانە هیچیان نەبوو، ئەوا ئەو

کارتــەی مێــژووی بڵاوکردنــەوەی لەســەر نــەبێت دەخرێتــە پێــشەوەی ئــەو کارتــەی مێژووی لەسەربوو بەو جۆرە.

**دووەم: بنەماکانی ریزبەندیی دەروازەی ناونیشانەکان:**

* کارتەکانی ناونیشان بـەپێی ریزبەنـدیی هیجـایی رێکـدەخرێن، بـەپێی رێگـای/ وشه به وشه(كلمة ـ كلمة)، لەناو وشەشدا به پیت به پیت (حرفاً ـ حرف) ریزبەنـدیی دەکرێن، ناونیشانەکانیش وەك چـۆن دەنووسـرێن هـەروا رێکـدەخرێن؛ نـەك ئـەوەی دەگوترێن، یان چۆن لە(ئاخافتن)دا دێن.

* جووڵەی سەر پیتەکان؛ یان(التنوین) لەکاتی رێکخستنی ناونیشانەکاندا رەچاو ناکرێن، بۆ **نموونە**: أجرام وەك إجرام رێکدەخرێت.

* (همـزة)لەســەر (الألــف) بــە(ألــف) دەنووســرێت، پــێش(الألــف) بــەبێ(همـزة) دەنووســرێ، وەکــو: (قــرأ) پــێش (قــراء) دادەنرێــت، هــەروەها وشــەی(یــسألون) دەکەوێتە پێش (یساریون).

* (همـزة) کـە بەسـەربەخۆیی دەنووسـرێت، نـەك لەسـەر پیتـی تـر، دەکەوێتـە پێشەوە، بۆ **نموونە** (داء) لەپێش (دار)و(جاء) لەپێش (جاد) دا دەبێ.

* (الـواو)بـە(همـزة)وە دەکەوێتـە پـێش(یـاء) بـەبێ (همـزة)، وەکـو: (رئاسـة) پێش(ريادة).

* (الألف)ی درێژ دەکەوێتە پێش(الألف)ی هەمزەدار: (آثار) لەپێش (أدب).

* (آل)ی (التعريف) هەمیشە لادەبرێت، مەگەر ئەسـڵی بێـت، وەکـو: اللـه، الـتي، یان لەکاتی پەیوەندیی یـەك لەپیتـەکانی پەیوەنـدیی بەوشـەیەکەوە (آل التعريـف)ی تیابێت، وەکو:

بالعلم، للمستقبل: لەم کاتەدا دەمێنێ و لانابرێت.

* وشـــەكانى(ابــن، ابــو، ذو) بەهەنــد وەردەگیرێــن لــە ناونیــشانەكاندا، ئــیتر لەپێشوەبن یـان ناوەڕاسـت یـان كۆتـایی ناونیـشانەكە، وەكـو: (ابـو عـلاء) ریزبەنـد دەكرێت بەپێی(الألف) لەناونیشاندا.

* هەموو نازناوەكان لەگشت بابەتەكاندا لە پێڕستی ناونیشاندا دادەنـرێن، وەك: الشیخ، الباشا، الرئیس، الدكتور، الملك.

* (الألف المقصورة) بـە(الـف) دادەنـرێ، نـەك(یـاء)و لـەدوای (الألـف الممـدودة) ریزبەندیی دەكرێت، وەكو: (عـصا) بـەر لـە(عـصى)، دەبـێ جیـاوازیی نێـوان(الألـف المقصورة)و (الیاء) بكرێت.

* (التاء) ی پەیوەندیی(تاء)ە نـەك(هـاء)، بـەر لـە (التـاء المفتوحـة) دادەنرێـت، وەكو: (قوە) بەر لە(قوت).

* ناونیشانەكان وەك دەنووسرێن دادەنرێن، نەك وەك لەئاخافتندا دەگوترێن.

* نیشانەكانی راوەستان كە لەناونیشاندا بەكاردێن لەریزبەندیدا دانانرێن، وەكـو: الأردن: حاضر ومستقبل، كە دەنووسرێ ئەو(:)ە لادەبرێت.

* پیتی زۆر كورت هەن كە سەربەخۆ تەماشایان دەكرێت، وەكو: و، أو، یـاء، وا، ما، لا...تاد، بەڵام پیتەكانی(الجر) كە بەوشەی ترەوە گرێدراون بە جیـاواز سـەیریان ناكرێتو لەوشە جیانابنەوە، وەكو: بالجهاد، لفلسطین، كالسماء.

* گەلێك وشەی بییانی هەن كە لەزمانی عەرەبیدا بەشێوازی جیاواز دەنووسرێن، وەكو: امریكـا و امیركـا، فیـسولوجیا و فیزیولوجیـا، دەبێـت بـەجۆرێك دابنـرێن وەك دەنووسرێن، دەتوانرێـت كـارتی رێگـا نیـشاندانیان بـۆ بكرێـت، وەكـو (أمریكـا انظـر أمیركا)، بەڵام دەبێت رەچاوی ئەوە بكرێت كـە هەنـدێك وشـەی بییـانی هـەمان مانـا ناگەیێنن، وەكو: (الكهرباء)كە (الكهربیة) نییە، (الفیزیاء) كە الفیزیقـا نییـە، هـەروەها (الفهرس) كەوا (الفهرست) نییە.

* هەندێ وشەی وەکو(ماذا) بەیەك وشە دادەنرێت، بەڵام (ماهي) بە دوو وشە دادەنرێت؛ (ما) لەگەڵ(هي)، هەرچۆن (لا معقول)یش دوو وشەیە، بەڵام وشەی وەکو(لازم)و(دیغول) یەك وشەن، بەڵام (سان فرانسیسکو)و (نیو دلهی) دوو وشەن.

* دوو ئاڕاستە هەن بۆ کارکردن لەگەڵ وشە کورتکراوەکان لەناونیشانەکاندا.

ئاڕاستەی یەکەم: کورتکراوەکە وەك وشەیەکی تەواو کاری پێدەکرێت، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ مانا بنچینەییەکەی، وەکو:

– لقاء مع د. رشاد رشدي، واتە بەم شێوەیە ریزبەندیی دەکرێت:

– لقاء مع الدکتور رشاد رشدي.

یان(مدام×)لە بریی (مدام اکس) دادەڕێژرێت. یان:

– تأریخ ج.م. (داڕێژراوە) هەروەك(جمهوریة مصر العربیة)و بەو شێوەیە.

ئاراستەی دووەم: ریزبەندیی کورتکراوەکان لەسەرەتای پیتەکەوە دەبێت بێ گەڕانەوە بۆ وشە بنچینەییەکە، ئەمەش چاکترە چونکە لە هەندێ جاردا (بنچینەکە) ناسراو نییە.

* هەندێ هێما وەك خۆیان دادەنرێن، نەك بە وشەو نووسین، وەك(+) واتە زائد، ٪ واتە لەسەددا (في المائة).

* دوو ئاڕاستە هەیە بۆ وشەی ئەوتۆ کە بەشێوازی(العامیة) دەنووسرێن، یەکەمیان دەڵێت بەوشەی عەرەبیی درووست بنووسرێن، وەکو (زغار) دەبێتە (صغیرتان)، ئاڕاستەی دووەمیش دەڵێت وەك خۆیان بنووسرێنەوە بێ دەستکاریی.

* ئەو ناونیشانانەی هەڵەی چاپیان تیادایە؛ دەبێت راست بکرێنەوە، بەمەرجێك بخرێنە نێوان دوو کەوانەوە وەك: المکتبات الجماعییة [الجماعیة]، دەشکرێت هەربە راستی بنووسرێنەوە بێ کەوانە.

* دوو را هەیە بۆ ئەو ناونیشانانەی کە ژمارەیان تیادایە، یان هەر بەژمارە بن: حرب ٥ حزیران، یان بکرێنە نووسین: حرب الخامس من حزیران.

**سێیەم: ریزبەندیی دەروازەی سەرچاوەکان:**

* کارتی دەروازەی سەرچاوەکان بەپێی پیتەکانی هیجا ڕێکدەخرێن، ئەویش بەپێی ڕێگای(کلمة ـ کلمة)و لەناو یەك وشەشدا بە(حرفاً ـ حرفاً) ڕێکدەخرێن، سەرەبابەتەکانیش وەك چۆن دەنووسرێن ریزبەندیی دەکرێن، نەك وەك ئەوەی دەگوترێن.

* ئەو وشانەی زیاد لە مانایەك دەبەخشن، دەبێ ئاگاداریان بین، وەکو(النقد) کە دەکاتە (النقد العربي)، هەروەها جۆرێك لە دراو (العملة) دەگەیێنێت، بۆ جیاکردنەوەیان (نقد أدبي) بۆ یەکەمیان و(العملة) بۆ دووەمیان دەنووسرێن، هەرچۆن کارتی ڕێگانیشاندانیشیان بۆ بەکاردێت بەمەبەستی ڕوونکردنەوەیان.

* هەندێ نیشانەی خاڵبەندی دەکەونە سەرەبابەتەکانەوە، وەکو ماوە(بۆشایی) کۆما، جووت کەوانە، ئەمانە لە ریزبەندیدا فەرامۆش دەکرێن، وەکو: إسلام ـ فلسفة.

* (الألف)ی (همزة) دار دەکەوێتە پێش (الألف)ی بێ (همزة).

*(الواو)ی (همزة) دار دەکەوێتە پێش (الواو) ی بێ(همزة).

* (الهمزة)ی سەربەخۆ دەکەوێتە پێش هەر پیتێکی ترەوە.

(آ)ی درێژ دەکەوێتە پێش (أ)ەوە، وەکو (آثار)و دواتر(أبناء).

* (آل التعريف) لە هەموو شوێنێکدا لادەبرێتو لەسەرەبابەتیشدا بە هەند وەرناگیرێت، مەگەر خۆی لەوشەکەدا هەبوو، وەکو (المرأة العربية).

* وشەی وەك (ابن، ابو، ذو)لە ڕێکخستنی کارتی سەرەبابەتدا لەسەرەتاوە یان هەر شوێنێکدا بێ لەبەرچاو دەگیرێت، وەکو: ابن خلدون، هەرچۆن ڕەچاوی وشەی وەك (آل سعود) دەکرێت.

* (التاء)ی گرێدراو بە(تاء) دادەنرێ نەك (هاء) و بەر لە (التاء المفتوحة) ریزیبەندیی دەکرێت، وەکو(حكمة) بەر لە(حكمت).

* هەندێ سەرەبابەت بەپیتێك دەستپێدەكەن كە لەخوێندنەوەدا گوزارشت دەكرێن؛ بەڵام نانووسرێن، هاوكات ریزبەندیشیان بەپێی بنەمای ریزبەندی دەبێت؛ وەك نووسینیان، نەك وەكو خوێندنەوەی وشەكان؛ كە لەریزبەندیدا گوێیان پێ نادرێت.

* ناوی فەرمانڕەواو میرەكان بە خەسڵەتو ماوەی ژیانیانەوە دەنووسرێن، وەكو: جمال عبدالناصر. رئیس جمهوریة مصر العربیة، ١٩١٨ـ١٩٧٠.

* ئەو سەرەبابەتانەی زیاتر لە وشەیەكی هیجان بە(كلمة ـ كلمة) دەنووسرێن وەكو (أدب عربي) پیش (أدباء)و (أحكام سلطانیة) پێش (أحكام قضائیة)و بەو شێوەیە.

* كورتكراوەكان كە لەسەرەبابەتدا دێن وەك یەك وشە دادەنرێن، بۆ نموونە (یونسكو).

* كارتەكانی رێگانیشاندان(إحالة)ی(أنظر)و(أنظر ایضاً) بەپێی وشەی ناوبراو لەسەرەتادا ریزبەندیی دەكرێن، وەكو: كارتی(نقد انظر نقود) دەكەوێتە پێش (نقد أدبي).

* وشەی بیانی بە عەرەبی كراو كە زیاتر لە شێوەیەكیان هەیە، لەیەك جێگاداو وەك شێوەی باوتر دادەنرێن، لەگەڵ ئەنجامدانی رێگانیشاندانی (أنظر) لەشێوەی بەكارنەهاتووەوە بۆ شێوەی بەكارهاتوو، وەكو: ببلیوغرافیا، ببلیوجرافیا، بیبلیوغرافیا، بیبلیوجرافیا، ببلوغرافیاو..تاد، بەپێی وشە باوەكە رێكدەخرێت.

* سەبارەت ئەو سەرەبابەتەی زیاد لە لقێكی لێدەبێتەوە رێسای(كلمة ـ كلمة) لەبەرچاو دەگیرێت، كارتەكان لەكاتی بوونی وشەی لەیەكچوو و وشەی كورتتری دوای ئەو رێكدەخرێن، وەكو:

- شعر.
- شعر عربي.
- شعر عربي ـ القرن العشرون.

- شعر عربي ـ القرن العشرون ـ سوريا.
- شعر عربي ـ القرن العشرون ـ سوريا ـ تأريخ ونقد.

* ئـەو سـەرەبابەتانەی مـاوەی زەمـەنییان تێدایـە بـەپێی پێـشینەی مێـژوویی دادەنرێت:

- شعر عربي ـ القرن الثامن عشر.
- شعر عربي ـ القرن التاسع عشر.

* گەر ژمارە لەسەرەبابەتدا هەبوو بۆ کەسێکی دیاریکراوی وەك ناوی پاشـاکان، ئەوا بەپێی زنجیرەی ژمارەیی دادەنرێت، وەکو: لويس التاسع، لويس الحـادي عـشر، هەروەها: فيصل الأول، فيصل الثاني..تاد.

* کۆنگرەکان بەپێی زنجیرەی ژمارەکانیان دادەنرێن، وەکو: مـؤتمر القمـة الأول، مؤتمر القمة الثانيء..تاد.

* کارتـەکانی یـەك سـەرەبابەت بەپیتـەکانی هیجـاء بـەپێی(نـاوی نووسـەر)ەکـە ڕێکدەخرێن، ئەگـەر ناوەکـە لـەناوی نووسـەرێکی تـر چـوو؛ ئـەوا بـەپێی(ناونیـشان) ڕێکدەخرێن، گەر ناونیشانیش وابوو ئەوا بەپێی(چاپ)، گەر ئەویش بەهـەمان شـێوە بوو ئەوا بەپێی(مێژووی بڵاوکردنـەوە)، گـەر سـاڵی چـاپیش هـەر وابـوو ئـەوا بـەپێی (شوێنی بڵاوکردنەوە)و ئینجا بەپێی(بڵاوکەرەوە) بەپێی هیجا، ئینجا بەپێی(ژمارەی لاپـەڕەکان)و پاشـانیش بـەپێی هێمـای سـەروو ژمـارەی پـۆلێن و(کـارتی بـێ هێمـا دەکەوێتە سەرەتاوە)[٢].

---

(٢) مەبەست لە هێمای سەروو ژمـارەی پـۆلێن ئەوانەیـە کـە خەسـڵەتی جیاکردنـەوە دەبەخـشنە هەندێك سەرچاوەی کتێبخانە، ئەویش بۆ جیاکردنەوەیان لە کتێبی ئاسـایی تـر، ئـەو هێمایانـەش وەکو:

پیتی(م) بۆ(المرجع)، پیتی(ق) بۆ (القصة)و هەردوو پیتی (ر.ج) بـۆ (الرسـائل الجامعيـة) واتـە (توێژینەوەی خوێندنی باڵا).

## نموونەی جیاواز لە کارتەکانی پێڕست

١- نموونەی کارتی پێڕست بۆ کتێبی یەك نووسەر:

رقم التصنيف

رمز المؤلف الجندي، أنور.

الإسلام في مواجهة الفلسفات القديمة/

بقلم أنور الجندي.- بيروت: دار الكتاب اللبناني، ١٩٨٧

٣٢٠ص؛ ٢٤سم.- (الموسوعة الإسلامية العربية؛ ١١).

١. الفلسفة الإسلامية. ٢. الحركات الفكرية عند

المسلمين. ٣. الفلسفات القديمة.

أ. العنوان. ب. السلسلة.

٢- کارتی پێڕست بۆ کتێبی دوو نووسەر:

رقم التصنيف

رمز المؤلف عليان، ربحي مصطفى.

أساسيات علم المكتبات والتوثيق والمعلومات/

تأليف ربحي مصطفى عليان، عمر أحمد همشري.-

عمان: المؤلفان، ١٩٨٨.

٣٠٤ص؛ ٢٦سم.

١. مكتبات، علم. ٢. معلومات، علم. ٣. توثيق، علم.

أ. همشري، عمر أحمد(مؤلف مشارك). ب. العنوان.

٣- كارتی پێڕست بۆ کتێبێك كه نووسه‌رو وه‌رگێڕی هه‌بێت:

رقم التصنيف

رمز المؤلف شمتز، باول.

الإسلام قوة الغد العالمية/ تأليف باول شمتز؛

ترجمة محمد شامة. — القاهرة: مكتبة وهبة، ١٩٨٣

٣٥٠ص؛ ٢٥سم.

١. الإسلام والسياسة. أ. شامة، محمد(مترجم). ب.

العنوان.

٤- كارتی پێڕست بۆ کتێبێك كه نووسه‌رو ئاماده‌كه‌ری هه‌بێت:

رقم التصنيف

رمز المؤلف العقاد، عباس محمود.

الإسلام والحضارة الإنسانية ومقالات أخرى/عباس

محمود العقاد؛ تحرير عبد الله حسن الحساني.- بيروت:

المكتبة العصرية، [١٩--].

١٨٥ص؛ ٢٤سم.

١.الإسلام- مقالات ومحاضرات. ٢. الإسلام

والحضارة. أ. الحساني، عبد الله حسن(محرر). ب. العنوان.

٥- كارتی پێڕست بۆ کتێبی سێ نووسەر:

رقم التصنيف

رمز المؤلف سلام، أحمد راجي.

مقدمة في علم الأمراض/ أحمد راجي سلام،

عبد الله محمود قاسم، محي عبد الكريم خليل. -ط٢. -

بغداد: دار المرتضى، ١٩٩٩.

٦٣٠ص؛ ٢٦سم.

١.أمراض. أ. قاسم، عبد الله محمود (مؤلف

مشارك) ب. خليل، محي عبد الكريم (مؤلف مشارك). ج.

العنوان.

٦- كارتی پێڕست بۆ کتێبێك كه چوارنووسەر یان زیاتری هەبێت:

رقم التصنيف

رمز العنوان إدارة المكتبات/ تأليف عبد الكريم الأمين...

[وآخرون].- بغداد: وزارة التعليم العالي والبحث

العلمي، ١٩٨٠.

١٨٥ص؛ ٢٠سم.

نشر بدعم من الجامعة المستنصرية.

ر. أ ٧٠٢٤/ ١٩٨٠.

١.المكتبات- إدارة. أ. الأمين، عبد الكريم...

[وآخرون].

٧- کارتی پێڕست بۆ کتێبێك كه لەلایەن دەزگایەکەوە بلاوکرابێتەوە:

رقم التصنيف

رمز الهيئة المجلس الوطني الفلسطيني.

مقررات المجلس الوطني الفلسطيني،

١٩٦٤-١٩٧٤/ إعداد راشد حميد. -بيروت: منظمة

التحرير الفلسطينية. مركز الأبحاث، ١٩٧٥.

٢٥٢ص؛ ٢٨سم. -(سلسلة الكتب

الفلسطينية؛ ٦٤).

يضم قوائم بيبلوغرافية.

١.المجلس الوطني الفلسطيني. أ. حميد، راشد

(معد). ب. العنوان. ج. السلسلة.

٨- کارتی پێڕست بۆ کتێبێکی پیرۆز:

رقم التصنيف

رمز العنوان القرآن الكريم.

مصحف المدينة النبوية.- الرياض: مجمع

الملك فهد لطباعة المصحف الشريف،[١٩٨٥].

٦٠٤ص، أ- ن؛٢٢سم.

١. القرآن الكريم.

٩- كارتی پێڕست بۆ كتێبێكی چیرۆك:

ق

رمز المؤلف الحكيم، توفيق.

حمار الحكيم/ توفيق الحكيم. — بيروت: دار

الكتاب اللبناني، [١٩٧٤].

١٦٠ص؛ ٢٢سم.- (مكتبة الحكيم الشعبية؛ ٢١).

أ. العنوان. ب. السلسلة.

١٠- كارتی پێڕست بۆ خولاوەیەك:

رقم التصنيف

رمزالمؤلف الدارة: مجلة فصلية/ تصدر عن دارة الملك عبد

العزيز. — ع١ (١٩٧٥)-.- الرياض: دارة الملك

عبد العزيز، ١٩٧٥-

ع: مص؛ ٢٤سم.

فصلية.

صدر لها كشاف تراكمي في العدد الرابع ١٩٨٥.

ردمد ١٧-٣٥١٨-٩-٤

١.السعودية-دوريات. أ. دارة الملك عبد

العزيز.

# بەشی هەشتەم

# ئامادەکردنی پێڕست لە ژینگەیەکی ئەلکترۆنیدا



## ئامادەکردنی پێڕست لەژینگەیەکی ئەلیکترۆنیدا:

پێڕست بە بڕبڕە پشتی کاری کتێبخانەو سەنتەری زانیارییەکان دادەنرێت، چونکە گەیشتن بەسەرچاوەکانی زانیاریی تەقلیدیو ئەلیکترۆنی، بەبێ پشتبەستن بەئامرازەکانی گەڕانەوەی کارا، کە وەسفو رێکخستنیان بۆ سەرچاوەکان کردبێت، کارێکی مەحاڵە.

پێڕست گەشەکردنی زۆری بەخۆوە دیوە، سەرەتا بەکورتە وەسفی بێ بەرنامە دەستی پێکردوە، پاشان گۆڕراوە بۆ زانیاریی درێژ سەبارەت سەرچاوەکان کە بەپێی بنەماو سیستمی تەکنیکی کاری لەسەرکراوەو ئەنجامەکەشی(پێڕستی کارتەکان) بووە کە بووەتە پێڕستی بەردەستی خەڵکی لەسەر هێڵی راستەوخۆ(OPAC)، دواجاریش پێڕستی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت هاتووەتە ئارا.

بەوشێوەیە پێڕست لە پێڕستی دەستییەوە بووەتە پێڕستی کۆمپیوتەری (ئەلیکترۆنی)، بڵاوبوونەوەی سەرچاوە زانیارییە ئەلیکترۆنییەکانیش رێخۆشکەربوون بۆ داهێنانی میتۆدی نوێ بۆ وەسفو رێکخستن.

پێڕست کارێکی هونەرییەو بەتەنیا کەسێك دەتوانێت کاری تێدا بکات کە گونجاوبێت بۆیو بەباشی مەشقی لەسەر کردبێت، پێویستە ئەو کەسە ئاگاداری گەشەکردنە نوێیەکان بێتو لەتوانایدا بێت کارەکانی بەلێوەشاوەیی لەسایەی داخوازییەکانی ئەو ژینگە ئەلیکترۆنییە پیادە بکات کە ئێستا کتێبخانەو سەنتەری زانیارییەکانیان لەنێودایە.

پێڕست، یان چارەسەری هونەریی، لەپرۆگرامە سەرەکییەکانە بۆ بەشەکانی کتێبخانەو زانیارییەکان لە وڵاتانی عەرەبیدا، ئەم کایەیە جێ بایەخی گەورەیە، چونکە فەراهەمکردنی ناوەندی یان هەرەوەزیی بۆ سەرچاوەکانی زانیاریی بوونیان نییە، ئەمە بێجگە لە کەمیی بنەما، یان رێسای زانیارییەکان، هەربۆیە کتێبخانەکان

ناچارن کە چارەسەری هونەریی بەشێوەیەکی ئەسڵیی ئەنجام بدەن، نەك وەرگیراوو گوێزراوە لە زۆربەی کاتەکاندا.

لەم دیدگایەوە، توێژینەوەکان لە ئێستادا جەخت دەکەنە سەر ئامادەکردنو راهێنانی پێڕستکار، یان ئەوکەسەی چارەسەری هونەریی سەرچاوەکانی زانیاریی لە کتێبخانەو سەنتەرەکانی دیکەدای لە ئەستۆدایە.

## گەشەکردنی پێڕست لەژینگەی ئەلیکترۆنیدا:

ئەم ساڵانەی دوایی، گەلێك وەرچەرخان بەسەر بواری پێڕستدا هاتووەو ئەوەش کاریگەریی لەسەر راهێنانی پێڕستکار جێهێشتووە، دەکرێت ئەو گەشەکردنە لەم خاڵانەدا دیاری بکەین:

١- گواستنەوە لە پێڕستی دەستییەوە بۆ پێڕستی ئەلیکترۆنی، واتە وەرچەرخان لە پێڕستی کارتەوە بۆ پێڕستی ئامادە لەسەر هێڵی راستەوخۆ (OPAC)و توانای بەکارهێنانی وەك دەروازەیەك بۆ گەڕان لەرێی تۆڕی ئینتەرنێتەوە.

٢- زیادبوونی پشتبەستن بە بنەماکانی زانیاری گەورە بۆ وەدەستهێنانی زانیارییەکانی پێڕست کە بە(پێڕستی گوازراوە) دەناسرێت، دیارترین نموونەش سەنتەری کتێبخانەکانی ئەلیکترۆنییە لەسەر هێڵی راستەوخۆی(OCLC) کە بنەمای زانیارییەکان دەخاتە بەرچاوو پێی دەگوترێت(پێڕستی یەکگرتوو لەسەر هێڵی راستەوخۆ).

٣- بەکارهێنانی وێستگەکانی کاری ئەلیکترۆنی لەچێوەی پێڕستدا، ئەو وێستگانە(کەپشت بە کۆمپیوتەری کەسیی دەبەستن) بەرنامەی ئەوتۆ دەخرێتە ناویان، کە پێڕستکار بتوانێت بەخێرایی بگاتە سەر بەشە ئەلیکترۆنییەکان لە کەرەستەکانی کاری پێڕست، ئەمە بێجگە لە خێراییو ئاسایی پەیوەندیی کردن بە بنەماکانی زانیاریی تۆڕە بیبلیۆگرافیاکانو تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە.

کەرەستەکانی کاریشی، یان خراونەتەوە سەر CD، یاخود ئەوانەن کە لە دوورەوە لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە واڵاکراون، ئەوانیش یان لەنێو ماڵپەڕە گشتییەکان، یاخود تایبەتییەکاندان، ماڵپەڕە گشتییەکانن کەوا کەرەستەکانی کاری هونەریی لەنێو کورتکراوەدا، یان تەواودا، لەڕێی یەك ماڵپەڕی تایبەتەوە دەخەنە بەرچاو، لەوانە (Catalogers Toolbox).

هەندێ لە کتێبخانەکان کار لەسەر ماڵپەڕی تایبەتدا دەکەن‌و ڕێساکانی پێڕستی ئەنگلۆ–ئەمریکی لەشێوەی کورتکراوەدا خراوەتە بەرچاو، بەهەمان شێوە(مارك ٢١)، لەپاڵ هێنانە ئارای کەرەستەکانی کاری هونەریی بنچینەیی، هاوکات هەندێك کەرەستەی کاری یاریدەدەریش دەخاتە بەردەست، لەوانە فەرهەنگو ئینسایکلۆپیدیاو ڕێبەری کورتکراوەکان.

لێرەدا ئەم کارە پێویستی بە بەعەرەبی کردنی هەندێك کەرەستەی کاری ئەلیکترۆنیی بێگانەو بەئەلیکترۆنی کردنی هەندێك لە کەرەستەکانی کارە عەرەبییەکانە.

٤– دەرکردنی چاپی پێداچوونەوەی بنەماکانی پێڕستی ئەنگلۆ– ئەمریکی، کە پێداچوونەوەی چاپی(٢٠٠٢)ە، تیایدا گۆڕانکاریو هەموارکردنی هەندێك لەبنەماکان ئەنجامدراوە- دیارترینیان چاپی بەشی نۆیەمی تایبەت بەسەرچاوە ئەلیکترۆنییەکانە کە تەواو لەشێوەیەکی نوێدا دەرکراوەو(وەرگێڕانی عەرەبیی بۆ ئەم چاپە نوێیە بڵاوکراوەتەوە).

٥– دەرکردنی MARC 21 بۆ بەکارهێنان لەساڵی ٢٠٠٠دا لە ئەنجامی ڕێکەوتنی وڵاتە یەکگرتووەکانو کەنەدا بۆ یەکخستنی شێوەکانی(مارك)ی نەتەوەیی لەنێوانیاندا، ناوی(MARC 21 ) یش ئاماژەیە بۆ ئایندە(سەدەی بیستو یەکەم)و هەروەها بۆ خەسڵەت پێدانی نێودەوڵەتی، وەك درێژەپێدەری بەردەوامیی ئەو

تێکـەڵ کـردنو یەکخـستنەو ئـەوەش لـە دەرکردنـی یـەك چـاپ بـۆ هـەردوو شـێوە ئەمریکیو کەنەدییەکەدا خۆی نواندوە.

٦- بڵاوبوونـەوەی سەرچـاوە ئەلیکترۆنییـەکانو بەتایبـەت ئـەوەی لـە دوورەوە هێنراوەتە ئارا کارێکیان کـردوە کـەوا بایـەخ بـە سەرچاوەکان بـدرێتو کەرەسـتەی پێویـست بـۆ بـەکارهێنانو خـستنەوە بەرچـاویان ئامـادە بکرێـت، لـەرێی تـۆڕی جاڵجۆڵەییەوە، یان پێڕست کردنی ئەو سەرچـاوانە بەهـەمان رێگـای پـەیڕەوکراو بـۆ پێڕستی بابەتە تەقلیدییەکان، بەپشتبەستن بۆ هێنانەوەی سەرچاوەکان چاوی پێدا خشێنراوەتەوە، ئەوەتا تۆمارکردنی(مارك) بۆ ئەو سەرچـاوانەو زیادکردنیـان بۆسـەر پێڕسـتی کتێبخانـەکان ئەنجامـدراوە، هەرچـۆن بـیر لـە پەنابردنـە بـەر پێودانـەکانی میتاداتا(Meta data)بۆ رێکخستنی ئەو سەرچاوانە کراوەتەوە.

## پێڕستی میکانیکی:

پێڕستی میکانیکی راسـتەوخۆ Online Public Access Catalog یەکێکـە لـە گەورەترین دەستکەوتە تەکنەلۆژییەکانی پیـشەی کتێبخانـەکان لەسـەدەی بیـستو یەکەمدا، دوای دەرکـەوتنی ئـەو جـۆرە پێڕسـتانە، گەیـشتن لـە دوورەوە بـە هـەموو سەرچـاوە کتێبخانەییـەکان، بەچـاپکراوو ئەلیکترۆنییانـەوە بووەتـە راسـتییەکی بەرچاو، نـەك بەتـەنیا لەسـەر ئاسـتی بـەکارهێنان لـەنێو زانکۆکانـدا، بـەڵکو لەسـەر ئاستێکی بەکارهێنانی جیهانی، هەربۆیە بیرۆکەی بەکارهێنانی کتێبخانە لەنێو چوار دیواردا قەتیس نەماوە.

گەشەکردنە تەکنەلۆژییەکان کارێکیان کردوە دەرگا والآبێت لەبـەردەم کتێبخانـە عەرەبییەکاندا بۆ هەلڕەخساندنو ئاڵوگۆڕی تۆمارکردنە بیبلیۆگرافییە عەرەبییـەکان لەڕێی ئینتەرنێتەوە، هەروەها کارکردن لەپێناوی خستنەگەڕی تەواوی تەکنـەلۆژیای تۆڕەکـان لەخزمـەتی پێڕسـتە عەرەبییەکانـداو بـەکارهێنانی وەك ئـامرازی کـارا بـۆ هێنانەدیی کۆمەڵگایەکی عەرەبیی خاوەن بنەمای مەعریفیی پێشکەوتوو.

لە بەرەوڕووبوونەوەی ئەو پێشکەوتنەدا، کارمەندانی ئـەم بـوارە هەسـت دەکـەن کە پێویستییەکی زۆر هەیە بۆ دیاریکردنی رۆڵو بەرەنگاریی ئەو گرفتانەی کە بەرەو رووی پێڕستە عەرەبییـە ئەلیکترۆنییـەکان دەبنـەوە لـە سـەدەی بیسـتو یەکەمـدا، بایەخی پێڕستکارە عەرەبەکان لەژینگەی ئەلیکترۆنیی نوێدا چڕ دەبێتەوەو ئامـانجی دامەزراندنی تۆڕێکی ئەلیکترۆنیی عـەرەبی، بـەپێی پێوانـە پیـشەییە یـەکگرتووەکان لەشێوەی(OCLC)دا هاتووەتە ئارا.

بیرۆکەی پێڕستی عەرەبیی لەسەر بنەمای نەخشاندنی چوارچێوەیەکی هاوبەشـە بۆ کاری هەرەوەزیی کتێبخانە عەرەبییەکان لەپێناوی هێنانەدیی بەشداری کـردن لـە سەرچـــاوەکاندا Resource-Sharingو کەمکردنــــەوەی تێـــچوونو یەکخـــستنی بنەماکانو تەکنیکەکانە لە پرۆسەی پێڕستو پۆلێندا.

لەلایەکی ترەوە پرۆژەکە پێویستی بە میکانیزمێکی عەرەبییە بـۆ سـنووربەندیو رێکخستنو پاراستنی کلتوری عەرەبیی بڵاوکراوەو نەکراوە کـە بەشـێوەیەکی فـراوان بەسەر کتێبخانە عەرەبیو بێگانەکاندا لە هەموو جیهاندا دابەشبوون.

ئەم کلتورە مایـەی جۆرەهـا پێڕسـتە، هـەر لـە سـەرەتاییەوە تـا سـەرپێیی، تـا دەگات بە ناپێوانەیی، ئەمە بێجگە لەو هەموو کۆمەڵە سەرچاوانەی کە هـەر پێڕسـت نەکراون.

هەرچـۆن ئـەو پرۆژەیــە بـۆ کتێبخانــەی عــەرەبیو کارمەنــدەکانی، گــەلێك خزمـەتگوزاریی بیبلیـۆگرافیی نێـو پێڕسـتی یـەکگرتوو لـە خزمـەتی پێڕسـتکردنی سەرچاوەکانیان دەستەبەر دەکات، ئەویش لـەڕێی ئـەو پێڕسـتەوە کـە بـە پێڕسـتی گـوازراوە ناودەبرێـت، یـان گواسـتنەوەی هـەر پێڕسـتێکی تۆمـارکراو بـۆ بنـەماکانی پێڕستی ناوچەیی، یاخود بەشداریکردن لە پێڕستێکی یەکگرتوودا لـەڕێی زیـادکردنی تۆمارە پێڕستییە نوێو ئەسڵییەکانەوە Original Cataloging.

ئـەم پرۆژەیـە دەبێتـە کرۆکـی دامەزراوەیـەکی هـەرەوەزیی عـەرەبیی پێـشڕەو لەبواری کتێبخانەو زانیارییەکانداو کاردەکات بۆ یاریدەدانی خزمەتگوزاریی کتێبخانـە عەرەبییەکان بۆ سوودی هامشۆکەرانیان، ئـەویش بـە رەخـساندنی هـەلی گەیـشتنی راستەوخۆ بە سەرچـاوە بەنرخـەکانی مەعریفـەی مرۆیـی، کەواتـە ئـەم پرۆژەیـە زۆر پێویـستەو سـەدانو هـەزاران برِیـارو راسـپاردەی نێـو دیـدارو سـیمینارو کـۆنگرە عەرەبییەکانیش لەبواری کتێبخانەکاندا بەدرێژایی سێ دەیـەی رابـردوو گوزارشـتیان لێکراوە.

ئەم پرۆژەیە کە لەپێناوی گەشەپێدانی پێڕستی عـەرەبیی یـەکگرتوودا دەبێت، کۆمـەڵێك ئامـانجی لێدەکەوێتـەوە، لەوانـە کۆشـشی کتێبخانـە عەرەبییـەکان بـۆ کۆکردنـەوەی کلتـوری هـزری عـەرەبیی لـەنێو بنەمایـەکی زانیـاریی پێوانـەیی یەکگرتوودا، ئەوانیش بریتین لە دەستنووسو چاپکراوو بچووککراوەکان، هـەروەها بـە تـەکنیك کردنـی کارەکـانی پێڕسـتو پـۆلێنو بەشـداریی لـە سەرچـاوەکاندا بـۆ دەسـتگرتنەوە لـەو تێـچوونە زۆرەی دووبارەبوونـەوەی پرۆسـەی پێڕسـت بـۆ یـەك سەرچاوە لەسەر یەك ماڵپەڕ زیاتر دەیخوازێ.

پێڕسـتی سـەرچـاوەکـانی زانـیاریی لـە ئـینتـەرنێتدا (Resources Inernet Cataloging) یەك لەو مەسەلە گرنگانەیە لەجیهانی کتێبخانەو زانیارییەکانـدا کـە لـە دەیـەی رابـردوودا خراوەتـە روو، لـەم دەیـەی ئێـستاشماندا دەنگدانـەوەی هەیـە، ئـەویش بـەهۆی دەرکـەوتنی ئینتەرنێتـەوە بـووە لەسـەرەتای نیوەی یەکەمی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا، کـە لەگـەڵ خۆیـدا فـۆرمی نـوێی بـۆ دامەزراوەی کتێبخانەو زانیارییەکان خستووەتە بەرچاو.

## خزمەتگوزارییەکانی پێڕست:

چارەسەری هونەریی سەرچاوەکان کارێکی ئاسان نییە بۆ دامەزراوەکانی زانیاریی، چونکە پێویستی بە ئەزموونی زۆرو کۆششی بەردەوامی کارمەندانی هەیە، لەهەمان کاتدا بەڕێوەبردنی هاوچەرخ ئەوە دەخوازێت کاتی زۆر بە کارەکانی پێڕستەوە بۆ ئامادەکردنی سەرچاوەکانی زانیاریی(بەبێ کارکردنە سەر ئاستی کارەکە) بەفیڕۆ نەدرێت.

سیستمی پێشکەوتوو؛یاریدەدەری کتێبخانە عەرەبییەکانە لەڕێی دابینکردنی خزمەتگوزارییە تەقلیدیو ئەلیکترۆنییەکانی پێڕستەوە بۆ کۆمەڵەی سەرچاوە بیانیو عەرەبییەکان، ئەوەتا سیستمی خزمەتگوزارییەکانی پێڕستی سەرچاوەکانی زانیاریی بە هەموو شێوەکانیەوە(چاپکراو، بیستراو بینراو، ئەلیکترۆنیو گریمانەیی) لەرێی سێ فۆرمی سەرەکییەوە گەشەی بەخۆوە دیوە:

١- دابینکردنی سەرچاوەکان، لەگەڵ ئەنجامدانی پێڕستی بەردەوام بۆ هەموو سەرچاوە بەردەستەکان، چونکە سەرچاوە بەدەستگەیشتووەکان ئامادە دەبن بۆ پێڕست بەپێی باشترین پێودانی نێودەوڵەتی، بێ پێویستیی بە چارەسەریان.

٢- پێڕستی گەڕاوە بۆ هەموو سەرچاوە بەردەستەکان، بەشێوەیەك چارەسەری هونەرییان بۆ بکرێت، ئیتر قەوارەیان چەند بێت، بەشێوەیەك سەنتەرەکانی زانیاریی بتوانن بەرنامەی خۆیان لەسنوورێکی زەمەنیی گونجاوو بەتێچوویەکی کەم جێ بەجێ بکەن.

٣- پێڕست بەپێی داخوازیی:

سیستمەکان، ئەو خزمەتگوزارییانە بەپێی پێویستی کتێبخانەو داخوازییە پەیوەستەکان بە ئاڕاستەی ژمارەییو جۆریی بۆ سەرچاوەکانیان دەستەبەر دەکەن، لەگەڵ ئەو بنەما هونەرییانەی پشتیان پێدەبەسترێت، وەکو:

بنـــەماکانی پێڕســـتی ئـــەنگلۆ–ئـــەمریکی(AACR)، یـــان بنـــەماکانی رێـــسای نێودەوڵەتیی بۆ وەسفی بیبلیۆگرافی(ISBD).

یـــــان بنـــــەماکانی پێڕســــــتی میکـــــانیکی: مــــــارك ٢١، یــــــاخود مــــــارکی یەکگرتوو(UNIMARC).

٤– سەرەبابەت بەپێی کۆمەڵەی سەرچاوەکانو ئاستی تایبەتمەندییان.

٥– پێڕستی ورد بـەپێی پێڕسـتێکی گونجـاو: پێڕسـتی دیـوی دەیـی، پێڕسـتی دەیی جیهانییو پێڕستە تایبەتمەندەکانو...تاد.

## سیستمی پێڕست:

دەشـــێت میتـــۆدی توێژینـــەوەی ئاســـایی لەبنـــەمای زانیارییەکانـــدا وەك پراکتیزەکردنـــی ئاســـایی پەســـەندبێت، وەکـــو سیـــستمی کـــارگێڕیی سەرچـــاوە مرۆییەکان، یان سیستمە داراییەکانو لەو جۆرانە، بەڵام کاتێك قسە لەسـەر چـەندین تـەن لـە بـەرگو چـاپکراوەکان دەکرێـت، ئەوانـەی دۆکۆمێنـتو گەواڵـەی چـەند لاپەڕەییان تێدابێت، مەسەلەکە پێویستی بە تەکنیکی جیاوازە.

دەبێت ئەو تەکنیکە لەتوانایدابێت بەدواداچوونو تێبینیو پێڕستی هەر وشـەیەك بکـات کـە لـەنێو دوکۆمێنتەکانـدا بـن، پاشـانیش پەیوەنـدیی ئەوانـە لەگـەڵ خـودی دۆکۆمێنتەکان دیاری بکات، ئینجا پارێزگاری لێیانو تازەکردنەوەیان بە بەردەوامیی تـاوەکو رووی راسـتەقینەی هـەر دۆکیۆمێنتـە لەگـەڵ تازەکردنەوەیـدا دەربکـەوێت. ئەویش بۆ هێنانە ئارای ژینگەیەکی ئەوتۆ کـە لەئاسـتێکی باڵادابێـت لـەڕووی وردیو خێراییـدا لـەکاتی کـردەی پـشکنین بـەنێو دۆکۆمێنتەکانـدا. بـەڵام، لەبـەر نـەبوونی بەرهەمی ئامادە بۆ پێڕستی دۆکۆمێنتەکان، سروشـتی زاراوەکـانی زمـانی عـەرەبیو خەسڵەتی شێوازی وشەکانی بەهەند وەردەگیرێت تاوەکو بونیادی سیستمی تایبـەت بۆ ئەو مەبەستە بنرێت.

سیستمی پێڕستی دۆکۆمێنتەکان لـە ئـامڕازی ئەلیکترۆنیـدا نەخـشە دەکێـشرێت تاوەکو رووماڵی هەموو دۆکۆمێنتەکانی لەنێو بنەمای زانیارییەکاندا بکرێتو بونیـادی پێڕستیش بە وشەکان ئەنجام بدرێت، هەر وشەیەك لەتێکستدا پشکنینو هەڵبژاردنو لێکردنەوەی لەهەر زیادەیەکی بۆ دەکرێت، تاوەکو وابەستەبێت بەکۆمەڵێ مەرجـەوە کە دەتوانرێ بگونجێنرێنو بڕیار لەسەر میتۆدی ئەنجامـدانی سیـستمێك بـدرێت، کـە پێڕستی تێکستەکانی نێو دۆکۆمێنتی نێو بنەمای زانیارییەکانی تێدا بکرێت.

## خەسڵەتەکانی زمانی عەرەبی:

لەسیـستمی پێڕسـتدا، هەنـدێك بنــەما پــەیڕەو دەکـرێن کـە خەسـڵەتی زمـانی عەرەبیی دەپارێزن، ئەوانە بەپێی شێوەی ناوەڕۆکەکانیانو بەپێی خواستی ئەوانەی دۆکۆمێنتەکان دەپارێزن؛ دەگونجێندرێن، لەوانەش:

- دوورخستنەوەی پیتو ژمارەو وشە ناڕێنیشاندەرەکان (غیر الدالة)، وەکـو: في، على، من....
- پارێزگاریی لە لیستی وشە پـشت بەسـتراوەکان، کـەوا دەبێـت وەك خۆیـان کورتبکرێنەوەو نەخرێنە ژێر مەرجەکانی پێڕست کردنەوە.
- دوورخستنەوەی هەندێك لەسەرەتای وشەکان، وەکو(ال، لـل، کـال، عـال)، کە وشەکان بەمجۆرەیان لێدێت:

الدیمقراطیة: دیمقراطیة

للدیمقراطیة: دیمقراطیة

هەڵگێڕانەوەی(التاء المربوطة) بۆ (هاء المربوطة):

دیمقراطیة: دیمقراطیه

- هەڵگێڕانەوەی(الیاء المقصورة) بۆ(الف مقصورة):

دیمقراطي: دیمقراطى

- هەڵگێڕانـــەوەی هەنـــدی وشـــەی شـــێوەجیاواز بـــۆ شـــێوەیەکی یـــەکگرتوو، وەکو:سوفیتی: سوفیتی.
- دوور خستنەوەی پیتەکانی(التشكيل والمدّ والـشدّ و همـزة الألـف) بەشـێوە جۆراوجۆرەکانیانەوە.

## بەکارهێنانی پێڕستو دەروازەکانی زانیاری بابەتیی لەسەر ئینتەرنێت:

تیۆرەکـانی پێڕسـتی وەسـفیی نـوێ گەشـەیان کـردوە بـۆ زیـاتر لـە ١٥٠ تیـۆر، ئـەوانیش بـۆ رێکخـستنی زانیارییـەکان تـا بتوانرێـت لـە کتێبخانەکانـدا بهێندرێنـەوە بەردەستو سوودیان لێ وەربگیرێت.

پێڕستە نموونەییەکان لە کتێبخانەکاندا بریتین لە کۆمەڵە تۆمارێکی بیبلیۆگرافیی بۆ وەسفی بابەتە بڵاوکراوەکان، کە زۆربـەی جـار کتێبـی چـاپکراو نەخـشەو نۆتـەی موزیكو دەستنووسەکانن.

پێودانو رێساکانی پێڕستی ئەسڵیی بۆ وەسفی ئەو بابەتانـە فـراوانتر بـووەو ئـامرازی دیکـەی وەکـو: تۆمـارە دەنگییـەکان، بـچووککراوە فیلمییـەکان، تۆمـارە ڤیدیۆییەکان، فیلمو فایلە کۆمپیوتەرییەکانی گرتووەتەوە.

بـــۆ وەڵامدانـــەوەی ئـــەو بڵاوبوونـــەوە خێرایـــەی تۆڕەکـــانی کۆمپیوتـــەرو لەسـەرووپانەوە(ئینتـەرنێت)، رێـسا بیبلیۆگرافیاکـان گۆڕانیـان بەسـەردا هـاتووە تـا لەگـەڵ وەسـفی ئـەو بابەتانـەدا بگـونجێن، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەکارهێنانی زۆری ئینتـەرنێت وەك ئامرازێـك بـۆ بڵاوکردنـەوەی زانیارییـەکان وایکـردوە کاریگـەریی پێڕستی تەقلیدیی لەو ژینگە نوێیەدا هەڵبەسنگێندرێتەوە.

**ساڵی ١٩٩٥ یەکێك لە توێژەران سێ وێنای بۆ ئاشکراکردنی سەرچاوەکانی ئینتەرنێت داناوە:**

١- پێشکەوتنی خزمەتگوزاریی گەڕان بە بەکارهێنانی (بزوێنەری گەڕان) بۆ ئاشکراکردنی لاپەڕەکانی ئینتەرنێت، وەکو: Alta Vista، Lycos .

٢- ڕێنیشاندەری بابەتی، کە لە دیاریکردنو هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکانی ئینتەرنێتدا بەکەڵك دێت، ئەوەش بەرێنیشانی بابەتیی دادەنرێت لە دیاریکردنی شێوە زمانی دیاریکردنی تێکستدا.

٣- ئەو ڕێگایەی کە کتێبخانەکان بۆ پێڕست دەیگرنەبەر، هەروەها بۆ داڕشتنی تۆماری بیبلیۆگرافیی سەرچاوەکانی ئینتەرنێت لە پێڕستی کتێبخانەکاندا، نزیکترین نموونەش بۆ ئەو پڕۆژەیە بریتییە لە OCLC's lnterCat .

٤- سوودمەندان پێویستیان بەچوونە جێگایەکە ئەویش کتێبخانەیە، بۆ گەیشتن بە هەموو جۆرەکانی سەرچاوەکانی زانیاری، تۆمارەکانی پێڕستیش وەسفی تەواوی هەریەك لە سەرچاوەکان دەکات تاوەکو سوودمەند پێویستیی سەرچاوەکانی دیاری بکات، هەرچۆن کاتێکی زۆری بۆ دەگێڕێتەوە لەبری تەماشاکردنی پەڕە پەڕەی ماڵپەڕەکان بۆ دۆزینەوەی بابەتی دڵخوازی.

ئەمە ئامانجێکەو لەجێی خۆیدایە، بەڵام کاتێك دەبینین سیستمی پێڕستی تەقلیدیی بەکارهێنراو لە کتێبخانەکاندا گونجاو نین بۆ پێڕستی سەرچاوەکانی نێو ئینتەرنێت، کە بەردەوام لە گۆڕاندایە، ئەوا باشتر وایە بەند نەبین بەو پێڕستە تەقلیدییەوە، بەڵکو دەتوانین پەنا بەرینە بەرکەسانی پیشەییو شارەزا بۆ هەڵبژاردنو هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان، ئەویش بە سوودوەرگرتن لە یەکێك لە سیستمەکانی ناساندنی سەرچاوەکان، سەرچاوەکانی ئینتەرنێت دەتوانن بەشێوەیەکی گونجاو وەسفی خۆیان بکەین، ئەویش بەبەکارهێنانی ڕەگەزەکانی پێودانەی (دبلن- کور ١٥).

ڕێگایەکی تریش هەیە کە بەکارهێنانی دەروازەی بابەتییە بۆ سەرچاوەکانی ئینتەرنێت، ئەویش لە ڕێی یەکێك لە پرۆگرامەکانەوە کە پرۆژەی (ROADS) گەشەی پێداوە. لەو خزمەتگوزارییەدا پەنا دەبرێتە بەر پسپۆڕانی زانیارییەکان کە کاری هەڵبژاردنو هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکانی ئینتەرنێت هەڵدەسەنگێننو پاشانیش تۆمارەکانی (میتاداتا) بۆ هەر سەرچاوەیەك دادەمەزرێنن، ئەویش بە بەکارهێنانی نموونەی زانیارییەکانی میتاداتای تایبەت بە پرۆژەکەی ROADS.

لێرەدا هەوڵدەدەین بەراوردێك لە نێوان پیادەکردنی تەقلیدیی پێڕست بۆ کتێبخانەکان، لەگەڵ دەروازەی زانستە کۆمەلایەتییەکان بۆ زانیارییەکان بکەین.

پێڕستی تەقلیدیی بۆ کتێبخانە بریتییە لە لیستی کتێب، یان کەرەستەی تری نێو کتێبخانە، زۆربەی جاریش پێڕستەکان بناغەیان لەسەر شوێنی ماتریالیی کەرەستەکان دادەمەزرێنرێت، دەکرێ لەسەر فاکتی دیکەی وەکو(مێژووی بلاوکردنەوە)و یان (زمانی کەرەستەکان) سوود بۆ پێڕست کردنیان وەربگیرێت.

تۆماری پێڕستەکان، سەرچاوەکان وەك یەکەیەکو وەك کۆمەڵەیەك نیشاندەدات، هەر دەروازەیەکی پێڕست ژێدەرە بۆ گەیشتن بە کتێبەکانو سەرچاوەکان، تۆمارەکان زانیاریو وەسفی تەواوی سەرچاوەکانیان تیادایە، ئەم حاڵەتە لە فۆرمە کۆنەکانی پێڕستدا لە شێوەی کتێبدایە، یان لە شێوەی کارتدا کە سەرچاوەکان بە ڕێگای دیاریکراوو بە نووسەر یان ناونیشان یان بابەت ریزبەندییان بۆ دەکرێت، بەلام لە پێڕستی کۆمپیوتەریدا تۆمارەکان وەك ئەوانەی سەرەوە ریزبەندیی ناکرێن، بەڵکو لەسەر خواستی سوودمەند ئەنجام دەدرێت.

**تۆمـاری پێڕسـت بریتییـە لەچـەند رەگـەزێك کـەوا زانیـاریی پێویـست بـۆ وەسـفی سەرچاوەکان دەردەخەن، وەکو:**

- ناونیشان.
- نووسەر.
- بڵاوکەرەوە.
- مێژووی بڵاوکردنەوە.

خەسـڵەتە مادییـەکانی پێڕسـتی نـوێ، بونیـادی وەسـف، لەسـەر رێـسای نێودەوڵـەتیی وەسـفی بیبلیـۆگرافی (تـدوب) دەنێـتو دوای ئـەوەش دەروازە وەسفییەکان دەردەکەون بەشێوەیەك کـە زیـاد لەرێگایـەك هـەبێت بـۆ گەیـشتن بـە سەرچاوەکان، نموونەی ئەوانەش پێڕستی ئەنگلۆ- ئەمریکییـە کـە پێڕسـتکار هـەموو دەروازەکان رێکدەخاتو یەك ماددە بە چەندین رێگا دێتە بوون.

پێڕسـتەکانی پـرۆژەی (ROADS) کـە لەسـەر دەروازە بابەتییـەکانی نێـو ئینتـەرنێت بونیـادنراوە، لـەروودا هـەر لـە پێڕسـتە تەقلیدییـەکان دەچێت، چـونکە تۆمـارکردنی پێڕسـت سـەرجەم زانیارییـەکانی وەسـفو خاڵـەکانی دەرفـەت بـۆ نووسەرانو بابەتەکانو ژمارەکانی پۆلێن دەرەخسێنێت، هەروەها دۆسیەی پاڵپـشت بۆ بەرێساکردنی زمانـەکانو وشـە کلیلییـەکان بـەکاردێت، بـەڵام ئـەم پرۆسـەیە لـە پێڕسـتی تەقلیدیـدا بـۆ پێڕسـتی دەروازە بابەتییـەکان جیـاوازەو دواتـر ئەمـەش رووندەکەینەوە.

## هەڵبژاردن

هەڵبژاردنی سەرچاوە لە کتێبخانەدا جیاوازە لە پرۆسەی پێڕست، هەریەکەشـیان لەلایەن کەسانی جوداوە جێبـەجێ دەکرێن، بـۆ نموونـە لـە کتێبخانـەی ئەکادیمیـدا ئەوانە پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام دەدەن کەوا زانیاریی بابەتیو ئەکادیمییان هەیـە،

لە کتێبخانەی گشتیدا زۆربەی جار ئەمینداری کتێبخانە ئەو کارە ئەنجام دەدەن، هەرچۆن خوێنەرە سوودمەندەکانیش بەشدار دەبن لەو هەڵبژاردنەدا.

بەڵام لە کتێبخانەی تایبەتمەندا پرۆسەکە بەندە بە لایەنی کارگێڕییەوەو ئەو کارە کتێبخانەکە ئەنجامی نادات.

پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرچاوەکانی ئینتەرنێت ئەرکێکی جیاوازەو خۆی لە دۆزینەوەی سەرچاوەکانو هەڵسەنگاندنیاندا دەنوێنێت، هەربۆیە هەڵبژاردن لە ماڵپەڕەکاندا پسپۆڕی زانیارییەکان ئەنجامی دەدەن، هەر خۆیشیان بەرپرسن لە پێڕستی سەرچاوەکان، لە دەروازەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانیاریدا SOSIG (بۆ نموونە) تیمێك لە کارمەندان لە بارەگای سەرەکیدانو ئەوانی تر لە شوێنی جیاوازی بەریتانیانو ئەمینداری کتێبخانەنو خاوەنی شارەزایین لە زانستی کۆمەڵایەتیدا، دەشزانن کە ئامادەکاری ئەو بوارەن. لەو دەروازەیەدا ڕێگا بەسوودمەند دەدرێت پێشنیازی سەرچاوەی نوێ بکات بۆ زیادکردنی لە پێڕستدا، بەڵام دوای هەڵسەنگاندنیان لەلایەن خۆیانەوە.

**وەسف**

لە بنەماکانی پێڕستدا بنەمای وەسف بۆ سەرچاوەکانی کتێبخانە هەیە، ئەو بنەمایانەش بەپێی پێڕستی ئەنگلۆ- ئەمریکی چەند رەگەزێك لەخۆ دەگرن.

- ناونیشانو دیاریکردنی بەرپرسیاریی.
- چاپ.
- زانیاریی بڵاوکردنەوەو دابەشکردن.
- وەسفی ماددیی
- زنجیرە.
- تێبینییەکان.
- رەگەزەکانی دابینکردن.

کەواتــە وەســفەکان بایــەخ دەدەن بــە ســەرجەم ناوەڕۆکــە فیکــریو مادییــەکانی سەرچاوەکە، چونکە بـەپێی شـێوەی ماتریـالیی تایبـەت بـەخۆی وەسـف دەکرێـت، هەرچۆن بنەماکانی پێڕستی ئەنگلۆ- ئەمریکی لە چاپی دووەمیدا بنـەما تایبەتـەکانی وەسـفی هــەموو شـێوەکانی سەرچـاوەی کـردوە، وەکـو کتێـب، نەخـشە، تۆمـارە دەنگییــەکان، دۆســیەکانی کۆمپیوتــەر، مــاددە بەرجەســتەکان، بەشـێکی گرنگــی وەسفیش خەسڵەتە مادییـەکانی سەرچـاوەن، وەکـو ژمـارەی لاپـەڕەکانو قـەوارەی کتێــبو بڵاوکراوەکــان، بــەڵام ئــەم زانیارییانــە لــە وەســفی سەرچــاوە تێکــەڵو بەیەکداچووەکاندا کەمتر بایەخی هەیە.

یاساکانی خاڵبەندیی پێڕست بۆ وەسفی ماددە تێکەڵەکان هەمواریان بـۆ کـراوە، بـۆ نموونــە ســاڵی ١٩٩٧ یــەکێتی نێودەوڵــەتیی کۆمەڵــەی کتێبخانــەکان (IFLA) یاسایەکیان بۆ وەسفی بیبلیۆگرافیی سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان دەرکردوە.

دەتوانرێت نموونەی بەکارهێنراو لە دەروازەی پڕۆژەی ROADS دا بـۆ زۆربـەی زانیارییە وەسفییەکانی پێڕستی تەقلیـدی بـەکاربهێنرێت، ئـەو نموونەیـە ٦٠ خانـەی هەیـەو زۆربەشـیان بـەپێی پێویـست دیـاری دەکرێـت، هەشـیانە راسـتەوخۆ، وەکـو خانەی (ناونیـشان) کـە ئـەم بەشـانەی تیادایـە: ناونیـشان، ناونیـشانی کـورتکراوە، ناونیشانی ئەلتەرناتیفو...تاد، لەم کاتەدا پێویست بە وەسفی سەرچاوەکان ناکـات بە تێڕوانینی ماددییەوە.

بنەماکانی پێڕسـت هەمیـشە سەرچـاوەی سـەرەکیی دیاریـدەکات بـۆ وەرگرتنــی زانیـاریی لـە کـاتی وەسـفکردنی بیبلیۆگرافیـدا، بـۆ نموونـە: لاپـەڕەی ناونیـشان لـە کتێـبو بڵاوکراوەکانـدا سەرچـاوەی سـەرەکییە بـۆ زانیـاریی، بـەڵام بـۆ ئینتـەرنێت کارەکە ئاڵۆزە، چونکە زانیاریی بیبلیۆگرافیی زۆر کەم لەخودی سەرچاوەکاندا هەن.

هەربۆیە پرۆسەی دامەزراندنی تۆماری بیبلیۆگرافی پێویستی بە کاری دۆزینەوەیە لەلایـەن پێڕسـتکارەوە، بـۆ نموونـە کـێ بەرپرسـە لـە زانیارییـەکان لـە سەرچـاوەی

ئەلیکترۆنیدا، لە بەرامبەریشدا خەسڵەتەکانی وەسف؛ لە پرۆژەی ROADS دا لەڕێی تێکستە زانیاریی ئازادەوە زیاد لە تۆمارەکانی پێڕستی تەقلیدیی وەسفی سەرچاوە دەکەن‌و بە هۆیانەوە سوودمەند بڕیار دەدات ئاخۆ ئەو سەرچاوەیەی پێویستە یان نا.

SOSIG، یان دەروازەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەشێك یان هەموو ئەم زانیارییانە دەخاتە روو:

١- سروشتی سەرچاوەکە (خولاوەیەکی ئەلیکترۆنییە یان راپۆرتە).

٢- کێ بەرپرسیارە لە زانیارییەکان (نووسەرێك، یان گروپێك).

٣- بەسەرکردنەوەی بابەتییە یان ناوەرۆکی سەرچاوەیەکە.

٤- سنووری جوگرافیو زەمەنیی وەك زمانێکی دیاریکراو بۆ سەرچاوەکە.

٥- چەند خاڵێکی پەیوەست بە مامەڵە لەگەڵ سەرچاوەکەدا، وەکو ئاخۆ بەشداریی دەوێت، یان پێویستی بە پرۆگرامی دیاریکراوە؟

٦- ئایا سەرچاوەکە بەزمانی دیکەیش دەکەوێتە بەردەست.

یەکێك لە ئەرکەکانی یاسا نێودەوڵەتییەکانی وەسفی بیبلیۆگرافیو بنەماکانی پێڕستی یاریدەدەر لە دانانی چوارچێوەیەك بۆ وەسفی بیبلیۆگرافی کە هاوکات یەکێکە لە دەروازەکانی پرۆژەی (ROADS)، دەروازەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانیارییە SOSIG، کە گەشەی بە بنەماکانی داوە بۆ رێکوپێکی پێڕستەکانی، ئەمەش لە کاتی گەڕان لە نێوان دەروازە جیاوازەکانی ئەو پرۆژەیەدا پێویستە، لەڕێی ئەو پرۆژەیەوە رێنمایی گشتیی پێڕستیی گەشەیان کردوە، ئەوانیش بریتین لە سەرەبابەتەکان (زاراوەی بابەتی، پۆلێن، دەروازەی سەرەکیی).

سەرەبابەت خاڵی رێخۆشکەرە بۆ دەروازەکانی پێڕست، بۆ کتێب: نووسەر، سەرەبابەتو ژمارەکانی پۆلێن.

بۆ شێوەکانی تری سەرچاوەی وەکو تۆمارە دەنگییەکان، خاڵی دەرفەتڕەخسێن بریتییە لە ئاوازدانەرو گۆرانیبێژ، بەڵام لە فیلمدا ئەکتەرەکانو ریژیسێورن.

هەرچۆن لـە پێڕستـەکانی پـرۆژەی ROADSدا هەمیـشە بـریتین لـە ناونیـشان، نووسەر، جۆری سەرچاوە، وشە کلیلییەکان، یان هەر وشەیەکی تر لە بەشی وەسفدا کە پشتبەست بێ بە نووسەرانو گروپی نووسینو ناونیشانو زاراوە بابەتییەکان.

ئێستا تۆمـاری بیبلیـۆگرافیی لـە ژمارەیـەکی زۆر لـە پێڕسـتەکانو بیبلیۆگرافیـا نیشتمانییەکاندا هەن، کە زۆرجار ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێتو دەفرۆشرێن، بەشێك لەوانە سیستمەکانی رێکخراوو پشتبەستووە، لەوانە:

- لیستی پشتبەستووی ناوەکانە لە کتێبخانەی بەریتانی BLNAL.
- دۆسیە پشتبەستووەکانی کتێبخانەی کۆنگرێس AAAF.
- لیستی سەرەبابەتەکانی کتێبخانەی کۆنگرێس LCSH.
- لیستی سەرەبابەتی پزیشکیی MESH.

دەروازە بابەتییــەکانی نێــو ئینتــەرنێت، دەتــوانن لیــستی ســەرەبابەتی وەك ســەرەبابەتەکانی کتێبخانــەی گــۆنگرێس بــەکاربهێنن، بــەڵام دەروازەی زانــستی کۆمەڵایەتیی زانیارییەکان لیستی پشتبەستووی ناوی وڵاتانو زمانەکانی نێـو یاسـای خاڵبەندی ISO بەکاردێنن، هەرچۆن سایتی هەڵگرتنی ئەلیکترۆنیی مرۆیـیو زانـستە کۆمەڵایەتییەکان HASSET بەکاردێنن بۆ وشە کلیلییەکان.

## گرتنەخۆو خستنەڕووی زانیارییەکان

لـە پێڕسـتی کتێبخانــەدا، هەمیـشە سـۆراخی سەرچـاوەکانی دەکرێـت، کاتێـك سوودمەند سەرچاوەکە دەدۆزێتەوە دەپرسێت باشە لەکوێدا ئەمە پەیدا بکـەم؟ یـان دەپرسێت داخۆ دەتوانم ئەمە بخـوازم، هەمیـشەش ژمـارەی پـۆلێن یـاخود ژمـارەی داخوازیی دەبنە رێنیشاندەر بۆ شوێنی سەرچاوەکە لە کتێبخانەدا، هەرچۆن پێڕست

حاڵەتی سەرچـاوەکە نیـشاندەدات، ئایـا خـوازراوە؟ ئـەوەش ڕووندەکاتـەوە کـە بـۆ مـاوەی چـەند خـوازراوە، هاوکـات ئـەو سەرچـاوانەش دیـاری دەکـات کـە نابرێنـە دەرەوەی کتێبخانە.

بەڵام لە ئینتەرنێتدا جیـاوازەو زیـاتر دەروازەکـان بایـەخ بەخـستنەڕوو (الإتاحـة) دەدەن لــە گرتنـــەخۆ (الإقتنـــاء)، هەڵبـــژاردنیش لـــە ئینتەرنێتـــدا زیـــاتر بـــۆ ئـــەو سەرچاوانەیە کە بە خۆڕایی دەخرێنەڕوو، نەك ئەوانەی بـە بەشـدارییە، ئـەویش لـەو زانیارییانەدا ڕەنگدەداتەوە کە پێڕست پێشکەش دەکات، بـۆ نموونـە ئەگـەر جـۆری سەرچاوەکە PDF بوو ئـەوا پێویـست بـە پرۆگرامـی خوێندنـەوەی فایلـەکانی PDF دەکات.

دەروازە بابەتییەکان خاوەنی کۆمەڵەی خەیاڵییە، دەبیـنین پێڕسـتەکان وەسـفی سەرچاوە دەرکەوتووەکانی لە (سێرڤەر)دایە کە هاوکات لە ئینتەرنێتدا هەن. بـەپێی سروشتی ئینتـەرنێت کـە هەمیـشە لـە گۆڕاندایـە، پێویـستە بەشـێوەیەکی بـەردەوام بەسەر تۆمارەکاندا پێداچوونەوە هەبێت تاوەکو بزانرێت ئاخۆ وەسفەکە هاوشـێوەی ئەوەی ناو ئینتەرنێتە، هەرچۆن جەخت بکرێ لەسەر مانەوەی سەرچاوەکە تیایدا.

## کۆتایی

زۆر لێکچوون هەیە لەنێوان پێڕستی تەقلیدیی نێوکتێبخانـەکانو پێڕسـتی دروازە بابەتییـەکانی وەسـفی سەرچـاوەکانی ئینتـەرنێت، پرۆسـەی داڕشـتنی پێڕسـت لـە هەردووکیاندا لەلایەن پسپۆڕانی زانیارییەکانەوە ئەنجام دەدرێت، نموونـەی پـڕۆژەی ROADS پێڕستی بەشێوەیەك نەخشەسازیی کردوە تـاوەکو لەگـەڵ پێڕسـتی تـری وەکـو MARC بگونجێـت، تـاوەکو تۆمارەکـان لـەنێوان پێڕسـتە جیاوازەکانـدا ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێت.

له پێڕستی تەقلیدیدا ئەرکەکان لە نێوان کارمەندانددا دابەشدەکرێت بەسەر: هەڵبژاردن، لەخۆگرتن، پێڕستو پۆلێن، بەڵام لە دەروازە بابەتییەکاندا کۆی کارمەندان هەموو ئەرکەکان دەبەن بەڕێوە.

بنەماکانی پێڕستو فایلەکانی پشتپێبەستن لە داڕشتنی تۆمارەکردنی پێڕستەکاندا بەکاردەهێنرێن، بەڵام بنەماکان لە دەروازەکانی ئینتەرنێتدا بە ئاراستەی داڕشتنی ناوچەیین، ئەویش بە هۆی نەبوونی بنەمای بڵاو بۆ وەسفی سەرچاوەکانی ئینتەرنێت، وەك چۆن سەرچاوە تەقلیدییەکان هەیانە.

سروشتی روو لە گۆڕانی ئینتەرنێت لە (میتاداتا) دەخوازرێت کە خۆی بگۆڕێت، تاوەکو گۆڕان لە سەرچاوەکاندا بێتە دی، هەمیشەش مەترسیی تۆمارکردنی پێڕست هەیە لە ئینتەرنێتدا، چونکە لەوانەیە دوای سێ مانگ نەمێنێت، بەڵام دەروازە بابەتییەکان کارێك دەکەن لەگەڵ سروشتی گۆڕاودا رابێنو بمێننەوە.

## سەرچاوەکان

١- عبـدالكريم الأمـين وآخـرون: مبـادئ الفهرسـة والتـصنيف، بغـداد، الجامعـة المستنصرية، ١٩٧٩.

٢- ربحي مصطفى عليان: أسس الفهرسة والتـصنيف للمكتبـات ومراكـز التوثيـق و المعلومات، عمان، دار الصفاء،١٩٩٩.

٣- جـلال محمـود الـدباغ: رؤوس الموضـوعات لكتابـة الأبحـاث، بغـداد، مطبعـة النجوم،١٩٦٩.

٤- غنيـة خمـاس صـالح: فهرسـة وتـصنيف المـواد الثقافيـة في مراكـز التوثيـق والمعلومات، بغداد، مركز التوثيق الإعلامي لدول الخليج العربي،١٩٨٤.

٥- محمود أحمد أتيم: التقنين الدولي العام للوصف الببليوغرافي، تـونس، المنظمـة العربية للتربية والثقافة والعلوم، إدارة التوثيق والمعلومات،١٩٨٤.

٦- محمود أحمد أتيم: الفهرسـة العلميـة والعمليـة، الـدليل العملـي لقواعـد الفهرسـة الانكلو- أمريكية: الطبعة الثانية، عمان: مؤسسة عبدالحميد شومان، ١٩٨٨.

٧- عمر أحمد همشري و ربحي مصطفى عليان: اساسيات علم المكتبـات والتوثيـق والمعلومات،عمان،١٩٩٠.

٨- محمود الشنيطي: قواعد الفهرسة الوصفية،ط٢، دار المعرفة، القاهرة، ١٩٧٣.

٩- قواعد الفهرسة الانكلو- أمريكية: الطبعة الثانيـة،١٩٧٨/ تعريـب محمـود أحمـد أتيم، عمان: جمعية المكتبات الأردنية،١٩٨٣ .

١٠- سـعد محمـد الهجرسـي: قواعـد الانكلـو- أمريكيـة للفهرسـة،ط٢، جامعـة القاهرة،١٩٨١.

١١- محمـد فتحـي عبـدالهادي: رؤوس الموضـوعات العربيـة: دراسـة في الأسـس و التطبيقات، جمعية المكتبات المدرسية، القاهرة،١٩٧٧.

١٢- محمد فتحي عبدالهادي. المدخل الى علم الفهرسة.ط٣، القاهرة: دار الغريب، ١٩٧٧.

١٣- محمد السعيد فودة: أشكال المداخل بالفهارس العربية والاجنبية وقواعد اختيارها، الرياض، مكتبة الشرق الأوسط، ١٩٨٥.

١٤- محمد فتحي عبدالهادي: المدخل الى علم الفهرسة،ط٢، مكتبة غريب، القاهرة، ١٩٧٩.

١٥- محمد فتحي عبدالهادي: الفهرسة الموضوعية، دراسة في رؤوس الموضوعات العربية، مكتبة غريب، القاهرة، ١٩٧٩.

١٦- هدى زيدان سعد: الفهرس الموحد- رسالة المكتبة.- م١٨، ع٢، ١٩٨٢.

١٧- ناصر محمد السويدان: رؤوس الموضوعات العربية، الرياض، جامعة الرياض، عمادة شؤون المكتبات، ١٩٧٨.

## چاپکراوەکانی وەرگێڕ

١- شۆڕشی مردووەکان، شانۆنامەی وەرگێڕراو:

چاپی یەکەم: بەغدا، ١٩٨٠.

چاپی دووەم: بەناوی (مردووەکان بنێژن)، سلێمانی، ١٩٩٨.

٢- پێنج وتاری شانۆیی، وەرگێڕان بەهاوکاریی چوار نووسەر، بەغدا، ١٩٨٠.

٣- کۆچ بۆ دارستان، چیرۆکی منداڵانی وەرگێڕراو:

چاپی یەکەم: بەغدا، ١٩٨٨.

چاپی دووەم: سلێمانی، ٢٠٠٨.

٤- قەفەزی زێڕین، چیرۆکی منداڵانی وەرگێڕراو:

چاپی یەکەم: سوید، ١٩٩٤.

چاپی دووەم: سلێمانی، ٢٠٠٠.

٥- بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کوردو نووسەری کوردستان، بەهاوکاریی نەوزاد عەلی ئەحمەد، سلێمانی، ١٩٨٨.

٦- کێشەی کەمینە نەتەوەییەکان لەوڵاتانی عەرەبدا، وەرگێڕان، سلێمانی، ١٩٩٨.

٧- دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، وەرگێڕان، سلێمانی، ١٩٩٨.

٨- مەرگی وەنەوشە، چیرۆکە هەواڵ:

چاپی یەکەم: سلێمانی، ٢٠٠٠.

چاپی دووەم: سلێمانی، ٢٠٠٢.

چاپی سێیەم: سلێمانی، ٢٠١٠.

٩- لەئەرشیفی شانۆی کوردییەوە، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٠- کە ئاگر دەریای خامۆشکرد، بەرهەمی رۆژنامەنووسیی، سلێمانی، ٢٠٠١.

١١- چەند بابەتێکی شانۆیی، وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٢- ئەکتەرە کوردەکان، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٣- دوای بیست ساڵ، چوار شانۆنامەی ئامادەکراو و وەرگێڕراو، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٤- بیبلیۆگرافیای ٢٤ ژمارەی گۆڤاری سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٥- چاوەكانی تابان، چیرۆكی رۆژنامەنووسیی:

چاپی یەكەم: سلێمانی، ٢٠٠٢.

چاپی دووەم: سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٦- چەند باسێك دەربارەی شانۆی كوردی، سلێمانی، ٢٠٠٥.

١٧- شانۆی كوردی، ئەرشیف و تێكست.. نمایش و بینەر، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٨- چەند باسێكی شانۆیی، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٩- فەرهەنگی شانۆ، بەرگی یەكەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٢٠- لەئێوارەیەكدا، پێنج شانۆنامەی پەك پەردەیی وەرگێڕراو، هەولێر، ٢٠٠٨.

٢١- بەرەو ئەستێرەیەكی تر، شانۆنامەی بەكوردی كراو، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٢٢- هونەری دراما، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢٣- ئەزموونە درەوشاوەكانی شانۆ، وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١٠.

٢٤- گەورەبوونی رۆح، بەرهەمی رۆژنامەنووسیی، سلێمانی، ٢٠١٠.

٢٥- ئیتیكی كاری راگەیاندن و حەتمیەتی تەكنولوجیا، وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١٠.

٢٦- ژین.. یەكەمین رۆژنامەی تایبەتمەندی ئەدەبیی، سلێمانی،٢٠١٠.

٢٧- دەروازەیەك لەڕووی كتێبخانەو زانیارییەكان، سلێمانی،٢٠١٠.

# پێڕست


وتەیەك بۆ وەرگێڕانی ئـەم كتێبـە.................................٥
پێـشەكی ..........................................................٧
**بەشـــی یەكـــەم : زانـــستی پێڕســـت........................٩**
مانـــــای زانـــــستی پێڕســــت.................................١٠
چـــــــەمكی پێڕســــــت...........................................١٠
بیبلیۆگرافیـــــا..................................................١٢
رێبـــــەر..........................................................١٢
دۆكۆمێنتكردن یان دۆكۆمێنتاری.....................................١٣
پێڕســــــت........................................................١٣
بایـــــەخی پێڕســـــت...........................................١٥
پێڕســـتو پێڕســـــتەكان .........................................١٧
مەبەســـــتەكانی پێڕســـت........................................١٧
ئەركـەكانی پێڕسـت...............................................١٨
پێڕســـتی ئیـــسلامیو جۆرەكـــانی...............................٢٤
پێڕســـــتی ابــــن النــــدیم.....................................٢٥
پێڕســـتی قورئــــانی پـــیرۆز...................................٢٦
پێڕســـــتی فــــەرموودەی پــــیرۆز..............................٢٦
شـــێوەكانی پێڕســـت............................................٢٩
جۆرەكــــانی پێڕســـت...........................................٣٥
جۆرەكـــــانی كـــــارت...........................................٣٦
وەســـــفی بیبلیـــــۆگرافی.......................................٣٦
بنـــــەماكانی پێڕســـــت.........................................٣٧
سوودەكانی بەكارهێنانی پێڕستی ئـەلیكترۆنی.......................٣٨
**بەشـــی دووەم – پێڕســـتی وەســـفیی ...........................٣٩**
پێڕستی وەسفیی ...................................................٤٠
پێڕستو تەكنیكـەكانی ............................................ ٤٠
رەگـــەزەكانی كـــارت یـــان بەشـــەكانی.........................٤٥
سەرچاوەكانی زانیـاریی بـۆ وەسـف كـردن..........................٤٩
بەشەكانی كارتی پێڕست .......................................... ٥٠
ناونیـــشانی فـــەرعی، یـــان لاوەكـــی ........................... ٥١

ناونیشانی بەرامبەر................................................ ٥١
ناونیشانی ئەلتەرناتیف.............................................٥٢
دیاریکردنی گشتیی بابەت....................................... ٥٢
دیاریکردنی بەرپرسیاریی.........................................٥٣
دیاریکردنی زانیاریی چاپ.........................................٥٥
دیاریکردنی زانیاریی بڵاوکردنەوەو دابەشکردن..................٥٥
زانیاریی سەبارەت مێژووی بڵاوکردنەوە.........................٥٧
شوێنو ناوی چاپخانەو مێژووی لەچاپدان.........................٥٨
بەشی وەسفی مادیی ........................................٥٩
بەشی زنجیرە..........................................................٦٠
بەشی تێبینییەکان.....................................................٦٠
بەشی ژمارەی پێوەری نێو دەوڵەتیی.............................٦١
دیاریکردنی بەدواداچوون..........................................٦١
**بەشی سێیەم: دەروازەو شێوەکانی ........................................٦٣**
دەروازەو شێوەکانی .............................................٦٤
داخڵکردن بە دانەر ..............................................٦٤
ئەو کارانەی لە نووسینیاندا بەرپرسیاریی هاوبەش هەیە.............٦٨
ئەو کارانەی سێ نووسەر بەشدارن تیایاندا..........................٧٠
ئەو کارانەی کە لەسێ نووسەر زیاتریان هەیە.........................٧٠
کارە بەشدارەکانی نووسین ......................................٧١
دەروازە بەناوی گروپەوە.............................................٧٣
نووسەرو نووسەری سەر بە دەستەیەك .............................٧٤
دەروازە بەناونیشان...................................................٧٥
بنەما تایبەتەکان ..................................................٧٦
نموونە لەسەر بنەما تایبەتەکان ................................٧٨
**بەشی چوارەم: پێڕستی بابەتی ........................................٧٩**
پێڕستی بابەتی...........................................................٨٠
ئامانجەکانی پێڕستی بابەتی............................................٨٠
هەنگاوە پراکتیکییەکانی پێڕستی بابەتی................................٨٣
بنەماکانی هەڵبژاردنی سەرەبابەت....................................٨٣
شێوەکانی سەرەبابەت...................................................٨٥
ناوداران وەك سەرەبابەت.............................................٨٩

بەش بەشکردنی سەرەبابەت.........................................٩٠
بەش بەشکردن لە بواری ژیننامـەدا.................................٩٤
بەش بەشکردنی زمانو ئـەدەبیات..................................٩٥
نیشانەکانی خاڵبەندیی بەکارهێنراو لەسەرەبابەتەکاندا..............٩٧
ئەو سەرەبابەتانەی دەکرێ زیادەیان بخرێتە سـەر..................٩٧
رێنیـــشاندان .......................................................٩٩
رێنیشاندانی بڕوانـە..................................................٩٩
رێنیشاندانی دووبارە بڕوانە ........................................١٠٠
رێنیشاندانی گـشتی ..................................................١٠١
**بەشی پێنجەم: شێوەکانی پێڕست....................................١٠٣**
شێوەکانی پێڕسـت ....................................................١٠٤
پێڕستی تایبـەت......................................................١٠٤
پێڕستی ناوەنـدیی.....................................................١٠٤
پێڕستی شیکاریی.....................................................١٠٦
پێڕستی هەرەوەزیی ..................................................١٠٧
پێڕستی سنووردار ...................................................١٠٨
پێڕست لەکاتی بڵاوکردنەوەدا........................................١٠٩
پێڕستی ئەلیکترۆنی ...................................................١١١
**بەشی شەشەم/ کارتەکانی پێڕست ..................................١١٣**
کارتەکانی پێڕست .....................................................١١٤
کارتی سـەرەکیی......................................................١١٤
کارتە زیادەکـان .......................................................١١٤
کارتە شیکارییەکان ....................................................١١٥
کارتەکانی رێگا نیشاندان.............................................١١٥
کارتی یـەکگرتوو......................................................١١٦
دوورییەکانی کارتی پێڕسـت..........................................١١٦
**بەشی حەوتەم : بنەماکانی رێکخستنی دەروازە لە پێڕستەکاندا........١١٩**
بنەماکانی رێکخستنی دەروازە لە پێڕستەکاندا.......................١٢٠
بنەماکانی ریزبەندیی دەروازەی نووسـەران..........................١٢١
بنەماکانی ریزبەندیی دەروازەی ناونیشانەکان .....................١٢٦
ریزبەندیی دەروازەی سەرچـاوەکان ................................١٢٩

نموونەی جیاواز لەکارتەکانی پێڕست..............................١٣٢
**بەشی هەشتەم : ئامادەکردنی پێڕست لە ژینگەیەکی ئەلیکترۆنیدا...١٣٧**
ئامادەکردنی پێڕست لە ژینگەیەکی ئەلیکترۆنیـدا .................١٣٨
گەشەکردنی پێڕست لە ژینگەی ئەلیکترۆنیدا.......................١٣٩
پێڕستی میکـانیکی ...............................................١٤١
خزمەتگوزارییـەکانی پێڕسـت.......................................١٤٤
سیستمی پێڕسـت ..............................................١٤٥
خەسڵەتەکانی زمانی عـەرەبی ...................................١٤٦
بەکارهێنانی پێڕستو دەروازەکان لەسەر ئینتەرنێت.............١٤٧
هەڵبــژاردن ......................................................١٥٠
وەسـف.........................................................١٥١
گرتنە خۆو خستنەڕووی زانیارییەکان..............................١٥٤
کۆتـایی.........................................................١٥٥
سەرچـاوەکان....................................................١٥٧
چاپکراوەکانی وەرگێـڕ.............................................١٥٩